زمانی

# نووسینی ڕێزماندار



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# زمانی
# نووسینی ڕێزماندار

د. شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریکار



ناوی کتێب: زمانی نووسینی ڕێزماندار
نووسینی: د. شێرکۆ بابان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٣٣
هەڵەگری: کارزان کانەبی
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر، ژمارە ٩٣٨ی
ساڵی ٢٠٠٨ی پێ دراوە

# گوتەیەک

لە ئاستی زمانی نووسیندا، هەندێک پەرپووتی و هەندێک پاشاگەردانی هەیە، کە ناشێت و کە نابێت وا بەسووک و ئاسان بەسەریاندا بڕۆین و هەستیان پێ نەکەین. بێ گومان ئێمە هەموومان بەرپرسیارین لە ئاستی ئەو ئاریشەنانەدا و دەبێت دەست بپارێزین و نەهێڵین نابووتی و پەرپووتی دەربکەوێت بەئارایشتی زمانی نووسینەوە. بۆ نموونە، نابێت ڕوخساری ئامرازەکانی پەیوەندی نابووت بکەین، وەک ڕێنووسنەکردنی دەنگی (د) لە ئامرازەکانی (لە.... دا، تێ .... دا، بە .... دا، پێ .... دا)دا. یان، نەلکاندنی پارچۆلکەی (دا) بەو وشەیەوە کە کەوتووەتە پێشەوەی.

لە نووسینی زۆربەی نووسەراندا ئەم پەرپووتییە هەیە، بەڵام هەندێکیان وەک بێ ئاگا ڕەفتار دەکەن و هەندێکی تر هەر دەڵێیت بەدەستی مەبەست ڕوخسارە سواوەکان تۆمار دەکەن. بۆ نموونە، نووسەر هەیە دەنگی (ت) تۆمار ناکات لەم ڕستانەدا (دەچێت، دەکات، دەڕوات، دەخوات،....) و نووسەرانی تریش هەیە کە بەهەوردی و بەسفتی تۆماری دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکی تر هەیە بەبێ منەتی، یان بەبێ ئاگایی جارێک دەنگی (ت) تۆمار دەکات و جارێکی تر تۆماری ناکات. واتە، تۆمارکردنی دەنگی (ت) دەخاتە سەرباری هەڕەمەکی و بەهیچ جۆرێک نەبیری لێ دەکاتەوە و نەبیر لە ڕێزمانەکەی دەکاتەوە.

بەداخەوە، تەکنیکی کۆمپیوتەر لە بەردەستدایە، بەڵام هیچ کەڵکمان



لێ وەرنەگرتووە، کە دەشێت کێشەکانی زمانی نووسینی پێ چارە بکەین، بەڵام بەپرۆگرامێکی بلیمەت و زرنگ، کە بتوانێت گشت وشە و دەستەواژە نارێکەکان دیاری بکات و ڕاستیان بکاتەوە. بێ گومان، جۆرە پرۆگرامی ئاوها سفت و سۆڵ کاری گەورەی پێویستە و دەشێت تیمێکی گەورە تێیدا ئیش بکات، وەک چۆن بۆ میللەتانی تر ئامادە کراوە. بێ گومان جۆرە پرۆگرامی ئاوها (بژارکەر)، خزمەتێکی گەورە پێشکەش دەکات و وا دەکات کە زمانی کوردیش وەک زمانی گشت بەندەی سەر زەوی کەڵک لە کۆمپیوتەر وەربگرێت.

لەم گۆشەنیگایەوە، زۆربەی ئەو کێشانەی کە لەم کتێبەدا تۆمار کراون، دەشێت پرۆگرامرێژ بکرێن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بژار بکرێن. تەنانەت ئێمە زۆر کەڵکمان وەرگرتووە لە تەکنیکی کۆمپیوتەر بۆ ڕێنووسی زاراوەکان و بۆ هەندێک دەستەواژەی دووبارە. بەداخەوە چاوی بیری ئێمە گشت ئەو کێشانە دەبینێت و دەتوانێت سەرەتایەک دیاری بکات بۆ چارەسەریان، بەڵام ئەو بوارەمان بۆ نەرەخسێنراوە کە ئیشی لەسەر بکەین و گەردنی خۆمان ئازاد بکەین لەو ئەرکەی کە لە سەرمانە. بەداخەوە، خۆمان بۆ ئەو ئەرکە ئامادە کردووە و خۆمان دروست کردووە، بەڵام (خانی) گوتەنی (کەسادە بازاڕ) و ئێمەش دەبێت بەو نکەوە بمرین.

سەبارەت بەڕیزبەندی بابەتەکان، ئێمە بەپێی ساڵی نووسین و بڵاوکردنەوەیان ڕیزمان کردوون، چونکە لەو ماوەیەدا، ڕۆژ بەڕۆژ بیر و بۆچوونەکان گۆڕاون و بەرەو پوختی پێشکەوتوون.

١

# پێنج پێشنیاز بۆ زمانی ڕۆژنامەگەری

## ١- دەستپێک:

ئەوەی لەم نووسینەدا پێشنیاز کراوە تەنها ئەو زمانی نووسینە دەگرێتەوە کە ئێستا لە برەودایە و دەیان ڕۆژنامە و دەیان گۆڤار و سەدان کتێبی پێ دەردەچێت. ئەو زمانەی کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕووبەرەکەی بەرینتر دەبێتەوە و بڕشتی زۆر دەکات. یان ئەو زمانە وا پەرە دەستێنێت بەهێزی (بەکارهێنان)، لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و بێژەران و بوێژان و نووسەرانەوە. ئەو پێنج پێشنیازەش کە لێرەدا ڕیزکراون، بریتین لە (مشتێک لە خەروارێک). لەم ڕووەوە، دەیان و سەدان پێشنیاز تۆمار کراون و لە داهاتوودا بڵاویان دەکەینەوە. لە لایەکی ترەوە ئێمە بە دانسقەیی ئەو پێنج خاڵەمان هەڵبژاردووە لەبەر ئەم هۆیانە[١]:

یەکەم: ئەو پێنج خاڵە زۆر دووبارە دەبنەوە لە نووسیندا و لەوانەیە چەندین جار لە لاپەڕەکی نووسراودا دەربکەون. واتە ئەو هەڵانە بەرفراوانن و خاڵی نوختەیی و بچووک نین کە تەنها لە ڕێزمانی کارێکدا یان لە سووچێکی وتارێکدا دووبارە ببنەوە.

دووەم: ئەو پێنج خاڵە، وەک گشتین و زۆر بەربڵاون، لە بەر پێنووسی هەموومان زۆر سادە و ساکارن، چی بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندن

(١) کەڵکێکی زۆر گەورە و بەپێز وەرگیراوە لە بیروبۆچوونە زانستییەکانی دکتۆر مـحەمەد مەعرووف فەتاح لە سەرچاوەی(٣)دا. ئەو کەڵکەش ڕەنگە دیاری نەکرابێت بەڵام تەریبە لەگەڵ بیروبۆچونەکانی نێو ئەم نووسینە. لەگەڵ رێز و سوپاسدا بۆ مامۆستای بەڕێز.



و چی بۆ پیادەکردن و چەسپاندن لە زمانی نووسیندا.

سێیەم: ئەو پێنج خاڵە کاتێک کە (دەقێکی نووسراو) ئارایشت دەکەن کالآیەکی ڕێزمانی دەکەنەبەری. جۆرە دەقی ئاوها هەر بەئاشکرایی ڕووی ئەوەی دەبێت کە لەسەر ڕەفەکانی مێژوو بپارێزرێت.

چوارەم: زۆر لە ڕۆژنامەنووسان و[٢] لە نووسەران ئەو پێنج خاڵەیان ڕەچاو کردووە و لە پێش ئێمەوە هەنگاویان ناوە. ئەمەش دەبێت بەپشتگیرییەک بۆ ئەم بۆچوونانە.

پێنجەم: ئەو پێنج خاڵە، وەک لە پێشتردا باس کرا زۆر بەربڵاو و زەق و ئاشکران، پێویست بە لێکۆڵینەوەی زانستی و بە بڕیاری باڵا ناکەن. واتە هەموو کەسێک بەجوانی و بەساکاری دەتوانێت بارەخوارەکە ڕاست بکاتەوە.

شەشەم: لەو پێنج خاڵەدا کەم و زۆر بابەتێک هەیە کە ببێت بە کشتەک. ئەو بابەتەش بریتییە لە پڕکردنەوەی جێگا چۆڵکراوەکان، واتە لۆچ بڕین لە نموونەکان بۆ ئەوەی هیچ پڕ و پارچە و پاشپرتێک نەکرتێت و بەئاسانی بێ بایەخ نەکرێت[٣].

بەم چەشنە، بەم بیروبۆچوونەوە ڕوو لە کێشەی زمانی نووسین دەکەین و پێنج پێشنیازی بەجێ پێشکەش دەکەین.

(٢) لەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە دیاردەیەکی دڵخۆشکەر هەیە و بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی (برایەتی)دا کە وتارێک بڵاو کرابووەوە لەسەر ئەو جۆرە کێشانەی کە لە نێو ئەم نووسینەدا باس دەکرێن (سەرچاوەی ٤). بەڕاستی ئەو وتارە لە جێی خۆیدا بوو و پەیامی دڵسۆزی هەڵدەگرت لە ناخی ڕۆژنامەنووسانەوە.

(٣) واتە، کێشەکان لە هەر پێنج خاڵەکەدا هەر لە دەوری ڕوخساری ڕەگەزەکان دەسووڕێنەوە کەواتە تەوەرەی باسەکە لەسەر ڕوخساری تەواوی ئەو ڕەگەزانەیە کە باس کراون.

## ٢- پاراستنی ڕوخساری جێناو

زۆر جار لە ڕێژەدا ڕوخساری جێناو تێک دەدرێت و پیتی (ت) ڕێنووس ناکرێت. ئەوەش لەبەرئەوەی لە هەندێک ژینگەدا دەنگی (ت) سووک دەکرێت لە گۆکردندا یان گۆ ناکرێت. لەم ڕوانگەیەوە و بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە، دەتوانین هەردوو پۆلە جێناوەکەی زمانەکە وەربگرین کە بریتین لە[٤]:

| پۆل | جێناو | نموونە |
|---|---|---|
| پۆلی یەکەم | (م) | من دەکەو (م) |
| | (یت) | تۆ دەکەو (یت) |
| | (ێت) | ئەو دەکەو (ێت) |
| | ئێمە دەکەو (ین) | (ین) |
| | (ن) | ئێوە دەکەو (ن) |
| | (ن) | ئەوان دەکەو (ن) |
| پۆلی دووەم | (م) | ئەو دە (م) گرێت |
| | (ت) | ئەو دە (ت) گرێت |
| | (ی) | ئەو دە (ی) گرێت |
| | (مان) | ئەو دە (مان) گرێت |
| | (تان) | ئەو دە (تان) گرێت |
| | (یان) | ئەو دە (یان) گرێت |

(٤) لە سەرچاوەی (١)دا بەوردی باسی ئەو دوو گرووپە جێناوە کراوە.



لە ڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە پۆلی یەکەم لە ڕێژەی ڕانەبردوودا دەبێت بە (بکەر) و پۆلی دووەم دەبێت بە (بەرکار). بەڵام لە ڕێژەی ڕابردوودا بەزەبری (میکانیزمی وەرچەرخان)[٥] ئەو دوو پۆلە، ئەو دوو ئەرکە ڕێزمانییە ئاڵوگۆڕ دەکەن.

سەبارەت بە زمانی نووسین و بە زمانی ڕۆژنامەنووسان لە پۆلی یەکەمدا کێشە هەیە بەڵام لە پۆلی دووەمدا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نییە کە بگاتە سەر پەڕەی نووسین. کەواتە ڕوو لە پۆلە جێناوە کێشەدارەکە دەکەین و ئەم خاڵانە تۆمار دەکەین:

یەکەم: لە هەندێک ناوچەدا، یان لە هەندێک باردا جێناوی (یت) بە ڕوخساری (ی) دەردەکەوێت لەبەرئەوەی دەنگی (ت) سووک دەکرێت لە گۆکردندا، وەک:

تۆ دەکەو (یت) ← تۆ دەکەو (ی)

تۆ دەخۆ (یت) ← تۆ دەخۆ (ی)

ئەم سووککردنە کە کۆئەندامی ئاخاوتن پیادەی دەکات، وا لە نووسەران دەکات کە جێناوی (یت) بە (ی) بنووسن، کەچی هەر خۆیان و لە هەمان جێدا و لە هەمان لاپەڕەدا و یان لە هەمان دێڕدا پەنا دەبەنەوە بەر ڕوخساری (یت) و بە ڕوخساری تەواو دەینووسن، بۆ نموونە لەم هەلومەرجەدا دەگەڕێنەوە بۆ سەر باری ڕاستی ڕوخساری جێناوەکە[٦]:

(٥) لە سەرچاوەی (٢)دا بەجوانی و بەوردی ئەو میکانیزمە باس کراوە و پەی براوە بەنهێنییەکانی لە ڕستەسازیدا.

(٦) لە سەرچاوەی (١) ئەو دیاردانە بەفراوانی باس کراون.

١– هەبوونی پاشگری دووپاتکردنەوە (ەوە) وەک:

تۆ دەکەو (ی) + ەوە ← تۆ دەکەو (یت)ەوە

٢– ئامرازی پەیوەندی (ە)، وەک:

تۆ دەکەو (ی) +ەدەرەوە ← تۆ دەکەو (یت)ە دەرەوە

٣– ئامرازی پەیوەندی (ێ)

تۆ دەگە (ی) پێم ← تۆ دەم گە(یت) ێ

دووەم: بەهەمان شێوەی خاڵی یەکەم جێناوی (ێت) دەکرێت بە (ێ) و دەنگی (ت) گۆ ناکرێت لە هەندێک باردا. لە بەرانبەردا، لە هەندێک باری تردا بە ڕوخساری تەواوی (ێت) دەنووسرێت، وەک:

١– پاشگری دووپاتکردنەوە (ەوە)

ئەو دەکەو (ێ) + ەوە ← ئەو دەکەو (ێت)ەوە

٢– ئامرازی پەیوەندی (ـە).

ئەو دەکەو (ێ) + ـەدەرەوە ← ئەو دەکەو (ێت)ە دەرەوە

٣– ئامرازی پەیوەندی (ێ)

ئەو دەگا پێی ← ئەو دەی گا (ت) ێ

بەرانبەر بەوەی گوترا، دەتوانین بڵێین:

* تەنها دوو جێناو کێشەدارن لە زمانی نووسیندا کە بریتین لە جێناوی (یت) و (ێت) لە پۆلی یەکەم.
* ئەو دوو جێناوە هەر چەندە کە دەنگی (ت) فڕێ بدەن، بەڵام کاتێک کە دەخشێن لە ڤاوڵێک (بزوێنێک) خۆیان ڕاست دەکەنەوە.
* باشە، ئەگەر ئەو دەنگە زیادەیەکی ڕێزمانییە ئەدی بۆچی دەنگێکی



تر دەرنەکەوت بۆ ناوگرایەتی.

* ئەدی بۆچی بارکردنی لە ڕێژەیەک، وەک:

ئەو دەکەو (ێ): تۆ دەکەو (ی).

هیچ کێشەیەک دروست ناکات، وەک:

ئەو دەکەو (ێت): تۆ دەکەو (یت)

بەئاشکرا دیارە کە ئەو بارکردنە هیچ ناگۆڕێت لە واتا و باری ڕێزمانی ئارایشت دەکات.

* یان، ئەگەر دەنگی (ت) بەشێکی ڕەسەن نییە لە جێناوەکە و زیادەیە، ئەدی بۆچی بەبێ ڕەگەزی دووپاتکردنەوە (ەوە) و یان ڕەگەزی (ـە) و ڕەگەزی (ێ) هیچ کێشەیەک نانێتەوە. لە بەرانبەردا ئەگەر دەنگی (ت) زیادە بووبا دەبا لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا بهاتبا کە داوای ئەو زیادەیە دەکەن نەک بەتەنهایی.
* ئێستاش ڕوو لە نووسەران دەکەین و دەڵێین کە جێناوی (ت) لە پۆلی دووەمدا سووک دەکرێت وەک:

تۆ نارد(ت) ← تۆ نارد(i)

ئەدی بۆچی لە نووسیندا دەنگی (ت) لا نابەن؟

بەم چەشنە، دەبێت واز لەم گەمەیە بهێنین کە دەڵێیت بەدەستی دوژمن داڕێژراوە و بەدەستی خۆمان زمانەکە وێران دەکەین و ڕوخساری جێناوی (یت) و (ێت) تێک دەدەین.

## ٣- ڕوخساری ڕەسەنی ئامرازی پەیوەندی:

لە زمانەکەدا ئامرازێکی پەیوەندی هەیە لە چەشنی دەنگێکی بزوێن (ـە). ئەم کەرەستەیە دەتوانێت لە جێی زۆر لە ئامرازەکانی تر دابنیشێت. تەنانەت لە هەندێک باردا بەشێک لە ڕستەکە ئاودیو دەبێت بە هۆی ئەو ڕەگەزەوە، وەک:

– لە ڕستەیەکدا، وەک:

چوومە لای: چووم (ـە) لای.

دەتوانرێت بگوترێت:

چووم (بۆ) لای

– لە ڕستەیەکدا، وەک:

دەبێتە گوڵ: دەبێت (ـە) گوڵ، دەتوانرێت بگوترێت:

دەبێت (بە) گوڵ

– لە ڕستەیەکدا، وەک:

بەردەکەم گرت (ـە) دیوارەکە

دەتوانرێت بگوترێت:

بەردەکەم گرت (لە) دیوارەکە

ئەم دیاردەیە زۆر لە ڕێزمانونووسان هەستیان پێ کردووە و نموونەیان لەسەری ڕیز کردووە. بەتایبەتی مامۆستا (مەسعوود محەمەد). لە لایەکی ترەوە، ئەم گرفتە ئاژاوەیەک و پاشاگەردانییەکی گەورەی خستووەتە نێو زمانی نووسینەوە. تەنانەت هەر هەموومان هەڵە دەکەین تێیدا و لە جیاتی ڕێژەی سفت و ڕێزمانی ڕێژەی کەل و شاش ڕیز دەکەین. لەم ڕووەوە لە هەندێک جێدا ئامرازە ڕەسەنەکە



دەنووسین و لە هەندێک جێی تردا جێگرێک لە چەشنی (ـە) دادەنێین. بۆ نموونە لە کۆپلەیەکدا، وەک:

چووم (ـە) لای ئازاد و پێم گوت، بەرد مەگر(ە) پەنجەرەکە با نەبێت(ە) هەرا.

دەتوانین هەر سێ ئامرازی (ـە) بەئامرازە ڕەسەنەکان جێگیر بکەین، وەک:

چووم (بۆ) لای ئازاد و پێم گوت، بەرد مەگرە (لە) لە پەنجەرەکە با نەبێت (بە) هەرا.

ئێستاش، کە کۆپلەکە بەسفتی نووسراوە، ڕەنگە هەر خۆمان هەڵە بکەین لە نووسینەوەیدا، لە ئاستی یەکێک، یان دووان، یان هەرسێ ئامرازەکە. بەم چەشنە دەبینین کە ئامانجی زمانی نووسین ئەوەیە کە هەموو کەرەستەیەک بە ڕوخساری تەواوی خۆی بنووسرێت و ڕێزی ژینگە ڕێزمانییەکەش بگیرێت. لە لایەکی ترەوە، ئەم ڕەگەزە جێگرە تەنها هەر لە یەک دەنگی بزوێن پێک هاتووە و لە ڕیزی گوفتاردا داوای دەنگێکی نەبزوێن دەکات تا بتوانێت بڕگەیەکی تەواو دروست بکات و ڕووی ئەوەی هەبێت لەسەر زار دەربکەوێت. هەر لەبەرئەوە زۆر جار دەنگی کپ[٧] زیندوو دەکاتەوە بە بڕگەی (تە) یان (ڕە) دەردەکەوێت. یان ناوگرێک داوا دەکات بۆ ئەوەی بە بڕگەی (وە) و (یە) دەربکەوێت. پاشان، ئەم بڕگانە تێکەڵ دەبن و لێڵییە ڕێزمانییەکە خەستتر دەکەنەوە، وەک:

(٧) بۆ هەبوونی دەنگی خپ لە زمانەکەدا لە چەشنی (ت) و (ر) بڕوانە بۆ سەرچاوەی (٥).

بەرد مەگرە (رە) پەنجەرەکە

بەرانبەر بەم ڕستە ڕێزمانییە هەردوو بڕگەی (رە) ئاوێتە دەکرێن و ڕستەیەکی ڕەنجێنراو دەخەنە بەر نووسین، وەک:

بەرد مەگرە (ـ) پەنجەرەکە

بەرانبەر بەم ڕستەیە، دەتوانین ئامرازی (لە) بکەین بە سەربار و ڕستەکە ئارایشت بکەین و بڵێین:

بەرد مەگرە (لە) دیوارەکە

لێرەدا هەموو کەسێک دەزانێت لەو سێ ڕستەیەدا ڕستەی سێیەم لە هەر هەموویان ڕێزمانی ترەو شایستەی ئەوەیە کە ڤیزە وەربگرێت لە خاکی پیرۆزی زمانی نووسیندا. ئەگەرنا بۆچی ڕستەی سێیەم ڕەگەزی (لە)ی وەرگرت و بڕگەی (رە)یش نەما تێیدا.

سەبارەت بەلابردنی ئەو ئامرازە، ئێمە نەمانگوتووە کە بەتەواوی دەبێت زمانی نووسین و زمانی ڕۆژنامەگەری پاک بکرێتەوە لێی. ئێمە دەڵێین لەو جێیانەدا لاببرێت کەڕەسەن نییە و جێگرە و ئاژاوەدارە. بۆ نموونە، لە هەندێک جێدا ئەو ئامرازە ڕەسەنە و هیچ ئامرازێکی تر ناتوانێت بیسرێتەوە، وەک:

یەکەم: کاتێک کە دەکەوێتە پێش ئاوەڵکارێکی شوێن وەک (بەر، سەر، دەر، نێو، لا، پاش، پێش... هتد).

خستن (ـە) سەر: دان (ـە) بەر

کەوتن (ـە) پێش: چوون (ـە) نێو

دووەم: کاتێک کە دەکەوێتە پێش چاوگێک، وەک:



هاتن (ـە) کوشتن: کوژران

هاتن (ـە) نووسین: نووسران

یان، وەک:

هاتن (ـە) پژمین

کەوتن (ـە) کۆکین

ئێستاش سەرنجێکی ورد دەری دەخات کە ئەو ئامرازە بریتییە لە پاشگرێکی تەواوکەر بۆ (کار). پاشان، لەو نموونانەشدا کە (ئاوەڵکاری شوێن) نییە دەتوانرێت بکرێت بە سەربار. بۆ نموونە، لە هەر جێیەکدا کە ئەو ڕەگەزە ڕەسەن بێت دەتوانین ئاوەڵکارێک بکەین بە سەربار، وەک:

دەچێتە (ـــ) گیرفانەوە

دەچێتە (نێو) گیرفانەوە

بەم پێیە دەبینین کە ئارایشتکارییەکی زۆر گەورە و بەجێ دەبەخشین بە ڕوخساری زمانی نووسین ئەگەر نەهێڵین ئەم دوو دیاردەیە ڕوو بدەن.

یەکەم: قەدەغەکردنی دەرکەوتنی ئامرازی (ـە) وەک جێگر بۆ ئامرازێکی ڕەسەن لە چەشنی (بۆ، لە، بە).

دووەم: سەربارکردنی ئاوەڵکارێک لە پاش ئامرازی (ـە) لە هەر جێیەکدا کە ئامرازەکە ڕەسەن بێت و جێگرەوە نەبێت.

### ٤- خواردنەوەی دەنگی (د) لە ئامرازدا:

یەکێک لە کێشەکانی ڕوخساری ئامرازی پەیوەندی بریتییە لە خواردنەوەی دەنگی دال (د). بەداخەوە، هەندێک کەس لە نووسیندا

هەر دەڵێیت بەدەستی مەبەست زۆر لە خۆیان دەکەن کە ئەو دەنگە ڕێنووس نەکەن. ئەم کێشەیەش ئەم ئامرازانە دەگرێتەوە کە لە خوارەوە ڕیز کراون:

بە ـــــ دا: بە هەولێردا ←——— بە هەولێر (اس)

لە ـــــ دا: لە هەولێر (دا) ←——— لە هەولێر (ا)

پێ ـــــ دا: پێیا، پیا ←——— پیایا

تێ ـــــ دا: تێیا، تیا ←——— تیایا

بێ گومان، ئاشکرایە کە ڕوخسارەکانی (لە هەولێرا بە هەولێرا) پێیا، پیا، پیایا، تێیا، تیا، تیایا) بریتین لە باری چەواشە و سواو. ئەم جۆرە ڕوخسارانە و هی تریش کەم و زۆر راوێشکە دەکەن لە زمانی نووسیندا و بەتایبەتی لەنێو هەڵبەستدا. سەبارەت بە ڕوخسارەکانی تر (بە ـــــ دا، لە ـــــ دا، پێ ـــــ دا، تێ ـــــ دا)، ئێمە بەڕوخساری تەواو و پوختەیان دادەنێین و پێشنیاز دەکەین کە هەموو کەسێک بەکاریان بهێنێت لە زمانی نووسیندا، لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: کاتێک کە دەنگی نەبزوێنی (د) کلۆر دەکرێت، دوو دەنگی بزوێن (ـە) و (ا) یان (ێ) و (ا) لە یەکتری دەخشێن و کێشەیەکی دەنگسازی دروست دەکەن، چونکە قەوارەی برگەکە خاپوور دەکرێت. بەڵام پاراستنی دەنگی (د) وا دەکات کە ئەو ئاژاوە دەنگسازییە لە ڕیزەکەدا نەمێنێت.

دووەم: زۆر لە نووسەران، بەرەو ئەو ڕاستییە هەنگاویان ناوە و وا ئەو هەنگاوە ڕاست و دروستە دەچەسپێت. دەبا ئێمەش هاوبەشیان بین.



سێیەم: زۆر دوور نییە لە نووسینی نووسەرێکدا، ئەو هەموو ڕوخسارانە، چی دروست و چی نادروست، بەرچاو بکەون و پاشاگەردانییەکە دروست بکەن لە ماڵی زمانی نووسیندا.

چوارەم: دانان و دانانەوەی دەنگی (د) لە نموونەیەکدا وەک (پێیا: پێیدا) ئارایشتکارییەکی ڕێزمانی جوان دەبەخشێت بەنووسینەکە. ئەو ئارایشتەش زمانەکە یەک دەخات و بەرەو زمانی یەکگرتوو دەبات.

پێنجەم: لە بەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، دانانی ئەو دەنگە لە جێی ڕێزمانی خۆیدا هیچ گرفتێک دروست ناکات. بەپێچەوانەوە، زمانەکە جوانتر و ئارایشتدارتر دەکات. یان شتێک پەیدا دەبێت کە لە ڕەگەزی ڕێزمانی بچێت و بخرێتە نێو ئەلبوومی ڕێزمانی زمانی نووسین.

شەشەم: لە کلۆرکردنی دەنگی (د)دا دەنگی (ی) پەیدا دەبێت بۆ (ناوگرایەتی) ئەو دەنگە لەگەڵ دەنگی (ی) کە جێناوی کەسی سێیەمی تاکە، ئاوێتە دەبێت و زۆر جار لێڵییەکی ڕێزمانی، یان لێڵییەکی واتایی پەیدا دەبێت.

لە لایەکی ترەوە، دەتوانین چەند بارێکی نارێک نموونەرێژ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین هەندێک لە وردە کێشەکان بخەینە ڕوو، وەک:

یەکەم: بۆ نموونە، لە وشەیەکدا کە بە (بزوێن) کۆتایی هاتبێت، وەک (چیا)، لە جێی دالەکە ناوگری (ی) پەیدا دەبێت، وەک:

لە (چیا) دا ←——— لە (چیا) یا

لێرەدا، لە جیاتی ئەوەی کە بگوترێت، دەنگی (د) کلۆر کراوە و

پاشان ناوگری (ی) خوازراوە بۆ ئەوەی هەردوو بزوێنی (ا) لە یەکتر نەخشێن، یەکسەر دەتوانین بنووسین (لە چیادا) و ئەو پێچە دژوارە نەخەینە نێو ڕێزمانی زمانی نووسینەوە.

واتە: نە سەری بشکێنین و نە تیماری بکەین.

دووەم: لە نموونەیەکدا کە جێناوی (ی)ی هەڵگرتبێت، وەک:

بە (براکە) یا ◄——— بە (براکەی) دا

بە ئاشکرا دیارە دەنگی (ی) خوازراوە و ئەرکێکی تر سپێرراوە پێی بۆ ناوگرایەتی. ئەدی لێرەدا جوانتر نەبوو کە دەستدرێژی نەکەین لە قەوارەی ئامرازەکە و ڕێزمانە ڕوونەکەی جێناوی (ی) لێڵ نەکەین بە ناوگرایەتی.

سێیەم: ئەو ئامرازانەی کە دەنگی (د) هەڵدەگرن بریتین لە ڕەگەزێکی ستوونی و[٨] بە ناوەندەکەیان بارگە هەڵدەگرن و زۆر جار بارگەکە جێگۆڕکێ دەکات، بەڵام ئاژاوەیەک لە جێی خۆی بەجێ دەهێڵێت، وەک:

هیچ (ی) تێ ——— یا نییە

هیچ (ی) تێ ——— دا نییە

لە بەراوردی ئەم دوو نموونەیەدا دەردەکەوێت کە لە جێگۆڕکێدا ڕوخساری تەواوی (تێ ــ دا) بێ کێشەترە و بەشێوەیەکی جوانتر و لە بارتر دەکەوێتە بەر مەکینەی ڕێزمانی زمانەکە چونکە دەنگی (ی) ئاوێتە ناکات.

(٨) لە سەرچاوەی (٦)دا بەوردی باسی ڕەگەزە ستوونییەکانی زمان کراوە.



بەم چەشنە، ڕوو دەکەین لە نووسەران بەگشتی و لە ڕۆژنامەنووسان بە تایبەتی و دەڵێین، دەنگی (د) پڕ بەدەم بنووسن لە ڕوخساری ئامرازدا و با فەرمانی زمانی نووسین نەکەوێتە بەر ڕەشەبای پەرپووتی بەدەستی خۆمان.

### ٥- فەرامۆشکردنی ڕەگەزی (ب)ی بەردەوامی:

لە هەموو نووسینەکانی ئێمەدا خانەی [+١] تەرخان کراوە بۆ ڕەگەزی بەردەوامی لە پلیکانەی کاردا. ئەو خانەیەش تەنها و تەنها دوو بارگە هەڵدەگرێت، یان چۆڵ دەبێت. ئەو دوو بارگەیەش بریتین لە:

یەکەم: بارگەی [دە] بۆ ڕستەی ئاشکرا، وەک:

من [دە] خەوم

من [دە] خەوتم

دووەم: بارگەی [ب] بۆ ڕستەی نیاز و گومان، وەک:

ڕەنگە من (ب) خەوم

با من (ب) خەوم

لەم ڕووەوە، لەو دوو بارگەیە بترازێت خانەکە بەبۆشی دەمێنێتەوە. لە بەرانبەردا، ئەو دوو بارگەیە، هەر یەکێکیان کێشەی خۆی هەیە لە زمانی نووسیندا، وەک:

یەکەم: بارگەی [دە]: ئەم بارگەیە بە هیچ جۆرێک لە ناو نابرێت بەڵام زۆر جار دالەکەی کلۆر دەکرێت و بەڕوخساری [ئە] دەینووسن. ئەم کێشەیە کۆتایی هاتووە و ئێستا زۆربەی زۆری نووسەران بەڕوخساری [دە] دەنووسن. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا

هەندێک کەس هەر سەرپێچی دەکات و نایەوێت لەگەڵ ڕووکاری کاروانەکەدا بڕوات.

دووەم: بارگەی [بـ]: ئەم بارگەیە کێشەی زۆر زۆرە، وەک:

١– لە هەندێک جێدا هەر بە ناهەق ڕێنووس ناکرێت، وەک:

با هەڵ (بـ) گرم: با هەڵ (ــ) گرم

٢– لە هەندێک ژینگەدا ئاوێتـە دەبێت لەگـەڵ ڕەگـەزی نەرێ (نـە) لە خانەی [+٢]دا وەک:

با هەڵ نە (بـ) گرم: با هەڵ (نە (ــ) گرم

٣– لە هەندێک جێدا بە ناچاری و بەبێ گرفت دەنووسرێت، وەک:

با (بـ) خەوین: با (بـ) کەوێت

با نان (بـ) خوات: با (بـ) ڕواتەوە

٤– ئەم ڕەگەزە لە ڕێژەی فەرماندا هـەر بەڕوخساری (بـ) دەردەکەوێت بەڵام لە نەرێدا کە ئاوێتە دەبێت بارگەیەکی دوو ڕەگەز لە چەشنی (مە) پەیدا دەبێت:

تۆ (نە) (بـ) گرە: تۆ (مە) گرە

ئێوە (نە) (بـ) خەون: ئێوە (مە) خەون

لە بەرانبەردا، لە زۆر جێدا ئەو دەنگە فەرامۆش دەکرێت، وەک:

تۆ هەڵ (بـ ) گرە: تۆ (هەڵ (ــ) گرە

ئێوە دا (بـ ) نیشن: ئێوە دا (ــ) نیشن

سەرنجێکی ورد لەو نموونانە دەری دەخات کە هەندێکیان لەنگ و لارن و پێویست بەپڕکردنەوە دەکەن بە بارگەی (بـ). یان هەندێکیان باری ئاوێتەبوونی ڕێزمانی هەڵدەگرن و کەوتوونەتە سەر ڕێچکەی



یەکبوون. لە ڕاستیدا هەندێک لە نموونەکان دەکەونە بەر دەستتێوەردان و دەستی تێکدان دەخەنە نێو زمانی نووسینەوە. بۆ نموونە لە دەقێکدا دەتوانین هەردوو نموونەی (هەڵگرە) و (هەڵبگرە) ببینین بەپێی هەوەسی نووسەرەکە. یان لە نووسینێکی ئاساییدا ڕەنگە بەبێ مەبەست هەردوو نموونەکە دەربکەون. سەبارەت بەزمانی نووسین و زمانی ڕۆژنامەنووسان، ئێمە لەگەڵ ئەم بێ بارییەدا نین و هەموو کاتێک لەگەڵ ئەوەداین کە ڕەگەزی (بـ) بەجوانی بنووسرێت. ئەوەش بە تەریبی لەگەڵ ئەو بارانەدا کە بەناچاری ڕێنووس دەکرێت. بەبۆچوونی ئێمە، تەنها و تەنها ڕەگەزی نەرێ (نە) بۆی هەیە ئەو ڕەگەزە دابپۆشێت لە ڕانەبردوو و لە فەرماندا. ئەگەرنا لە هەموو جێیەکی تردا دەبێت ئەو دەنگە ڕێنووس بکرێت. ئەمەش زمانەکە دەخاتە سەر ڕێچکەی یەکبوون.

### ٦- فەرامۆشکردنی دەنگی (ک):

زۆر جار پیتی (ک)، لە کەرەستەی (ێک)دا، لە نووسیندا فەرامۆش دەکرێت، لەبەرئەوەی لە ئاخاوتنی ناوچەییدا گۆ ناکرێت. ئەو کەرەستەیە بڕگەیەکی ناتەواو دروست دەکات لە چەشنی (ێک) کە بە هەموو نرخێک داوای دەنگێکی (نەبزوێن) دەکات بۆ ئەوەی خۆی پڕ بکاتەوە. سەبارەت بەدەنگی (ک)، ئەو دەنگە زۆر جار گۆ ناکرێت، وەک:

هەندێ جار: هەندێک جار

یەک کەسێ: یەک کەسێک

یەک جارێ: یەک جارێک

ڕۆژێ لە ڕۆژان: ڕۆژێک لە ڕۆژان

کەرەستەی (ێک) بەڕوخسار جیاوازە لە وشەی ژمارە (یەک) کە بڕگەیەکی پتەو و ڕێکوپێک دەبەخشێت، لە چەشنی:

یـ : ـە : ک ◄—— CVC

لە ڕەسەندا کەرەستەی (ێک) بریتییە لە پارچەیەکی پاشکۆیی لە ژمارە (یەک) کە بە ناوەندەکەی بارگەیەک هەڵدەگرێت، وەک:

یەک (...) ێک: یەک (ڕۆژ) ێک

ئەم ڕەگەزە لێرەدا ژمارەی (یەک) و سیمای (نەناسی) دەبەخشێت بە بارگەکەی کە بریتییە لە وشەی (ڕۆژ). لە لایەکی ترەوە کاتێک کە ڕەگەزی (ێک) لە ژمارە (یەک) دەبێتەوە، ئەوا سیمای (نەناسی) لادەچێت بەڵام کاتێک کە دەلکێت بە ژمارەیەکی ترەوە ئەو سیما (نزیکایەتی: التقریب) دەبەخشێت، وەک:

سێ، چوار (کەس) ێک

دوو هەزار (کەس) ێک

سەد (کەس) ێک

سەبارەت بەکێشەی زمانی نووسین لە هەموو ئەو بارانەدا دەنگی (ک) خپ دەکرێت بەهەڕەمەکی. واتە لە هەندێک باردا ڕێنووس دەکرێت و لە هەندێک باری تردا ڕێنووس ناکرێت، وەک:

یەکەم: زۆر جار بەناچاری دەبێت کافەکە بنووسین، وەک:

من (هیچ کەسێک)م نەبینی

ئەو (دە کەسێک)ی ناردبوو



یان:

لە (کەسێک)ەوە بۆ (کەسێک)ی تر

دووەم: زۆر جار ڕێزمانەکە دەشێوێنرێت لەپێناوی گۆنەکردنی دەنگی (ک)، وەک:

کچێ جوان: (کچێک)ی جوان

لەم نموونەیەدا ڕەگەزی بار و سەربار (ی) فەرامۆش کراوە و ئەوەش بووە بەهۆی گۆنەکردنی دەنگی (ک) لە ڕەگەزی (ێک)دا. هەر لەبەرئەوە (کچێکی جوان) بووە بە (کچێ جوان).

سێیەم: لەبەر ڕووناکی خاڵی دووەم، ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە بەدوای جۆرە نموونەی ئاوها بگەڕێین لە بەرهەمەکانماندا، ئەوا دەبینین کە هەر هەموومان تاوانبارین و پاشاگەردانییەکی گەورەمان بەخشیوە بە زمانی نووسین، بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین. ئەمەش لەبەرئەوەی یەک ڕێچکەیەک ناگرین لە نووسیندا و لە هەندێک جێدا کافەکە ڕێنووس دەکەین و لە هەندێک جێی تردا کەم و زۆر ڕێنووسی ناکەین. ئەم کێشەیە زۆر لە (هەڵبەست)دا بەربڵاوە لەبۆ ئەوەی کە ژمارەی بڕگەکان کەم و زۆر بکرێت و کێشی دێڕەکە بپارێزرێت. بەم چەشنە ئێمە نابێت لە نووسیندا پشت ببەستین بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و دەبێت ئەو دەنگە ڕێنووس بکەین. چونکە ئەو کردەوەیە ئارایشتێکی ڕێکوپێک و یەکخراو دەبەخشێت بە بووکی زمانی نووسین. ئەو بووکەی کە هەر هەموومان گۆرانی بۆ دەڵێین.

### ٧- بەرەنجام و لێکدانەوە

لە بەرەنجامی ئەم نووسینەدا دەتوانین لە چەند خاڵێک بدوێین و لێکیان بدەینەوە، بەم چەشنە:

* هەندێک لە ڕێزماننووسان دەنگی (ت) فەرامۆش دەکەن لە ڕوخساری جێناوی (یت) و (ێت)دا، کەچی بەرانبەر بەم کەتنە گەورەیە لە هەمان جێدا هەر خۆیان خۆیان ڕاست دەکەنەوە و دەنگی (ت) فەرامۆش ناکەن. پاشان پاساوێک بۆ ئەو دەرکەوتنە دەهێننەوە، کە ئەو دەنگە ڕەسەن نییە و زیادەیەکی ڕێزمانییە. لە هەڵوێستێکی ئاوهادان ئایا جوانتر نەبوو کە واز بهێنن لەم کوێرەوەرییە و بەئاشکرا و بە ڕوونی بڵێن، ڕوخساری ئەو دوو جێناوە بریتییە لە (یت، ێت).
* لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، ئەدی ئەو ڕێزماننووسانە بۆچی داکۆشان ناکەن لە جێناوی (ت) لە پۆلی دووەم کە لە ئاخاوتندا سووک دەکرێت، یان بەدەنگی واو گۆ دەکرێت وەک:

باوکت ←——— باوک (i) ←——— باوک (وو)

لێرەدا، وەک جێناوەکە هەر بەیەک دەنگ ڕێنووس کراوە، ڕێی ئەوە نەماوە کە نابووتی بکەین لە زمانی نووسیندا. هەر لەبەرئەوە، دەنگی (ت) پڕ بەدەمی پێنووسەکە دەنووسرێت. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا کێشەی گۆنەکردنی دەنگی (ت) لەم جێناوەدا پڕ بە پڕ یەکسانە بە کێشەی گۆنەکردنی دەنگی هەمان دەنگ لە جێناوی (یت و ێت)دا. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەگەر بزوێنی بزرۆکە(i) ڕێنووس بکرابا، ئەوا ئەم جێناوەشیان نابووت دەکرد. ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو جێناوە،



کە بەرەو دەنگێک دەچێت لە چەشنی (و):

تۆ نووسیـ (ت) ←——— تۆ نووسیـ (و)

من دە (ت) گرم ←——— من دە (و) گرم

براکە (ت) ←——— براکە (و)

خۆزگە، وەک چۆن ڕوخساری جێناوی (ت) دەپارێزرێت، هەر ئاوهاش ڕوخساری جێناوی (یت) و (ێت) دەپارێزرا، لە لایەکی ترەوە کردەوەی ئاوها، وا دەکات کە دوو لاڕوخسار (ئەلەمۆرف) هەبێت بۆ ئەو دوو جێناوە، وەک (یت، ێت) و (ی، ێ). ئەمەش خۆی لە خۆیدا، سەرچاوەی ئاژاوەیە لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: دەنگی (ی) دەچێتەوە سەر جێناوی ڕەسەنی کەسی سێیەمی تاک (ی) ئەمەش زمانەکە پەڕپووت دەکات.

دووەم: دەنگی (ێ) دەچێتەوە سەر (ێ) ڕوودان کە لەگەڵ هەموو ڕێژەیەکی تێنەپەڕی ئەڵفیدا هەیە لە ڕانەبردوودا. ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئەم ڕووبەرە زۆر گەورەیە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەری (بکەر نادیار)یش دەگرێتەوە بەتەواوی.

سێیەم: بەپێی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە جاری وا دەبێت کە ڕوخساری جێناوەکە بەتەواوی ون ببێت لە ڕیزەکەدا چونکە دەنگی (ت) لە ئارادا نابێت و دەنگەکەی تریش ئاوێتە دەبێت، وەک:

ئەو دەنووسرێ (ێت)، ئەو دەنووسرێ (ــ)

ئەم نموونەیە وا لە هەندێک ڕێزماننووس دەکات کە بڵێن، جێناوی (ێت) هەر نییە لە زمانەکەدا، یان بریتییە لە مۆرفیمێکی نادیار.

* لە نموونەیەکدا وەک (تۆ هەڵبگرە)ن بۆچی دەنگی (ب) ڕێنووس

نەکەین. ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا کە لە هەندێک ناوچەدا و لەو ژینگە تەسکەدا گۆ ناکرێت. بەرانبەر بەم کێشەیە ئێمە دەڵێین دەبێت جیاوازییەک هەبێت لە نێوان (زمانی ئاخاوتن) و (زمانی نووسین)دا، چونکە گومان لەوەدا نییە کە زاری ناوچەیی یەکجار زۆرە و بەڵام (زمانی نووسین) هەریەک زاراوە و یەک ڕێزمانە.

* سەبارەت بە ڕوخساری ئامرازی (ـە) کە لە جێی ئامرازەکانی تر (لە، بە، بۆ) دەردەکەوێت، ئەمەش کارێکی زۆر نارەوایە لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: کە ئامرازە ڕەسەنەکە خۆی هەبێت، ئەی بۆچی پەنا ببەین بۆ جێگرەوەکەی.

دووەم: ئامرازی (ـە) لە یەک بزوێن پێک هاتووە و ئاژاوەی دەنگسازی دەنێتەوە و داوای ناوگر دەکات و ژینگەکە لێڵ دەکات.

سێیەم: ئەگەر بەوردی لەم کێشە بکۆڵینەوە لە دەقێکی نووسراودا، دەبینین کە چۆن نووسەرەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئەمبەر و ئەوبەر دەکات چونکە، چۆن بکەوێتە بەر پێنووسەکەی هەرئاوها دەینووسێت.

چوارەم: ئامرازی (ـە)، بریتییە لە پردێک لە نێوان (کار) و (ئاوەڵکار)دا و دەبێت ئەرک و برشتی بپارێزێت لە زمانی ڕێزماندا.

* زۆر جار، هەموو ئەو پێشنیازانە لە یەک دێڕدا کۆ دەبنەوە، وەک:

(کەسێ دڵسۆز کە ئەوەندە خەم هەڵگرێت لە ئەنجاما دەبێتە مامە خەمە).

ئێستاش ئەگەر ئەم نموونە ڕاست بکەینەوە، دەبێت بە:



(کەسێـ کـِـی دڵسۆز کە ئەوەندە خەم هەڵـِگر ێـ تـِ لە ئەنجامـ دا ـِ دەبێت بـِە مامە خەمە).

پاشان ئەگەر ئەو دوو بارە جیاوازە بەراورد بکەین، دەبینین کە ڕستەی دووەم شایستەی ئەوەی هەیە کە بکرێت بە دیاری بۆ زمانی نووسین. باشە ئەو دەنگانە بۆچی پڕ بە دەم و پڕ بە ڕێزمان نەیاننووسین. بێ گومان ئەگەر وا نەکەین هەموو ڕەگەزە ڕێزمانییەکان پەرپووت دەبن و شتێک نامێنێتەوە کە ناوی بنێین (ڕێزمان). ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو کەسەی ئەم پەرپووتییە پەسند دەکات لە زمانەکەی خۆیدا، لە زمانێکی دراوسێدا بە هیچ جۆرێک پەسندی ناکات و داکۆکی دەکات لەسەر ڕاستکردنەوەی.

* ئێمە تێ ناگەین، بۆچی ڕەگەزێکی ڕێزمانی وەک (یت، ێت، ێک) لە هەندێک ژینگەدا بەجوانی بنووسرێت و لە هەندێک ژینگەی تردا بە شێوەیەکی شاش و واش ڕێنووس بکرێت. ئەدی بۆچی بڕیار نەدەین لەسەر ڕێنووسکردنی بەشێوەیەکی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا سەربارکردنی دەنگە گۆنەکراوەکە (ت)یان (ک) نابێت بەلەنگی و نابێت بەهۆی بزرکاندنی زمانەکە.

بەپێچەوانەوە بەو سەربارکردنە لەنگییەکە ڕاست دەکاتەوە و زمانەکە دەدات لە پاڵێوەری ڕێزمانی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی نووسین حەز لە پڕکردنەوە دەکات، تا ڕادەیەک کە لۆچی لێ ببڕێت و کون و کەلێنی تێدا نەمێنێت. واتە، تا ئەو ڕادەیەی کە باری ڕێزمانی تێک نەچێت. ئەمە بوو پانۆرامایەک لەسەر پێنج کێشەی بەربڵاو لە زمانی نووسیندا، ئەو زمانەی گلەیی لە هەموومان دەکات، کە ئارایشی بکەین و چاوی بڕێژین بە کل و کولتووری ڕێزمان.

سەرچاوەکان:
١- د. شێرکۆ بابان، داینامیزمی جێناوی لکاو لە ڕستەسازیدا، هەولێر ١٩٩٧.
٢- د. شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی، ڕێزمانی بوون و هەبوون، هەولێر ١٩٩٧.
٣- د. محەمەد مەعرووف فەتاح، ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق - دەستەی کورد، ژمارە (٩)، بەغدا ١٩٨٢.
٤- بەشی زمانەوانی و ڕێنووس، لەپێناوی ڕێنووسێکی یەکگرتووی زمانی کوردیدا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٤٣٥، ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٩.
٥- د. شێرکۆ بابان، دەنگی خپ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١١٦، ساڵی ١٩٩٧.
٦- د. شێرکۆ بابان، ڕەگەزە ڕێزمانییە ستوونییەکان، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١١٨، ساڵی ١٩٩٨.
٧- د. وریا عومەر ئەمین، ئەلەمۆرفی ڕێزمانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٢، ساڵی ١٩٨٩.
٨- ڕەئووف ئەحمەد ئالانی، لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە (تێدا)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٧٥)، ساڵی ١٩٧٩.
٩- د. وریا عومەر ئەمین، یاسایێکی فۆنۆلۆجی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٦٦)، ساڵی ١٩٨٤.

سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری (کاروان)دا، ژمارە (١٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨، لاپەڕە (٢٥-٣١).



٢

# کێشەی کاری هاوێشتن لە زمانی نووسیندا

## ١- دەستپێک

یەکێک لە کێشە گەورەکانی زمانی نووسین بریتییە لە تێکچوونی ڕوخساری هەندێک لە کارەکان، یان هەبوونی چەند لا ڕوخسارێک بۆ هەمان کار و هەمان گلێنەی واتایی.

لەم ڕووەوە، هەر یەکێک لە ئێمەی نووسەر، بەپێی زاری ناوچەیی، پەنا دەبەین بۆ هەندێک ڕوخساری سواو و بۆ هەندێک کەرەستەی نارێک و نابەجێ. یەکێک لەو نموونانە، بریتییە لە کاری (هاوێشتن) کە زۆر ڕوخساری تێک دراوە لە ئاخاوتندا و ئەو ڕوخسارە تێکدراوانەش دەگەن بە ڕووبەری پیرۆزی زمانی نووسین. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەوردی و بەجوانی، دەمانەوێت لە نێو ڕوخسارەکانی کاری (هاوێشتن)دا ڕوخسارێکی سەخت و پتەو[1] دەستنیشان بکەین، کە شایستە بێت بۆ ئەوەی کە بکەوێتە بەر ماکینەی نووسین.

## ٢- بنجی کاری (هاوێشتن) لە ڕانەبردوودا:

کاری (هاوێشتن) لە ڕێژەی ڕابردوودا کێشەی کەمە، بەڵام لە ڕێژەی ڕانەبردوودا کێشەی زۆرە، چونکە ڕوخساری بنجەکەی شێواوە. لەم ڕووەوە، سێ جۆر بنج هەن کە بتوانن دەربکەون لە ئاخاوتندا.

وەک:

---

١) وشەی (سەخت)یان پتەو، بەرانبەر بە (Hard) دەوەستێت کە دژواتایە لەگەڵ ناسک (Soft).

- بنجی (هاو)، وەک[٢]:

منداڵەکە بەرد دە(هاو)ێت

- بنجی (هاوژ)، وەک[٣]:

منداڵەکە بەرد دە(هاوژ)ێت

- بنجی (هاوێژ)، وەک:

منداڵەکە بەرد دە(هاوێژ)ێت

لێرەدا، سێ ڕوخسار دەرکەوتووە بۆ بنجی کارەکە (هاو، هاوژ، هاوێژ) بەڵام هەر دەبێت یەکێک لەو سیانە هەڵبژێرین. ئەمەو بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕوخساری ڕەسەنی بنجەکەی، دەتوانین چەند ئەندازە و پێوەرێک بەکار بهێنین. بۆ نموونە لە ناوی بکەری ڕانەبردوودا، وەک:

(منداڵ)ی (بەردهاوێژ)

ڕوخساری (هاوێژ) ڕەسەنترە چونکە ناوترێت:

(منداڵ)ی (بەردهاو)

یان

(منداڵ)ی (بەردهاوژ)

بەمەش، لادانێک یان سەرپێچییەک پەیدا دەبێت لە یاسای ڕۆنانی ئەو جۆرە ناوە، کە پڕ بە پڕ لە (بەرکاری ڕاستەوخۆ) و لە بنجی ڕانەبردووی کاری تێپەڕ پێک هاتوون[٤]، وەک:

(٢) لە هەندێک ناوچەدا، وەک سلێمانی، دەگوترێت(من دەهاوم)، یان (تو بهاوە).

(٣) لە ناوچەی گەرمیاندا، دەگوترێت (دەهاوژم)، یان (تو بەرد بهاوژە).

(٤) لە زمانەکەدا، یاسایەکی (وشەڕۆنەر) هەیە کە بنجی هەر کردارێک دەتوانێت لەگەڵ بەرکاردا (ناوی بکەر) ڕۆبنێت. بێ گومان ئەم دیاردەیە کاری (تێپەڕ) و (تێپەرتێراو) دەگرێتەوە، وەک: کەس (نە) ناس: دڵسووتێن.



| نموونە | خانەی (+ ە)(بەرکار) | خانەی (سفر)(بنج) |
| --- | --- | --- |
| پەیامنێر | پەیام | نێر |
| بارکێش | بار | کێش |
| بەردهاوێژ | بەرد | هاوێژ |
| گۆرانیبێژ | گۆرانی | بێژ |
| ڕۆژنامەنووس | ڕۆژنامە | نووس |

سەرەڕای ئەوە، دەتوانین بەرکارەکە (بەرد) فڕێ بدەین و ناوەکە بگۆڕین بۆ (هاوێژەر)، بەسەر بارکردنی مۆرفیمی (ـەر)[٥]. لەم ڕوانگەیەوە، وشەی (هاوەر) یان (هاوژەر) بڕشتیان نامێنێت. ئەوەش لە یاد نەکەین، کە ئەم دیاردەیە بریتییە لە یاسایەکی فراوان بۆ ڕۆنانی (ناوی بکەر) لە بنجی کاری تێپەڕ و لە مۆرفیمی (ـەر)، وەک:

| | |
| --- | --- |
| (پەیام)نێر | نێرەر |
| (بار)کێش | کێشەر |
| (بەرد)هاوێژ | هاوێژەر |
| (گۆرانی)بێژ | بێژەر |
| (ڕۆژنامە)نووس | نووسەر |

پاشان، لە وشەیەکەوە وەک (هاوێژەر) دەتوانین (ناو) و (برگەی ناو) بکەین بە (بەرکار) بۆ ئەوەی واتای (هاوێشتن) باڵبەست بکەین و بڵێین:

(٥) ئەو دوو نموونەیەی نێو پەڕاوێزی (٤) دەتوانن ڕەگەزی (ـەر) وەربگرن و ببن بە: ناسەر: سووتێنەر.

ئەمەش یاسایەکی گشتییە بۆ وشەڕۆنان لە ڕووبەری زمانەکەدا.

ئاگرهاوێژ، بۆمباهاوێژ، مووشەکهاوێژ، پەڵهاوێژ، تیرهاوێژ دەستهاوێژ، بڵێسەهاوێژ، تیشکهاوێژ، پەلارهاوێژ... هتد.

لەو نموونانەدا، دەردەکەوێت کە واتای گشتی لە وشەی (هاوێژەر)دا تەسک کراوەتەوە بەسەر بەرکارێکی تایبەتیدا. جۆرە وشەی ئاوهاش زۆر پێویستە لە زمانەکەدا بۆ زاراوەکانی تەکنۆلۆجیای تازە و هاوچەرخ. لە لایەکی ترەوە، ئەم کارە لە ڕێژەی فەرماندا هەر کێشەی هەیە، وەک:

تۆ بەرد مە (هاو)ە
تۆ بەرد مە (هاوژ)ە
تۆ بەرد مە (هاوێژ)ە

لێرەشدا، وەک ڕێژەی فەرمان بریتییە لە گیرفانێکی تایبەتی لە ڕێژەی ڕانەبردوو، هەر سێ ڕوخسارەکە دەردەکەون و هەمان کێشەی بنجی ڕانەبردوو دووبارە دەبێتەوە.

### ٣- ڕەگی کاری (هاوێشتن) لە ڕابردوودا:

سەبارەت بە ڕابردوو، لێرەدا کێشەکە سووکترە و لە یەکەم هەنگاودا بنجی یەکەم (هاو) ئاودیو دەبێت و نامێنێت و بنجی (هاوژ) لەنگ دەبێت و بنجی (هاوێژ) برەو پەیدا دەکات. لەم ڕووەوە، دوو بەکارهێنان هەیە، وەک:

منداڵەکە بەردی (هاوشت)
منداڵەکە بەردی (هاوێشت)

لێرەدا، ڕەگی (هاوشت) تەریبە لەگەڵ بنجی (هاوژ) و ڕەگی (هاوێشت) تەریبە لەگەڵ بنجی (هاوێژ)، بەڵام ئەمەی دوایی پەسندترە.



### ٤- کێشەی دەنگی (ژ):

لە لای هەموو ڕێزماننووسان شتێکی ئاشکرایە کە دەنگی (ت)، کە لەوێدا نیشانەی ڕابردووە، بریتییە لە دەنگێکی دەنگگۆڕ بۆ دەنگی (ز) و بۆ دەنگی (ژ). واتە لە (گەستن)دا دەنگی (ز) دەکات بە (س) و لە (کوشتن) دەنگی (ژ) دەکات بە (ش). ئەم کێشە دەنگسازییە هەر لێرەدا نییە لە هەموو جێیەکدا هەیە و بەدیاریکراوی لەو ژینگەیە دەنگسازییەدا کە دەنگی (ت) بە بێ بزوێنێکی ناوگر بخشێت لە کلکی ئەو دوو دەنگە. بۆ نموونە لە ڕێژەیەکدا، وەک:

تۆ نوێژ(ت) کرد

دەنگی (ت) ناتوانێت دەنگی (ژ) بگۆڕێت بۆ (ش) چونکە لێکخشانەکە ڕاستەوخۆ نییە و لە نێوان هەردوو دەنگەکەدا بزوێنی بزرۆکە (i) هەیە.

بەرانبەر بەمە، لەم نموونانەی خوارەوەدا دەنگی (ژ) لە بنجەکەدا دەگۆڕێت بەرەو دەنگێک (ئەلەفۆنێک) کە لە دەنگی (ش) دەچێت، وەک:

دەڕێژم: ڕێژتم: ڕێشتم
دەنێژم: ناژتم: ناشتم
دەکوژێت: کوژتی: کوشتی
دەهاوێژێت: هاوێژتی: هاوێشتی

لەو نموونانەدا، گۆڕینی دەنگی (ژ) بۆ (ش) بریتییە لە دیاردەیەکی دەنگسازی.

## ٥- بەرەو زمانی نووسین:

لەو بابەتەدا کە لە پێشەوە باس کرا، دەرخرا کە بە ڕوخسار، بنجی (هاوێژ) دروستتر و ڕەسەنترە بۆ ئەوەی بێ بەخشین بە زمانی نووسین[٦]. بەرانبەر بەم کێشەیە، هێشتا کێشەیەکی تر هەر ماوە ئەویش ئەوەیە کە دەنگی (ژ) بە دەنگگۆڕی (ت) دەگۆڕێت بەرەو دەنگی (ش). پاشان، ئەم دیاردەیە لە لای هەر هەموان ڤیزەی وەرگرتووە و گەیشتووە بە زمانی نووسین. ئەمەش بەبێ ئەوەی دەزگایەکی باڵای زمان یان ئەکادیمیایەکی زانستی بڕیاری لەسەر دابێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە نازانین ئەو فۆنیمەمان بۆچی گۆڕیوە و بە گرافیمی (ش) تۆمارمان کردووە. خۆ دەنگی (ش) دەنگێکی سەربەخۆیە و بریتییە نییە لە ئەلەفۆنێکی دەنگی (ژ). یان، وەک ڕەنگی (ت) ئەلەفۆنێک پەیدا دەکات، مەرج نییە ئەو دەنگە لە سەدا سەد بریتی بێت لە (ش). کەواتە، بەکارهێنانی دوو دەنگی سەربەخۆ پاشاگەردانییەک دەبەخشێت. لەم ڕووەوە بیروبۆچۆونی ئێمە بەم چەشنەیە:

یەکەم: لە ئاستی ئاخاوتندا، هەموو کەسێک سەربەستە چۆن بدوێت.

دووەم: لە ئاستی نووسینیدا، ئێمە ئەوە پێشنیاز دەکەین کە نابێت دەستدرێژی بکرێت لە دەنگی (ژ)، کە دەنگێکی ڕەسەنە لە بنجەکەدا، واتە دەبێت (هاوێشتن) بە ڕوخساری (هاوێژتن) بنووسرێت.

سێیەم: لە ئاستی خوێندنەوەدا، ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە دەنگی (ت)

(٦) کەڵکێکی زۆر گەورە و بە نرخ وەرگیراوە لە بیروبۆچوونەکانی مامۆستای بەڕێز (د. محەمەد مەعرووف فەتاح)، وەک لە سەرچاوەی (٣)دا باس کراوە، بە تایبەتی دەربارەی ڕێنووسی دەنگی (ژ) لە (هاوێشتن)دا.



کۆئەندامی ئاخاوتن ناچار دەکات کە دەنگی (ژ) بەرەو دەنگی (ش) ببات. ئیتر بۆچی ڕێنووسەکە تێک بدەین و دەنگی (ژ) بە دەنگی (ش) بنووسین.

بەبۆچوونی ئێمە، وەک لە سەرەوە باس کرا، نابێت دەنگی (ژ) بە (ش) ڕێنووس بکرێت، بەڵام ئەگەر بە (ش) ڕێنووس کرا دەبێت بڕیارێکی باڵا لەسەری درابێت. ئەمەش بە تەواوی ڕوخساری (هاوێژ) ڕاست دەکاتەوە، لە زمانی نووسیندا[٧].

## ٦- بەرەنجام:

* بنجی کاری (هاوێشتن) بە سێ ڕوخسار دەردەکەوێت: (هاو، هاوژ، هاوێژ) لە زمانی ئاخاوتندا. ئەم ڕوخسارانە بۆیان هەیە بپەڕێنەوە بۆ (زمانی نووسین) بەپێی زاری ناوچەیی.
* ڕوخساری (هاو) و (هاوژ) کورت دەهێنن و ناتوانن سیمای یەکخستن وەربگرن لە زمانی نووسیندا. هەر لەبەرئەوە ئێمە ڕوخساری (هاوێژ) بە ڕەسەنتر دەزانین.
* بنجی (هاوێشتن) کورت ناهێنێت لە ئاستی وشە دارێژراوەکان و بە ئاسانی و بە ڕەوانی دەکەوێتە کار لە وشەڕۆناندا، وەک هەموو کارە تێپەڕەکانی زمانەکە. تەنانەت لە (بکەر نادیاردا) دەتوانێت خۆ بسەپێنێت، وەک:

دەهاوژرێت: هاوێژراو.

* گۆڕینی دەنگی (ژ) لە بنجەکەدا بەرەو (ش) شتێکی ئاشکرایە لە

٧) لە کاری (هاوێژتن)دا هێشتا کێشە هەر ماوە لەسەر دەنگی (ێ) کە لە ڕابردوودا بە (ی) گۆ دەکرێت، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە بەسە.

لای هەمووان. ئەدی ئەم دیاردەیە فۆنۆلۆژییە بۆچی وا بە سووک و ئاسانی بگات بە زمانی نووسین.

* لە بەراوردا، لە نێوان دەنگی (ژ) و دەنگی (ش)دا ئێمە دەنگی (ژ) بە بنج و بنەڕەت دەزانین چونکە لە ڕێژەی بنەڕەت (ڕێژەی ڕانەبردوو)دا دەردەکەوێت، هەر لەبەرئەوە دەبێت ئەو دەنگە ڕەسەنە بپارێزرێت لە نووسیندا.
* سەبارەت بە زمانی نووسین، ئێمە وا بە دروستی دەزانین کە دەنگەکە لە نووسیندا نەکرێت بە (ش) و هەر بە (ژ) بنووسرێت، چونکە گۆکردنی وەک (ش) بریتییە لە کردەوەیەک لە چەشنی (کاری ناچار).
* بنجی کاری (هاوێشتن) بە ڕوخساری (هاوێژ) بریتییە لە بزوێنەرێکی بەکار بۆ وشەڕۆنان، وەک (هاوێژەر، هاوێژتە، هاوێژراو، بەردهاوێژ، هاوێژگە... هتد).
* کێشەی کاری (هاوێشتن) دەتوانێت بکرێت بە دەستەبەرەیەک بۆ چاککردنەوە و ئاراستەکردنی هەندێک کاری تر. لەم ڕوانگەیەوە نموونە زۆرە لە ڕووبەری زمانی نووسیندا.

سەرچاوەکان:

١ـ د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، هەولێر ١٩٩٦.

٢ـ د. شێرکۆ بابان، چەند لێکۆڵینەوەیەکی بڵاونەکراو لە بواری دەنگسازیدا.

٣ـ محەمەد مەعرووف فەتاح، نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم ساڵی ١٩٨٢.

٤ـ مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٦.



٥ـ لێژنەی زمان زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٧٦.

٦ـ د. وریا عومەر ئەمین، کات و ڕەگی فەرمان، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٦٥)، ساڵی ١٩٨٤.

٧ـ د. وریا عومەر ئەمین، چەند یاسایێکی مۆرفۆلۆژیی داڕشتنی فەرمان، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٠٩)، ساڵی ١٩٨٦.

8- M .SWAN & F. HOUDART. Pratique de l’englais A a Z, HATIER, Paris 1983.

سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری (مەتین)دا، ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٩٨، لاپەڕە (٤٦– ٥٠).

٣

# ئامرازی پەیوەندی (ـە) لە زمانی نووسیندا

## ١- دەستپێک:

لە زمانەکەدا ئامرازێکی پەیوەندی هەیە لە چەشنی دەنگێکی بزوێن (ـە). ئەم کەرەستەیە لە زمانی نووسیندا دەردەکەوێت بەڵام بەشێوەیەکی زۆر لێڵ و زۆر ئاڵۆز چونکە دەتوانێت جێی ئامرازی تر بگرێتەوە و دەتوانیت ون ببێت لە نێو ڕەگەزە ڕێزمانییەکانی ڕستەدا. تەنانەت، هەندێک جار بەشێک لە ڕستەکە ئاودیو دەبێت بەهۆی ئەو ئامرازەوە. ئەم دیاردەیە زۆر لە ڕێزماننووسان هەستیان پێی کردووە و نموونەیان لەسەری ریز کردووە[1]. لە لایەکی ترەوە ئەم ئامرازە پاشاگەردانییەکی خستۆتە نێو زمانی نووسینەوە. ئەمەش بەڕادەیەک کە هەموومان هەڵە دەکەین لە ئاستی و هەڵەکەش سفت و هورد نییە، بەڵام شاش و درشتە. واتە لە هەندێک شوێندا ئامرازەکە دەنووسین و لە هەندێک شوێنی تردا ئەم کەرەستەیە دەکەین بەجێگرەوە. بەم شێوەیە و لەبەر ئەم هۆیانە، ئێمەش دەست دەبەین بۆ ئەم ئامرازە و هەندێک زانیاری و هەندێک لە نهێنییەکانی دەخەینە سەر پەڕەی نووسین[2].

چەند نموونەیەک:

(١) بڕوانە بۆ سەرچاوەی (٢) حەشارگەی کاری ئینتقالی، یان سەرچاوە (٤) کە بەوردی باسی ئەم کێشەیەی کردووە.

(٢) لەسەر ئەم ئامرازە زۆری تر هەیە بەڵام لێرەدا بۆ ئەوەی نووسینەکە زۆر پەرت و بڵاو نەبێت، هەر هەندێک لە زانیارییەکان دەخەینە ڕوو.



لە ڕستەیەکدا وەک[3]:

– چووم (ـە) لای ئەو: چوومە لای ئەو

دەتوانرێت بوترێت:

– چووم (بۆ) لای ئەو

یان لە ڕستەیەکدا وەک:

– دەبێت (ـە) پیاو: دەبێتە پیاو

دەتوانرێت بگوترێت:

– دەبێت (بە) پیاو

یان لە ڕستەیەکدا وەک:

– بەردەکەم گرت (ـە) دیوارەکە.

دەتوانرێت بگوترێت:

– بەردەکەم گرت (لە) دیوارەکە.

لەم جۆرە نموونانە زۆرن بەڵام مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە باسی ئەمانە بکەین، چونکە زۆر ئاشکران لە لای ڕێزماننووسان و زۆر سادەن و هەموو کەسێک تێ دەگات لێیان.

(٣) کەڵک وەرگیراوە لە نووسینەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد بەتایبەتی سەرچاوەی(٣) لە نووسینی ئەم بەشەدا. پاشان کەڵک وەرگیراوە لە سەرچاوەی (٤).

## ۲- باری دەنگسازی:

وەک لە پێشەوە گوترا، ئەم ئامرازە تەنها لە یەک بزوێنی (ـە) پێک هاتووە و زمانەکەش یەکجار دەوڵەمەندە بە ئەو مۆرفیمانەی کە هاوڕوخسارن لە تەکیدا[٤]. لە لایەکی ترەوە ئەم بزوێنە هوردو سرکە لەگەڵ بزوێنی تردا دەکەوێتە (شەڕە بزوێن) و کێشەی دەنگسازی دەنێتەوە بەپێی ژینگەکەی. بۆ نموونە لە هەندێک جێدا داوای ناوگر دەکات وەک:

– هەڵستا (یـ) ـە سەری

یان لە هەندێک جێدا، دەنگی خپی نوستوو ڕادەپەرێنێت و لە ناخی بیردا دەری دەکاتەوە و دەیهێنێتە سەر زار، وەک[٥]:

– من ناردووم (ـەت) ـە ئەوێ

یان لە هەندێک ژینگەی تردا، لە ناو دەچێت و لەگەڵ بزوێنی تردا دەتوێتەوە، وەک:

– من نادوومەتەوە (–) ئەوێ

یان، لە هەندێک ژینگەی تایبەتیدا بەزۆر گۆناکرێت، وەک:

– تۆ بڕوانە ئەوێ:

لە جیاتی:

– تۆ بڕوانە (ر) (ـە) ئەوێ

(٤) بڕوانە بۆ سەرچاوەی (٧).

(٥) بڕوانە بۆ سەرچاوەی (٨) بۆ میکانیزمی ژیاندنەوەی دەنگی کپ.



یان

– تۆ بڕوانە (بۆ) ئەوێ

یان، لە ڕستەیەک دا، وەک:

– تۆ بچۆ دەرەوە

لە جیاتی:

– تۆ بچۆر (ـە) دەرەوە.

یان

– تۆ بچۆ (بۆ) دەرەوە.

بەم چەشنە هەگبەی ئەم ئامرازە یەکجار ئاڵۆزە و هوردە نموونە زۆر لە زمانی نووسیندا، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە بەسە.

## ۳- باری وشەسازی:

مۆرفیمی (ـە) وەک تەنها لە یەک بزوێن پێک هاتووە و ڕوخسارەکەی زۆر زۆر ناسک و سفتە، بەڵام کەرەستەیەکی ڕێزمانییە ڕۆڵی خۆی هەیە لە ریزی ڕستەدا. لەم ڕووەوە ئەم مۆرفیمە بە هیچ جۆرێک سەربەخۆ نییە و هەموو کاتێک لەگەڵ وشەی تردا ریز دەبێت. لە لایەکی ترەوە، نهێنی تر هەیە و دەبێت دیاری بکرێت. ئەو نهێنییەش بریتییە لە (پەیوەستبوونی ئامرازەکە بە ئاوەڵکارێکەوە). واتە، لە هەر جێیەکدا ئەو ئامرازە بە کار هێنرابێت، ئەوا دەبێت ئاوەڵکارێک هەبێت، وەک (٣):

– کەوت (ـەنێو) ئاوەکە.

– کەوت (ـەژێر) ئاوەکە.

– کەوت (ـەسەر) ئاوەکە.

– کەوت (ـەبەر) ئاوەکە.

ئەوەش لە یاد نەکرێت کە لە نموونەیەکدا، وەک:

– ناچێت (ـە) گیرفانەوە.

ناتوانرێت، بگوترێت:

– ناچێت (بە) گیرفانەوە.

ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئامرازەکە ڕەسەنە و ئاڵ و گۆڕ پەسند ناکات. بەم پێیە وەک ئامرازەکە لێرەدا جێگرەوە نییە، دەبێت ئاوەڵکارەکەی لە زمانی ئاخاوتندا بێ بایەخ کرا بێت، لە هەندێک ناوچەدا. بەرانبەر بەمە، باری ڕێزمانی ڕستە ڕاست دەبێتەوە و تان و پۆی زمانی نووسین دەپۆشێت ئەگەر بگوترێت:

– ناچێت (ـەنێو) گیرفانەوە.

لەو نموونەیەدا، واتاکە بەراویتە نابێت و ئەوەش ڕەسەنێتی ئامرازەکە دەردەخات، بەڵام ئەو ڕەسەنێتییە دەبێت، بە هۆی دەرکەوتنی سەرنجێکی هورد لە ئاستی باری وشەسازییانەی ئامرازەکە. لەم ڕووەوە، کەس نییە بتوانێت بڵێت پاشگری (ەوە) بەشێک نییە لە ڕوخساری ئامرازەکەدا. کەواتە، ئەم ئامرازانەش وەک ئامرازی (بە) و (لە) دەتوانرێت بارگە هەڵبگرێت، وەک:

– بە (گیرفان)ەوە.

– لە (گیرفان)ەوە.

– ـەنێو (گیرفان)ەوە.

ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئامرازی (ـە) باری ستوونی



پەسند دەکات و دەتوانێت بەخانە ناوەندەکەی وشە هەڵبگرێت، وەک لەسەر نموونەکان دەرخراوە.

سەبارەت بە ڕوخساری لکاو لە ڕواڵەتدا ئەم ڕەگەزە ئەوە پەسند ناکات کە بلکێت بە جێناوی لکاوەوە، واتە هەر کاتێک کە ئەوە ڕووی دا ئەوا ئامرازەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕوخساری ڕەسەنی خۆی (بە) و بە ڕوخساری لکاوی (پێ) دەردەکەیت، وەک:

– من دام (ـە) ئەو

– من دام (ـە) ئەوان

ئێستاش ئەگەر جێناوی (ئەو) و (ئەوان) بکەین بە ڕوخساری لکاو (ی) و (یان) دەبێت بگوترێت:

– من دام (پێ)ی

– من دام (پێ) یان

ئەوەش ئاشکرایە کە ئامرازی (پێ) بریتییە لە شێوەی لکاوی ئامرازی (بە). کەواتە ئەو دوو ڕستەیە لە ڕەسەندا بریتین لە:

– من دام (بە) ئەو

– من دام (بە) ئەوان

لە لایەکی ترەوە، ئەم ئامرازە دەلکێت بە چاوگەوە، وەک:

– نامەکە هات (ـە)نووسین[٦]

– ئەو کەوت (ـە) سکاڵاکردن

(٦) ئەم ڕستەیە بەرانبەر بە ڕستەی بکەر نادیار دەوەستێت، وەک (نامەکە نووسرا). ئەم جۆرە ئاخاوتنە لە کرمانجی ژووروودا برەوی هەیە.

لەم نموونانەدا، چاوی بیر گێلە بکات لە ئاستی چەند ڕاستییەک، وەک:

یەکەم: ئامرازەکە نەلکاوە بە چاوگەکەوە (نووسین، کردن)، بەڵام ئامرازەکە بگۆڕێکە لە ڕوخساری هەردوو کاری (هاتن و کردن)دا.

دووەم: بەپێی خاڵی پێشوو و چاوگەکە لەوێدا وەک ناوێک هەڵسووڕێنراوە، تەنانەت دەتوانرێت بگوترێت (ئەو کەوتە سکاڵا).

سێیەم: لە هەموو ئەو نموونانەشدا وا هەست دەکرێت کە ئاوەڵکارێکی پەڕێنراو هەبێت، چونکە دەگوترێت:

- نامەکە هات (ـەبەر) نووسین.
- ئەو کەوت (ـەسەر) سکاڵاکردن.

چوارەم: بەپێی ئەوەی گوترا، دەبێت ئەو دوو ڕستەیە لەسەر (هاتنە بەر) و (کەوتنە سەر) ڕۆنرابن.

بەم شێوەیە، دەبینین کە ڕێزمانی ئەم ئامرازە زۆر زۆر ئاڵۆزە و زمانەکەشی زۆر بە پێزتر و بە برشتترە لەوەی کە لە بەرچاودایە. هەر لەبەرئەوە کۆتایی بەم بەشەی باسەکە دەهێنین، هەر چەندە زۆرمان پێ ماوە کە لەسەری بڕۆین.

## ٤- باری خانەسازی لە ریزی ڕستەدا(٧)

سەبارەت بە جێی ڕەسەنی خانەی ئەم ئامرازە لە ناخی بیردا، ئەم

(٧) هەموو نووسینەکانی ئێمە لەسەر بیردۆزی خانەسازییانە تۆمار کراون. ڕەنگە ژمارەی خانەکان و شوێنی خانەکان زۆر سووک نەبێت بۆ خوێنەر. بەڵام لە سەرچاوەی (١)دا بەجوانی باسی کراوە و لەسەرچاوەی(٢)دا دووپات بووەتەوە.



کەرەستەیە لە خانەی (-٩)دا ریز دەبێت و هیچ هێزێک نییە کە بتوانێت چێوەکەی تێک بدات لە زمانی دایکدا. ئەم خانەیە ئەو خانانەیە کە دەلکێت بە کلکی کاری ڕستەوە و بە دیاریکراوی بە خانەی (-٨) هوە، کە پاشگری دووپاتکردنەوە (هوە) هەڵدەگرێت وەک:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تۆ | کەو | ت | یت | هوە | (ـە)سەر زەوی |
| +٦ | سفر | -٣ | -٧ | -٨ | -٩ |

لەم بارەدا، ئامرازەکە لەگەڵ دەنگی (ـە)، لە پاشگری (هوە)دا، جووت دەبێت و دیار نامێنێت لە ئاخاوتندا، بەڵام بەلابردنی پاشگری (هوە) دەژێیتەوە، وەک:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تۆ | کەو | ت | یت | (ـە)سەر زەوی |
| +٦ | سفر | -٣ | -٧ | -٩ |

لە لایەکی ترەوە، ئامرازەکە بە هیچ جۆرێک ناتوانێت خانەکەی ببەزێنێت و بکەوێتە پێش بنجی کارەکە. بۆ نموونە ئەگەر بە زۆر خرایە پێش بنجی کارەکە (خانەی ژمارە سفر)، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئامرازی (بە) وەک:

- تۆ (وە) سەر زەوی کەوتیت

یان

- تۆ (بە) سەر زەوی کەوتیت

ئەوەی ئاشکرایە کە جۆرە زۆر لێکردنی ئاوها، وەک دەبێت بە هۆی گۆڕینی ڕوخساری ئامرازەکە لە هەمان کاتدا دەبێت بە هۆی سستکردنی بزاڤی واتایی لە ڕستەکەدا.

## ٥- بەرەنجام و لێکدانەوە:

ئامرازی (ـە) بزاڤێکی ئاراستەیی دەبەخشێت بە هەندێک کاری زمانەکە و واتای کارەکە دەخاتە بەر بزاڤی (واتادانەوە). جۆرە بابەتی ئاوها هەر چەند زۆر ناسک و هورد بێت، بەڵام دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، چی بەڕێزمان و چی بەڕێنووس.

– ئامرازی (ـە) لە یەک دەنگ پێک هاتووە و ئەو دەنگەش (ـە) زۆر ناسکە، چی بەگۆکردن و چی بە ڕێنووسکردن. هەر لەبەرئەوە زۆر جار لە ئاخاوتن و لە نووسیندا ئاودیو دەکرێت.

– خواردنەوەی ئەو دەنگە لە ئاخاوتندا شتێکی زۆر ئاساییە بەڵام لە (زمانی نووسین)دا ئاسایی و ڕێزمانی نییە. جۆرە کێشەی ئاوها، بەم چەشنە چارەسەر دەکرێت:

یەکەم: یەکلاییکردنەوەی ڕێزمانەکەی بەپێی ڕێزمانی هاوچەرخ بە شیتەڵکاری زانستی.

دووەم: پتەوکردنی ڕوخساری گرافیمەکەی بۆ ئەوەی بەئاسانی ون نەبێت لە ریزی ڕستەدا.

– لەزمانی نووسیندا، نابێت و ناشێت بهێڵین ڕوخسارە ناڕەسەنەکانی ئامرازی (ـە) راوێشکە بکات. واتە، دەبێت ئامرازەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ سەرباری ڕەسەنەکەی، کە دەشێت یەکێک بێت لە ئامرازەکانی تر وەک (بە، لە، بۆ)[٨].

بەم پێیە دەبێت لۆچ ببڕین لە زمانی نووسین و نە هێڵین پڕ و پارچەی سواو جێگرەوە و ناڕەسەن دەربکەوێت تێیدا.

(٨) ڕێزمانی ئەو ئامرازانە و ئامرازی (ـە) لە سەرچاوەی (١)دا، لەسەر خشتەی (٦) باس کراوە.



– لە ڕووی دەنگسازییەوە، ئامرازی (ـە) بزوێنە لە زۆر ژینگەدا داوای ناوگر دەکات بۆ ئەوەی نەخشێت لە بزوێنی تر. ئەوەش بارێکی ڕێزمانی و دروستە. لە هەندێک ژینگەی تردا، ئامرازی (ـە) ئاودیو دەبێت بە جووتبوون لەگەڵ بزوێنی (ـە) لە پاشگری دووپاتکردنەوەدا. ئەم کێشەیە وەک دروست و ڕێزمانییە لە ئاستەکانی (ئاخاوتن) و(خوێندنەوە)دا بە هیچ جۆرێک ئاسایی نییە لە ئاستی (زمانی نووسین)دا. ئەوەش لەبەرئەوەی زمانەکە لە ڕێچکەی (یەکبوون) دوور دەخاتەوە.

– ئامرازی (ـە) وەک ناسکە لە (ئاخاوتن) و (ڕێنووس)دا، بەڵام کەرەستەیەکی پتەوە و دەتوانێت دەنگی خپ (silent) زیندوو بکاتەوە، یان دەتوانێت باری ڕستەکە لەنگ بکات، ئەگەر بێ بایەخ بکرێت، یان بە زۆر بە ئامرازێکی تر جێگیر بکرێت. ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەبێت بایەخێکی گەورە بدرێت بەڕێزمانی ئەم کەرەستەیە.

ئامرازی (ـە) لە هەر جێیەکدا کە بە ڕەسەنی دەرکەوت، ئەوا دەبێت لکا بێت بە ئاوەڵکارێکەوە، واتە وەک چۆن ئەو کەرەستەیە سەربەخۆیی واتایی هەڵناگرێت هەر ئاوها سەربەخۆیی مۆرفۆلۆژی هەڵناگرێت. ئەم کێشەیەش یەکێکە لە کوێرەوەرییەکانی زمانی نووسین و دەبێت یەکلایی بکرێتەوە. ئەم ئامرازە وەک لاڕوخسارێکی هەیە لە چەشنی (ـە... ەوە)، بەڵام لە ڕوخساری (ـە... دا) برەوی نییە و لە هەموو نموونەیەکی ئاوهادا ناڕەسەنایەتی ئامرازەکە دەردەکەوێت.

– ئامرازی (ـە) کاتێک کە بەڕەسەنی و بە ڕوخساری (ـە) دەربکەوێت لە خانەی (–٩) دا دادەنیشێت. لەم رووەوە، بەزاندنی ئەو خانەیە

دەبێت بە هۆی بزرکاندنی زمانی دایک.

– ئامرازی (ـە) ئاراستەیەکی ڕێزمانی دەدات بە ڕووداوی کارەکە کە زۆر جیاوازە لە ئاراستەی فیزیاوی، بۆ نموونە کاری (هاتن) ئاراستەیەکی فیزیاوی هەڵدەگرێت بەرەو ئاخێوەر بەڵام کاری (هاتنە نووسین) ئاراستەیەکی ڕێزمانی هەڵدەگرێت کە بە واتاکەیەوە دەردەکەوێت[٩].

– لە خوێندنەوەی ئەم باسەدا، دەردەکەوێت کە زمانەکە چەند هەژارە بۆ ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی. لەم ڕووەوە، خۆزگا چەندین لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرا، چونکە زمانەکە زۆر پەرپووت بووە و ئێمە هەر هەموومان بێ خەم و کەمتەرخەمین لە ئاستی ڕێزمانەکەی.

سەرچاوەکان:

١– د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی– هەولێر ١٩٩٦.

٢– د. شێرکۆ بابان، داینامیزی جێناوی لکاو لە ڕستەسازیدا– هەولێر ١٩٩٧.

٣– مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی – کۆڕی زانیاریی کورد– بەغدا – ١٩٧٦.

٤– د. وریا عومەر ئەمین، پاشبەندەکان – گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق دەستەی کورد/ بەرگی (١١) ساڵی ١٩٨٦.

٥– د. وریا عومەر ئەمین/ ئەلەمۆرفی ڕێزمانی/ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ/ ژمارە (١٢٢) ساڵی ١٩٨٩.

٦– د. وریا عومەر ئەمین/ کات و ڕەگی فرمان/ گۆڤاری ڕۆژی کوردستان/ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٨٤.

٧– نوری عەلی ئەمین/ دەوری بزوێنی (ـە) لە زمانی کوردیدا/ ڕۆشنبیری نوێ

(٩) کەڵک لە سەرچاوەی (٨) وەرگیراوە بۆ باری ئاراستەیی لە ئامرازەکاندا.



ژمارە (١١) ساڵی ١٩٨٦.

٨– د. شێرکۆ بابان/ دەنگی خپ لە زمانی کوردیدا/ گۆڤاری کاروان ژمارە (١١٦) ساڵی ١٩٩٧.

8- G. Quenelle & D. Hourquim, 6000 Verbs Anglais, Collection, Bescherelle, Hatier, Paris 1995.

سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٢)ی ساڵی ١٩٩٨، لاپەڕە (٤٢– ٤٤).

## کێشەی جێناوی کەسی دووەمی تاک لە زمانی نووسیندا

**١- دەستپێک:**

بە بەراورد لەگەڵ کەسی سێیەمی تاکدا، جێناوی کەسی دووەمی تاک کێشەی یەکجار کەمە، لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: لە کەسی دووەمی تاکدا بە هیچ جۆرێک کێشەی (نادیار) نییە و هەموو کاتێک ڕوخساری جێناوەکەی دیارە. واتە، ئەگەر جێناوەکەش داپۆشرابێت، ئەوا میکانیزمەکەی ئاشکرایە و هۆیەکەی ناگەڕێتەوە بۆ (جێناوی نادیار)[١].

دووەم: لە ڕێژەی بنەڕەتی (ڕانەبردوو)دا، ڕوخساری جێناوەکە بریتییە لە (یت). لەم ڕووەوە، جەمسەری (ت) کێشەدارە وەک جێناوی (ێت)، بەڵام جەمسەری (یـ) زۆر بێ کێشەترە، لەبەرئەوەی ئەو دەنگە نیمچە بزوێنە و دەتوانێت خۆی بلوێنێت.

سێیەم: جێناوی کەسی دووەمی تاک، لە ڕانەبردوودا و لە ڕۆڵی بەرکاردا، بریتییە لە (ت). ئەم ڕوخسارە لە یەک دەنگ پێک هاتووە و ئەو دەنگە هەرچەندە نابووت و ناشێرین بکرێت لە ئاخاوتنی ناوچەییدا، بەڵام بە ڕوخساری تەواوی (ت) دەگات بە ڕووبەری پیرۆزی زمانی نووسین.

لەم سێ خاڵەدا، ڕووسووری جێناوی (یت) دەرخراوە بەرانبەر بە

(١) بۆ نموونە، لە ڕێژەیەکی کەسی سێیەمی تاکدا، وەک (ئەو کەوت، ئەو نووسرا)، جێناوێکی بێ ڕوخسار هەیە.



جێناوی کەسی سێیەمی تاک (ێت)، بەڵام لە خاڵێکدا کەسی دووەمی تاک نایباتەوە. ئەو خاڵەش ئەوەیە کە ئەم کەسە فەرمانی ڕاستەوخۆ پەسند دەکات و ڕوخسارێکی تر پەیدا دەبێت بۆ جێناوەکەی، کە بریتییە لە بزوێنی (ـە). ئەم جێناوە بە ڕواڵەت هەر لە یەک بزوێن (ـە) پێک هاتووە، کەچی لە ناخی بیردا ڕوخسارە ڕەسەنەکەی بریتییە لە (ـەر).

ئێستاش لە ڕوانگەی ئەم ئاڕێشانەوە، ڕوو دەکەین لە بابەتەکە و کێشەی ئەو سێ ڕوخسارەی کە باس کران، دەخەینە بەر شیکار.

**٢- کێشەی ڕوخساری (یت)**[٢]:

کێشەی ڕوخساری (یت) لە ڕێژەی ڕانەبردوودا دوو ڕێچکەی سینتاکسی دەگرێتەوە. یەکەمیان ئەو ڕێچکەیەی کە هەموو کاری زمانەکە دەگرێتەوە لە ڕانەبردوودا، وەک:

- کاری تێنەپەڕ:

  تۆ دەکەو(یت)

- کاری تێپەڕ:

  تۆ دەنووس (یت)

- کاری تێنەپەڕ (بکەر نادیار):

  تۆ دەنووسرێ (یت)

ڕێچکەی دووەم بریتییە لە ڕانەبردووی تەواو، واتە ڕانەبردووی کاری (بوون) و دارشتەکەی (هەبوون)[٣]. لەم ڕووبەرەدا، گیانی ئێستایی و

(٢) لە ژمارە (١٢٠)ی گۆڤاری (کاروان)دا، لە ژێر ناونیشانی پێنج پێشنیاز بۆ زمانی ڕۆژنامەگەری، جارێکی تر بەکورتی باسی ئەم جێناوە کراوەتەوە، (بڕوانە بەشی یەکەم).

(٣) بڕوانە بۆ سەرچاوەی (١)، بۆ ڕێزمانی (بوون و هەبوون).

تەواوێتی هەیە. هەر لەبەرئەوە مۆرفیمی ئێستایی (ـە)دادەپۆشرێت و تەنها هەر جێناوەکە دەردەکەوێت، وەک:

– کاری (بوونی ئێستایی):

تۆ ـ (یت)

– کاری بوونی ئێستایی لەگەڵ (ئاوەڵناو):

تۆ زیرەک (یت)

– کاری (هەبوون):

تۆ هە (یت)

کێشەی مۆرفیمی (ـە)، کە داپۆشراوە بە جێناوەکە، لەم ڕووبەرەدا دەرناکەوێت چونکە ڕێزمانەکە ڕێ نادات. سەبارەت بەم کێشەیە، تەنها هەر یەک میکانیزم هەیە کە لە کۆپلەی (پێنجەم)دا باس دەکرێت.

**٣- کێشەکانی دەنگی (ت) لە جێناوی (یت)دا:**

سەبارەت بە دەنگی (ت)، ئەو دەنگە زۆر جار بێ بایەخ دەکرێت و تەنها هەر دەنگی (یـ) دەمێنێتەوە. بەم پێیە، ئەو شەش نموونەیەی پێشەوە، بەم شێوەیە گۆ دەکرێن:

| | | |
|---|---|---|
| تۆ دەکەو (یت) | : | تۆ دەکەو (ی) |
| تۆ دەنووس (یت) | : | تۆ دەنووس (ی) |
| تۆ دەنووسرێ (یت) | : | تۆ دەنووسرێ (ی) |
| تۆ ـ (یت) | : | تۆ ـ (ی) |
| تۆ زیرەک (یت) | : | تۆ زیرەک (ی) |
| تۆ هە (یت) | : | تۆ هە (ی) |



لەو نموونانەدا، ڕوخساری جێناوەکە دەبێت بە (ی) و زمانەکەش زۆر دەوەڵەمەندە بەم دەنگە نیمچە بزوێنە کێشەدارە[٤]. بۆ نموونە، لە ڕیزە جێناوی پۆلی دووەمدا (م، ت، ی، مان، تان، یان) جێناوی (ی) هەیە بۆ ڕۆڵی (بەرکار) و بۆ کەسی سێیەم تاک. لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین ڕستەی دووەم وەربگرین و بەرکاری کەسی سێیەمی تاک بار بکەین، وەک:

تۆ (ئەو) دەنووس(ی): تۆ دە(ی) نووس(ی)

لەم نموونەیەدا، ئایا ڕەوایە بڵێین دوو جێناوی (ی) هەن. یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ کەسی یەکەمی تاک (ئەو) و دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ کەسی دووەمی تاک (تۆ). لەم ئاستەدا و لەم ڕستە ڕێزمانییەدا، وەک ئەوە وایە، کە بەپێ خاوسی بکەوینە نێو ڕێزمانەکە و ڕێزمانەکە بە نەزانی و بە دڵی دوژمن تێک بدەین. واتە، ڕوخساری ڕەسەنی جێناوەکان تێک بدەین بەو ڕادەیەی جیاوازی نەمێنێت لە نێوان ڕەگەزە ڕێزمانییەکاندا.

بەرانبەر بەم هەڵوێستە کوێرانەیە و بەرانبەر بەم کوێرەوەرییە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە جێناوی کەسی دووەمی تاک بە ڕوخساری ڕەسەنی و تەواوی (یت) ڕێنووس بکرێت، لەبەر ئەم هۆیانە[٥]:

(٤) بڕوانە بۆ سەرچاوەی (٣)، بۆ کێشەکانی دەنگی (ی).

(٥) ئێمە لە زۆر جێدا ئەم گوتانە دووباری دەکەینەوە لەبەر گرینگی و لەبەر کەڵکداری بابەتەکە، چونکە بابەتەکە خۆی خۆی دەسەپێنێت بەسەردا و دەیەوێت ڕووبەرێکی بەرینتر بگرێتەوە.

یەکەم: ئەگەر میکانیزمی (زەبری بزوێن) بخەینە کار و جێناوەکە بخشێنین لە (بزوێن)ێک، ئەوا بەناچاری دەنگی (ت) ڕێنووس دەکەین، وەک:

تۆ دەکەو(ی) : تۆ دەکەو (یت)ەوە

تۆ دەنووس(ی) : تۆ دەنووس (یت)ەوە

تۆ دەنووسرێ(ی) : تۆ دەنووسرێ (یت)ەوە

بێ گومان، لە سێ نموونەکەی تردا، ڕێزمانەکە ڕێ نادات کە ئەو میکانیزمە بڕەخسێت. هەر لەبەرئەوە ڕێزنەکراون لەوێدا.

دووەم: لەبەر ڕووناکی خاڵی یەکەم، دەتوانین لە ڕستەی دووەمدا جێناوی (ی) بکەین بە سەربار بۆ ئەوەی دوو ڕوخساری جیاواز ببینین، لە ڕستەیەکی ڕێزمانیدا، وەک:

تۆ دە (ی) نووس (یت)ەوە

سێیەم: دوور لە (زەبری بزوێن) کە ئەو ژینگەیەی پەیدا کردووە و دەنگی (ت) گۆ کراوە، دەتوانین بەبێ ئەو زەبرەش ڕوخساری (یت) تۆمار بکەین، بەبێ ئەوەی ڕێزمانەکە لێڵ ببێت، وەک:

تۆ دە (ی) نووس (یت)

چوارەم: ئەگەر بەسەرەنجێکی ورد ڕوو بکەین لە ئەو سێ خاڵەی پێشوو، دەبینین کە ڕێزمانەکە خۆی خۆی ڕاست کردووەتەوە و قەوارەی جێناوی (یت)ی دەرخستووە.

لەم هەڵوێستەوە، ڕوخساری (یت) مەکینەی (یەکبوون) و



(یەکخستن) دەخاتە کار و بە ئارایشتی تەواوەوە و بە تان و پۆی زمانی نووسینەوە[٦] دەکەوێتە بەر نووکی پێنووس.

### ٤- کێشە دەنگی (ی) لە ڕوخساری (یت)دا:

ئەم دەنگە کێشەی زۆرە، وەک:

یەکەم: ئەو دەنگە نیمچە بزوێنە و لە پاش دەنگی (بزوێن) دەبێت بە (نەبزوێن) و لە پاش دەنگی (نەبزوێن) دەبێتەوە بە (بزوێن)، وەک:

– باری (نەبزوێن):

تۆ نووسرا(یت): تۆ دەنووسرێـ (یت)

– باری (بزوێن):

تۆ دەکەو (یت): تۆ دەنووس (یت)

دووەم: لە هەندێک کاردا، وەک (ژیان و گریان)، دەنگی (ی) جووت دەبێت لەگەڵ دەنگی (ی) لە بنجی کارەکەدا و جێناوەکە لێڵ دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر دەنگی (ت) گۆ نەگرێت، وەک:

تۆ دەگریـ(یت) : تۆ دەگری

تۆ دەژیـ(یت) : تۆ دەژی

سێیەم: لە ڕێژەی ڕابردوودا، دەنگی (ی) جووت دەبێت لەگەڵ دەنگی

---

٦- ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەر نووسینێک تان و پۆ و ئارایشتی ڕێزمانی تەواو هەڵنەگرێت، شایستەی ئەوە نییە بڵاو بکرێتەوە و بخرێتە سەر ڕەفەکانی مێژوو. جۆرە ئەتیکێتی وا، ئەگەر نەبێت، دەبێت هەر هەموومان تێ بکۆشین لە پێناوی پەیداکردنیدا. لەبەرئەوەی، ئەگەر بە (زمانی دووەم) بنووسین بێ ئارایشتی و بێ تان و پۆیی پەسند ناکەین، کەچی لە زمانی شیری خۆماندا پەسندی دەکەین.

(ی) کە نیشانەی ڕابردووە و لەم هەڵوێستەدا، دەنگی (ت) بەهیچ جۆرێک ئاودیو نابێت، وەک:

تۆ پژمی(ی) : (هەڵەیە)
تۆ پژمی(یت) : (دروستە)

ئەم دیاردەیە نهێنییەکی ڕێزمانی دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە، لە ڕستەی (تۆ پژمیت)دا، ناشێت کە دەنگی (ت) گۆ نەکرێت، کەچی لە ڕستەی (تۆ دەژی)دا دەشێت گۆ نەکرێت. واتە، دەنگی (یـ) دەتوانێت لەگەڵ بنجی کارەکەدا (ژی) تێکەڵ ببێت، کەچی دەنگی (ی)، کە نیشانەی ڕابردووە، لە ڕستەی (تۆ پژمیت)دا، ئەو تێکەڵ بوونە پەسند ناکات و دەنگی (ت) بەرجەستە دەکات.

چوارەم: لەو دوو نموونەیەدا، کە لە خاڵی دووەمدا ڕیزکران، بارێکی لێڵ و تەم و مژدار پەیدا دەبێت، ئەگەر دەنگی(ت) ڕێنووس نەکرێت، چونکە هەمان ڕێژە بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکار دەهێنرێت، وەک:

تۆ دەگری : ئەو دەگری
تۆ دەژی : ئەو دەژی

تۆ بڵییت، ڕێی ئەوە بدرێت کە ڕێزمانی دوو کەسی ڕێزمانی ببێت بە یەک لە کونجێکی وا بچووکی زمانەکەدا. هەر لەبەرئەوە، چارە نییە و هەر دەبێت پەنا ببەینەوە بۆ ڕوخساری (یت) بۆ ئەوەی ڕێزمانەکە یەک بخات.

### ٥- کێشەی مۆرفیمی ئێستایی (ە):

لە برگەی دووەمدا گوترا، لە ڕێژەی بنەڕەتدا دوو ڕێچکەی سینتاکسی هەیە. یەکەمیان ڕێچکەی هەموو کاری زمانەکە بوو، وەک



لە برگەکانی پێشوودا باس کرا. ڕێچکەی دووەم بریتی بوو لە ڕێزمانی کاری (بوون و هەبوون) لە ڕانەبردوودا. پاشان لە کۆتاییی برگەی (٢)دا، گوترا کە تەنها یەک میکانیزم هەیە بۆ دەرخستنی مۆرفیمی ئێستایی لە ژێر جێناوی (یت)دا. ئەو میکانیزمەش لە ڕۆڵی (بکەر)دا نارەخسێت، بەڵام لە ڕۆڵی (بەرکار)دا بەجوانی دەرەخسێت. بۆ نموونە، جێناوی (یت) لە ڕۆڵی بکەردا و لە ڕێژەی (تۆ هەیت)دا وەردەچەرخێت بۆ ڕۆڵی (بەرکار) لە ڕێژەیەکی تێپەڕئاسادا، وەک (من هەمیت). لەم ئاستەدا ڕێزمانەکە ڕێ دەدات کە بەرکاری لکاو (یت) بکرێت بە جێناوی جودا (بەرکاری جودا: تۆ)، بەم چەشنە:

من هەم (یت): من تۆم هەیـ(ـە)

بەئاشکرا دیارە کە لاچوونی جێناوی (یت) بووە بەهۆی پەردە هەڵماڵین لە ڕووی مۆرفیمە داپۆشراوەکە. کەواتە، کێشە پەیدا دەبێت، چونکە لە ڕووبەری زمانەکەدا دوو جۆر لە جێناوی (یت) دەردەکەوێت، وەک:

جۆری یەکەم: ڕوخساری (یت)ی سادە، بۆ ڕانەبردوو و بۆ ڕابردووی نزیک و دوور و بەردەوام.

جۆری دووەم: ڕوخساری لێکدراو (یت/ ـە)[٧] بۆ ڕانەبردووی کاری (بوون و هەبوون) و بۆ (ڕابردووی تەواو).

٧- دیاردەی داپۆشینی مۆرفیمی (ـە) بەجێناوی پۆلی یەکەم (یت)، ئەگەر بخرێتە بەر میکانیزمی (زەبری بزوێن)، ئەوا دەبێت بەڕوخساری (ڕێژەی کار)دا بچینەوە. واتە، پاڵێوەرێک پەیدا دەبێت بۆ پالێوتن و پاک و پیسکردنی دەستەواژەکانی زمانی نووسین. بۆ نموونە، ئێمە ڕێژەی (تۆ ناردووتمەوە) فت دەکەین و لە بەرانبەردا ڕێژەی (تۆ ناردووتمەتەوە) فت ناکەین. ئەو کەسەش کە دەیەوێت لەم مەتەڵە تێ بگات دەتوانێت ئەم نووسینەی بەردەست بەوردی بخوێنێتەوە.

بەم چەشنە، راستیەک دەچەسپێت و ئەم ڕوخسارەی جۆری دووەم بە پردی (میکانیزمی ڕۆنان) دەپەڕێتەوە بۆ ڕووبەری ڕابردووی تەواو و لەوێدا بەهەمان میکانیزم خۆی دەردەخاتەوە.

### ٦- جێناوی (یت) لە ڕابردووی تەواودا:

لەم ڕووبەرەدا، جێناوی (یت) دوو ئەرکی هەیە. ئەرکی یەکەم بریتییە لە ئەرکی (بکەر) لە ڕێژەی تێنەپەڕدا و ئەرکی دووەم بریتییە لە ئەرکی (بەرکار) لە ڕێژەی تێپەڕدا، بەم چەشنە:

ڕێچکەی یەکەم: ڕابردووی تەواوی تێنەپەڕ، وەک:

تۆ کەوتوو (یت)

تۆ نووسراو (یت)

لەم ڕووبەرەدا، دەتوانین (زەپری بزوێن) بەکار بهێنین و مۆرفیمی (ـە) دەربهێنین لە ژێر جێناوەکە. بۆ نموونە، ئەگەر دەنگی (ت) گۆ نەکرا، ئەوا دوو جار دەنگی (ت) دەبووژێتەوە بەم شێوەیە:

تۆ کەوتووی : تۆ کەوتووی (تە) (تە) وە

تۆ نووسراوی : تۆ نووسراوی (تە) (تە) وە

لەو ڕوانگەیەوە، ڕێزماننووس و زمانەوان چاویان ئەبڵەق دەبێت و تێ ناگەن ئەو ئاژاوەیە چییە. هەر لەبەرئەوە، دەتوانین ئەو ڕستەیە خانەڕێژ بکەین و نهێنییەکانی ئاشکرا بکەین، بەم چەشنە[٨]:

٨ـ سەبارەت بە خانەڕێژی، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی (١) و (٢).



| + ٦ | سفر | ـ ٢ | ـ٣ | ـ ٤ | ـ ٧ | ـ ٨ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆ | کەو | ـ | ت | وو | یت (ـەت) | ەوە |
| تۆ | نووس | ر | ا | و | یت (ـەت) | ەوە |

لەم میکانیزمەدا، ئەم کردەوانە چەسپاون:

یەکەم: دەنگی بزوێنی (ە) لە مۆرفیمی (ەوە)دا، خشاوە لە (مۆرفیمی ئێستاییدا پۆشراو) و دەری هێناوە لە ژێر جێناوەکە. لەم کردەوەیە خپی دەنگی (ت) بووژاوەتەوە لە نێو مۆرفیمەکەدا و بەڕوخساری (ـەت) دەردەکەوتووە.

دووەم: وەک مۆرفیمی ئێستایی (ـەت) ژیاوەتەوە، بزوێنی بەرایی (ـەت) خشاوە لە دەنگی (ت) لە ڕوخساری جێناوی (یت)دا و ئەویش دەرکەوتووە ڕوخسارەکەی بووەتەوە بە (یت).

بەم چەشنە، دوو ڕوخساری برگەی (تە) ڕێز دەبن. ئەمەش هیچ ناڕێکییەکی تێدا نییە و چی ڕووی داوە ڕووی ڕاست و دروستی ئەو ڕێزمانە کوردییەیە، کە پتەوە و یاسادارە و هەر خۆی خۆی ڕاست دەکاتەوە.

ڕێچکەی دووەم: ڕابردووی تەواوی تێپەڕ، وەک:

من ناردوومی: من ناردووم(یت)

لەم ڕووبەرەدا، جێناوی (یت) لە ڕۆڵی (بەرکار)دایە و دەتوانرێت بە دوو میکانیزم مۆرفیمەکەی ژێری ئاشکرا بکرێت. یەکەمیان، بەوەی کە بەرکارە لکاوەکە (جێناوە لکاوەکە) بکەین بە بەرکاری جودا (جێناوی جودا)، وەک:

من ناردووم(یت): من تۆم ناردوو(ە)

که به سەربارکردنی ڕەگەزی (ەوە) دەبێت بە:

من تۆم ناردوو(ە) + ەوە: من تۆم ناردوو(ـەت)ەوە

میکانیزمی دووەم بریتییە لە (زەپری بزوێن). لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بزوێنێک بخشێنین لە ڕستەکە بۆ ئەوەی ڕوخساری ئاشکرا بکەین، وەک:

من ناردوومی + ەوە: من ناردووم (یت) (ەت)ەوە

کەواتە، زەبری بزوێن دوو جار چەسپاوە و جاری یەکەم دەنگی کپی (ت) لە مۆرفیمی ئێستاییدا ژیاوەتەوە و جاری دووەم بزوێنی مۆرفیمەکە دەنگی (ت)ی لە ڕوخساری جێناوەکەدا دەرخستووە. هەر لەبەرئەوە، دوو جار بڕگەی (تە) دەرکەوتووە، وەک:

من ناردوومـ یـ(تەتە)وە

**٧- جێناوی (ت):**

ئەم ڕوخسارە هیچ کێشەیەکی نییە لەبەرئەوەی ڕوخسارەکەی لە یەک دەنگ پێک هاتووە و ئەو دەنگەیش لە زمانی نووسیندا بەگردی دەنووسرێت. واتە، ئەگەر ئەو تەنها پیتە لابرا، ئەوا قەوارەی ڕێژەکە تێک دەچێت. لە ئاخاوتنی کوردیدا، زۆر جار جێناوی (ت) سووک دەکرێت، وەک:

تۆ نارد (ت) : تۆ نارد (i)

یان

تۆ دە (ت) نارد : تۆ دە (و) نارد



ئەم جۆرە کێشانە هیچ نرخێکیان نییە، هەر لەبەرئەوە پێویست ناکات لەسەری بڕۆین، چونکە ڕوخساری جێناوەکە ڕێ نادات کە بگەن بە (زمانی نووسین).

**٨- جێناوی (ـە) لە ڕێژەی فەرماندا:**

ئەم ڕوخسارە چەند کێشەیەکی هەیە، وەک:

یەکەم: دەنگێکی خپ(silent) لە چەشنی (ر) هەڵدەگرێت و ئەو دەنگەش بەزەبری بزوێن دەژێیتەوە، وەک[٩]:

بکەو(ە) + ەوە: بکەو(ـەر)ەوە

دووەم: بزوێنی (ـە) زۆر جار دەتوێتەوە لە بزوێنی (ێ)دا و ون دەبێت لە بەرچاو، وەک:

تۆ بخزێ، تو بشکێ

سێیەم: بەپێی ناوەڕۆکی خاڵی یەکەم، دەبێت دەنگی (ر) دەربکەوێت ئەگەر بزوێنێک بخشێت لە ڕێژەکان، وەک:

تۆ بخزێ + ەوە : تۆ بخزێرەوە

تۆ بشکێ + ەوە: تۆ بشکێرەوە

چوارەم: لە زۆر جێدا و لە زمانی نووسیندا، ڕستەی سواو و زۆر لێکراو دەردەکەوێت. لەم کردەوەیەدا زۆر لە ڕێژەکە دەکرێت کە جێناوەکە و دەنگە کپەکەی دەرنەکەوێت، وەک:

---

٩- بڕوانە بۆ ژمارەی (١١٦) گۆڤاری کاروان، (دەنگی خپ لە زمانی کوردیدا). لەوێدا بەوردی ئەم کێشەیە ورد کراوەتەوە.

تۆ بکەو(ەر)ەوە : تۆ بکەوەوە

تۆ بخزێ (ـ ر)ەوە : تۆ بخزێ (ـ)وە

تۆ بشکێ (ـ ر) وە : تۆ بشکێ (ـ) وە

لە زمانی نووسیندا، دەبێت بزانرێت کە دەنگی خپ هەیە لە ئارادا و دەبێت لۆچ ببڕین لە ڕستەکە و هەموو ڕەگەزە ڕێزمانییەکان بەجوانی ڕیز بکەین. کەواتە، دەنگی خپی (ر) دەتوانرێت کە نەنووسرێت، بەڵام ئەگەر ژینگەکەی پەیدا بوو، دەبێت بەڕوخساری تەواو ڕیز بکرێت.

## ٩- گفتوگۆ و لێکدانەوە:

* هەندێک لە نووسەران و هەندێک لە ڕێزماننووسان[١٠] دەنگی (ت) بێ بایەخ دەکەن لە زمانی نووسیندا، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم کردەوەیەدا نین. واتە، ئێمە لە هەموو جێیەکدا ڕوخساری (یت) دەپارێزین لە نووسیندا، چونکە ئەو ڕوخسارە ڕەسەنە و زمانی نووسین یەک دەخات.
* بەپێی ئەوەی لەم نووسینەدا باس کراوە، لە کەسی دووەمی تاکدا چەند ڕوخسارێک هەیە، وەک:

یەکەم: ڕوخساری (یت) بە سادەیی لە ڕانەبردوو و لە ڕابردووی (نزیک، بەردەوام، دوور)دا.

دووەم: ڕوخساری (یت)ی لێکدراو لە چەشنی (یت/ ـە) لە ڕانەبردووی کاری (بوون و هەبوون) و لە ڕابردووی تەواودا. واتە، ڕوخساری (یت) مۆرفیمی ئێستایی هەڵگرتووە بە (واتا) و دای

(١٠) بەداخەوە، سەرچاوەی (٤، ٥) لەسەر ئەم کوێرەوەرییەدا دەکۆشن و دەیانەوێت بڵێن، جێناوەکە بریتییە لە (ی).



پۆشیوە بە (ڕوخسار).

سێیەم: ڕوخساری (ـەر)، کە بە ڕواڵەتی (ـە) دەردەکەوێت لە ڕێژەی فەرماندا.

چوارەم: ڕوخساری (ت)، لە ڕانەبردوودا لە ڕۆڵی (بەرکار)دا و لە ڕابردوودا لە ڕۆڵی (بکەر)دا، لە پاش وەرچەرخانی ئەرکی جێناوەکە.

* سەبارەت بە زمانی نووسین، دەبێت نووسەری کورد و خوێنەری کورد شارەزا بێت لە چەند بنەمایەک و میکانیزمێکی ڕێزمانی، وەک[١١]:

یەکەم: میکانیزمی ( زەبری بزوێن)، واتە ئەگەر بزوێنێک بخشێت لە ڕەگەزێکی ڕێزمانی شێواو، ئەوا دەنگە تێکدراو و خپکراوەکانی بەجوانی دەردەخاتەوە و بەپۆشتەیی دەیخاتە ڕیزەوە.

دووەم: بنەمای مۆرفیمی ئێستاییی داپۆشراو، واتە لە ڕانەبردووی کاری (بوون و هەبوون) و لە ڕابردووی تەواودا، لە ژێر هەر جێناوێکی سێتی (م، یت، ـە، ین، ن، ن)دا مۆرفیمی ئێستایی هەیە، بەداپۆشراوی.

سێیەم: میکانیزمی جێگیرکردنی (بەرکار) بەجێناوی جودا. واتە، لابردنی جێناوی داپۆشەر لەسەر مۆرفیمەکە، وەک:

ئەو نەی ناسیو (یت) : ئەو (تۆ)ی نە ناسیو (ە)

دە باشە، وا جێناوی بەرکار (یت) کرا بەجێناوی جودای (تۆ)، ئەی مۆرفیمی ئێستایی لە کوێوە پەیدا بووە؟ یان، لەو نموونەیەدا، بۆچی لە ئاستی (بەرکار) هاوکێشەیەک چەسپاوە لە شێوەی:

(١١) گرینگی ئەم بنەما و میکانیزمانە لە پەڕاوێزی (٧)دا باس کراوە.

بەرکاری لکاو (یت) ◄ بەرکاری جودا (تۆ) + مۆرفیمی ئێستایی (ـە)

* بەپێی ئەم سێ خاڵە، کە لە نێو ئەم نووسینەدا چەسپاون، ڕووناکی چرای ڕێزمانەکە دەگات بە گۆشە تاریکەکان و زمانی نووسین دەبێت بە سیستەمێکی ڕێزماندارلە ئاستی ئەو جۆرە کێشانەدا.
* لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، نە ڕوخساری لێکدراو (یت/ ـە) و نە دوو برگەی (تە) لە ڕستەی (ناردوومیتەوە)دا، بەنامۆیی دەردەکەون.
* لە نموونەیەکدا وەک (تۆ دەینووسی)، دوو جێناوی (ی) هەن. یەکەمیان ڕوخسارەکەی تەواوە و دووەمیان ڕوخسارەکەی تێکدراوە و دەنگی (ت) لابردراوە. لە م ڕووەوە، ئایا دروستە کە هەمان ڕوخساری جێناو بۆ دوو کەسی ڕێزمانی بەکار بهێنرێت و لە هەمان ڕستەدا؟ ئەم ڕستەیە خۆی لە خۆیدا، بریتییە لە هۆکارێکی پتەو بۆ ڕاستکردنەوەی ڕوخساری جێناوەکە بەرەو (یت).

لە نموونەیەکی تردا وەک (تۆ پژمیت)، ناشێت دەنگی (ت) لا ببەین و بڵێین (تۆ پژمی)، کەچی لە ڕانەبردووی (تۆ دەپژمی)دا و بەس و دەتوانین لای ببەین. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە بەڵگەیەکی پتەو بۆ ناسینی ڕوخساری (یت) بەڕەسەن، لە ئاستی زمانی نووسیندا.

* سەبارەت بەوەی لەو دوو خاڵەی پێشەوەدا باس کرا، ڕوو دەکەین لە هەمووان دەڵێین، ئەدی ئەم دوو نموونەیە (تۆ پژمیت و تۆ دەپژمیت) بخەینە کام گیرفانی ڕێزمانەکەوە. بێ گومان، ئەگەر بە لێفەی (نارێکی ڕێزمانی) دایانبپۆشین، ئەوا وەک ئەوەیە کە بە (ڕێک) بڵێین (نارێک) و بە (نارێک) بڵێین (ڕێک). کەواتە، ڕوخساری ڕەسەنی (یت) کێشەکە یەکلایی دەکاتەوە و ئەوەی کە ناو دەنرێت



(نارێکی ڕێزمانی) دەگۆڕێت بۆ (باری ڕێزمانی).

* لەم ئاستەدا، دەتوانین نموونەیەک پێشکەش بکەین وەک یاری (شەترەنج) و یاری (دامە). بێ گومان، ڕێزمانی نوێ لە ئاستی (شەترەنج)دایە و زانیاریی ئێمەش لە ئاستی (دامە)دایە.

واتە، ئەگەر یەکێک داکۆکی لە ڕێنووسنەکردنی دەنگی (ت) بکات، وەک ئەوە کە بە پێخاوسی بەزانیاریی (دامە)وە چووبێتە نێوان دوو کەسەوە، کە یاری (شەترەنج) بکەن. بەم پێیە، لە لای ئەو کەسە (دامەزان)ـە، هەر جوولەیەک لە ئاستی (دامە) تێ بپەڕێت، بریتی دەبێت لە (نارێکی) و لە لادان لە یاساکانی گەمەی (دامە). بەڵێ، گەمەکە (شەترەنج)ە و ئێمەش هەر (دامە) دەزانین و بەزانیاریی گەمەی (دامە) دەخوازین گەمەی (شەترەنج) بکەین.

* سەبارەت بەڕێژەی فەرمانی ڕاستەوخۆ، کەسی دووەمی تاک ئەم ڕێژەیە پەسند دەکات و ڕوخساری جێناوەکەی بەڕواڵەت بریتییە لە (ـە) و بەڕەسەن بریتییە لە (ـەر). دەربارەی دەنگی خپی (ر) لە زۆر جێدا باسمان کردووە و لێرەشدا لەبەر گرینگی بابەتەکە بەکورتی باسی کراوەتەوە. لە ڕوانەگەی (زمانی نووسین)ی ڕێزماندارەوە، نابێت سڵ بکەین لە دەنگی (ر) کە دەربکەوێت لە ڕێنووسی ڕێژەدا. واتە، زۆر بکەین لە ڕێژەکان بۆ ئەوەی ئەو دەنگە دەرنەکەوێت. لەم ئاستەدا، زۆر جار دوو برگەی (رە) ڕیز دەبن وەک (تۆ نامەکە بنێرەرەوە) ئەمەش بارێکی ڕێزمانی دروستە بەم چەشنە:

تۆ نامەکە بنێر(ەر)ەوە

تۆ نامەکە بنێـ (رە) (رە)ەوە

لەو نموونەیەدا، ئەگەر هەر دوو برگەکە لە یەکتری جووت بکرێن، ئەوا یەک برگەی (رە) گۆ دەکرێت، وەک:

تۆ نامەکە بنێـ(رە) (رە)وە: تۆ نامەکە بنێـ(رە) (ــــ)وە.

بێ گومان، جۆرە کردەوەی ئاوها پێویست بەبڕیارێکی بالا دەکات، بەڵام ئیشی ئێمە ئەوەیە کە لۆچ ببڕین لە زمانی نووسین و پڕ بەپڕ ئارایشتی بکەین بە(ڕێزمان).

* لە کۆتاییدا، دەتوانین ڕێچکەسازییەکی نوێ بگرینە بەر و چەند پرسیارێک ئاراستە بکەین دەربارەی (کێشەکانی کەسی دووەم تاک لە زمانی نووسیندا)، وەک[١٢]:

پ ١: ئایا هۆی ئەوە چییە کە دەتوانین دەنگی (ت) بخەینە سەر ڕوخساری جێناوی کەسی دووەمی تاک، بەبێ ئەوەی هەلومەرج لە ئارادا بێت بۆ هەبوونی (ناوگر) یان هەبوونی زیادەیەکی ڕێزمانی، وەک:

تۆ هە (ی) : تۆ هە(یت)

تۆ دەخۆ (ی) : تۆ دەخۆ (یت)

تۆ خەوت (ی): تۆ خەوت (یت)

پ ٢: لەو نموونانەی پرسیاری (١)دا، ئایا ئەوانەی لای چەپ و

(١٢) ئەم پرسیارانە زۆر ورد و ئاڵۆز و پێچاوین و ڕەنگە وەڵامەکانیان زۆر دژوار بن، چونکە سەرە دەزووی گلۆڵە ئاڵۆسکاوەکە دەدۆزنەوە. واتە، ئەو کەسەی بە وردی و ڕژدی بگەڕێتەوە بەدەزووی وەڵامەکاندا، لە ئەنجامدا دەگاتەوە بەگەنجی ڕێزمانی کوردی.



ئەوانەی لای ڕاست، کامیان ڕێزمانیترن و شایستەی ئەوەن بگەن بە ئەلبوومی زمانی نووسین؟ ئایا بۆچی؟

پ ٣: ئایا بۆچی ناتوانین دەنگی (ت) لا ببەین لەم نموونانەدا:

تۆ کۆکی (یت): تۆ کۆکی (ی)

تۆ پژمی (یت): تۆ پژمی (ی)

پ ٤: ئایا بۆچی لە ئەم ڕستانەدا ناتوانین دەنگی (ت) لا ببەین؟

تۆ ڕۆیشتی : تۆ ڕۆیشت (یت)ەوە

تۆ ڕۆیشتی بۆ ئەوی : تۆ ڕۆیشت (یت)ە ئەوێ

تۆ نامەکە دەدەی دەی پێ ی : تۆ نامەکە دەدەی دە(یت)ێ

باشە ئەگەر دەنگی (ت) زیادەیەکی ڕێزمانییە، ئەی بۆچی بەرانبەر بەو سێ بزوێنە هەر یەک دەنگ دەرچووە؟ یان، ئایا بۆچی ناتوانین ئەو دەنگە (ت) بگۆڕین بەدەنگێکی تر؟

پ ٥: ئایا بۆچی لە ڕستەی یەکەمدا ناتوانین دوو برگەی (تە) ڕیز بکەین، کە چی لە نموونەی دووەمدا دەتوانین وا بکەین؟

تو کەوتیـ (تە)وە

تۆ کەوتوویـ (تە) (تە)وە

پ٦: ئایا سەرچاوەی دەنگی ناوگری (ر) لەم نموونانەدا، ئەگەر دەنگی خپ نەبێت، چییە؟ ئایا بۆچی دەنگێکی تر دەرنەکەوتووە؟

تۆ برۆ (ر)ەوە

تۆ بکشێ (ر)ەوە

تۆ دەرگاکە بکە(ر)ەوە

پ٧: لە نێو ئەم نووسینەدا گوترا، مۆرفیمی ئێستایی دادەپۆشرێت بەجێناوی (یت). ئایا چۆن دەیسەلمێنێت کە لە نێو ئەم ڕێژانەدا، ئەو مۆرفیمە هەیە؟

من ناردوو (م) (یت)

ئەوان گەرەک (یان) (یت)

پ ٨: لەم ڕستانەی خوارەوەدا، چەند نموونەیەکی نادروست هەن. ئایا دەتوانیت ئاشکرایان بکەیت و هۆی نادروستیان دەربخەیت؟

| | | |
|---|---|---|
| تۆ بخەوەوە | : | تۆ بخەوەرەوە |
| تۆ کەوتوویتەتەوە | : | تۆ کەوتوویتەوە |
| تۆ کەوتیتەوە | : | تۆ کەوتیتەتەوە |

بەم شێوەیە، ڕوو دەکەین لە خوێنەری ئازیز و ئەو چەند پرسیارە ورد و ئاڵۆزەی ئاراستە دەکەین. بێ گومان، ئەو کەسەی ئەو وەڵامانە بەجوانی بنووسێتەوە، لە زۆر نهێنی ڕێزمانی فێر دەبێت، کە لە ڕێزمانە ڕەسەن و خۆماڵییەکەدا هەیە.

سەرچاوەکان:

١ـ د. شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی، ڕێزمانی بوون و هەبوون، هەولێر ١٩٩٧.

٢ـ د. شێرکۆ بابان، دایناميزمی جێناوی لکاو لە ڕستەسازیدا، هەولێر ١٩٩٧.

٣ـ مەسعوود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی، لاپەڕە (١ ـ ٥٨)،



کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٧٤.

٤ـ د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەشی دووەم، جێناو، بەغدا ١٩٨٦.

٥ـ مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٧٦.

٦ـ د. وریا عومەر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، بەغدا ١٩٨٦.

٧ـ د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەم لە بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٨٢.

٨ـ نووری عەلی ئەمین، ئەرک و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٧.

٩ـ توفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، بەغدا ١٩٢٩.

سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری (مەتین)دا، ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٩٨، لاپەڕە (٣٣-٤٢).

# بڕگەی دووبارە لە زمانی نووسیندا

## ١- دەستپێک

لە زمانەکەدا، زۆر جار دەرەخسێت کە هەندێک بڕگەی یەکسان بەڕوخسار و بەچێوە دووبارە ببنەوە لە ئاخاوتندا، وەک:

یەکەم: دووبارەبوونەوەی بڕگەی (یە) لە نموونەیەکدا، وەک:

[ئەو جێ (یەیە)].

دووەم: دووبارەبوونەوەی بڕگەی (تە) لە نموونەیەکدا، وەک:

[من ناردوومی(تەتە)وە].

سێیەم: دووبارەبوونەوەی بڕگەی (رە) لە نموونەیەکدا، وەک:

[بی نێـ (رەرەوە)].

چوارەم: دووبارەبوونەوەی بڕگەی (وە) لە نموونەیەکدا، وەک:

[چوو(وەوە)].

ئەم نموونانە ڕێزمانی تایبەتی خۆیان هەیە و نهێنی تایبەتی خۆیان هەیە، هەرچەند لە ڕێزمانی زمانەکەدا بێ بایەخ کرابن، یان، بە (ناوگر) و بە (زیادەی گەردانی) و چشتی تر لێک درابێتنەوە. لە ڕاستیدا، لە ناخی ئەو نموونانەدا دەنگی خپ (Silent) هەیە و لەتبوونی بزوێن هەیە و هەندێک دیاردەی تر هەیە کە بەڕێزمانی قوتابخانەکان بەجوانی لێک نادرێنەوە. لە لایەکی ترەوە، لە گوفتاردا زۆر جار زۆر دەکرێت لەو بڕگانە بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە. بۆ نموونە،



لە جیاتی ڕێژەی (بنێرەرەوە) دەگوترێت (بنێرەوە)، یان لە جیاتی (ناردوومیتەتەوە) دەگوترێت (ناردوومیتەوە). ئەم نموونانە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەنووسینی هەمەجۆر و هەمەڕوخسار دووبارە دەبنەوە و ڕێزمانێک نییە کە کۆیان بکاتەوە و کێشەکەیان یەکلایی بکاتەوە. لە لایەنی ئێمەوە، ئێمە ئەم خزمەتە بچووکە پێشکەش دەکەین و بەهیواین کە توانیبێتمان چشتێکی نوێ بخەینە سەر لێکدانەوەی ئەو نموونانەی کە لەم نووسینەدا ڕیز کراون. لە ڕاستیدا، ناوەڕۆکی زانستی بابەتە ڕێزمانییەکان لە پێشتردا بڵاو کراونەتەوە بەڵام لێرەدا، دەیانچەسپێنین لە شیتەڵکردنەوەی نموونەکاندا.

## ٢- ڕوخساری (- یەیە)

هەندێک جار لە ریزی گوفتاردا دوو جار بڕگەی (یە) لە چەشنی (CVO)[1] لە جێیەکدا دەردەکەوێت، وەک:

| |
|---|
| [ ئەو جێ (یەیە) ] |

لە بڕگەیەکی ئاوهادا وشەی (جێ) لەسەر پشتی نیشانەی ئاماژە (ئەوــ ە) بار کراوە، وەک:

جێ

ئەو ـــــ ـە ◄───── ئەو ـــــ یـ (یە)

لێرەدا، پاشپرتی ئامرازی ئاماژە (ئەوــ ە) کە بریتییە لە (ـە)

١- لەو هێمایەدا، دەنگی (C) بۆ دەنگی (نەبزوێن) و دەنگی (V) بۆ دەنگی (بزوێن) دانراوە، بەڵام دەنگی (O) بۆ جێی بۆش دانراوە. دەنگی (C) و (V) لە زۆر سەرچاوەدا باس کراون، وەک (سەرچاوەی ٢، ٣، ٤)، هەرچەندە کە بیروڕای ئێمە لە هی ئەوان جیاوازە.

ناوەندەکەی کردووەتەوە و وشەی (جێ)ی هەڵگرتووە. ئەم وشەیەش بە ڤاوڵی (ێ) کۆتایی هاتووە و ئەو ڤاوڵەش بەڕاستەوخۆیی خشاوە لە پاشپرتی (ـە). هەر لەبەر ئەو ناوگری (ی)ی (نەبزوێن) پەیدا بووە و لە ئەنجامدا بڕگەی (یە) ریز بووە. لە پاشتردا، بڕگەی (ئەو جێیە) بەزەبری کاری (بوون) وەک هەواڵێک ڕاگەیێنراوە و مۆرفیمی ئێستایی (ـە) دەرکەوتووە، وەک بڵێیت:

جێ
ئەو ―――――― یـ (ـە)
جێیەکە ―――――――――――― یـ (ـە)

لەم بارەشدا، مۆرفیمی ئێستایی لە لای ڕاستەوە خشاوە لە پاشپرتەکە (ـە) و جارێکی تر (کۆئەندامی ئاخاوتن) پەنای بردووەتەوە بۆ ناوگری (ی) بۆ ئەوەی بتوانێت بڕگەکەی کاری (بوون) لە باجگەی زار دەرباز بکات. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، دەتوانین ڕێژەکە بەکەوانە بنووسین، تا جوانتر بچێتە نێو چوارچێوەی بیرەوە، وەک[٢]:

[جێیەکە {ئەو (جێ)یە} یە]

بێ گومان، بەپێی ڕێزمانی کاری (بوون) دەتوانین (جێیەکە) لا ببەین و ئەوسا ڕێژەکە ببێت بە:

[ ――― {ئەو (جێ)یە}یە]

بەڵێ، لەو نموونەیەدا دەردەکەوێت کە وشەی (جێ) لە ناوەندایە و

(٢) کەوانەی (گەورە، ناوەند، بچووک) نەختێک لە بەکارهێناندا گرانن و پێویست بەزانیاری بیرکاری دەکەن.



ئامرازی ئاماژە پەلی بۆی ڕاخستووە لە هەردوو لاوە. پاشان ڕێژەی هەواڵدەری کاری بوون هەر هەموویانی کردووەتە باوەش. کەواتە، ڕێژەی بوون (جێیەکەیە) بریتییە لە بنچینە و ئەو بنچینەیەش بڕگەی ناوی (ئەو جێیە)ی هەڵگرتووە و ئەم بڕگەیەش ئاڵۆزە و لە (ناو)ێک و لە ئامرازێکی ئاماژەی پاشپرتدار پێک هاتووە.

لەم ئاستەدا، دەتوانین جارێکی تر سەرنج بدەین لە پاشپرتەکەی ئامرازی (ئەو ــ ە) کە چەند بەنازە. لە لای ڕاست و لە لای چەپەوە دوو ناوگری لە چەشنی (ی) بۆ دانراوە هەر بۆ ئەوەی جوان ڕابووەستێت و ون نەبێت لە ڕێزەکەدا. ئەمەش گرنگێتی پاشپرتی (ـە) پیشان دەدات لە ئامرازی ئاماژەدا و لە زمانی نووسینی ڕێزماندارردا[٣].

لە لایەکی ترەوە، مەرج نییە هەردوو بڕگەی (یە) ڕیز ببن، جاری وا هەیە سێ بڕگە ڕیز دەبن، بەتایبەتی ئەگەر ناوەکەی (ناوەند) خۆی لە ڕەسەنەوە بڕگەیەکی تر لە چەشنی (یە) هەڵبگرێت، وەک (سایە، پایە، مایە، لای لایە، ... هتد). ئەم جۆرە وشەیە ئەگەر لە ڕێسای ئەو نموونەیەی پێشەوە بدرێن، ئەوا دەبن بە:

[مایە کە {ئەو (مایە) یە}یە]

جۆرە گۆکردنی ئاوها ڕەنگە نەختێک سرک بێت بۆ کەسێک کە زمانەکە وەک (زمانی دووەم) فێر بووبێت، بەڵام بارەکە زۆر زۆر ڕێزمانی و جوانە و بەڕێزمانی کوردی لێک دەدرێتەوە، وەک:

٣– مەبەستی بابەتەکە، دەگەڕێتەوە بۆ زمانێکی ستاندارد بۆ زمانی نووسین. بێ گومان لە زاری ناوچەییدا ڕێزمان هەیە، بەڵام مەرج نییە بەشێوەیەکی گشتی ستاندارد بێت.

یەکەم: بڕگەی یەکەم (یە) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (مایە) کە وشەیەکی سەربەخۆیە.

دووەم: بڕگەی دووەم (یە) پێک هاتووە لە پاشرتەکەی ئامرازی ئاماژە (ئەو ــ ە) و لە ناوگری (ی) لە نێوان ئەو بزوێنە و بزوێنەکەی کۆتایی وشەی (مایە)، وەک گوترابێت {ئەو مایەیە}.

سێیەم: بڕگەی سێیەم (یە)، پێک هاتووە لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) کە لە جێی جێناوی نادیاری کەسی سێیەمی تاک دانیشتووە. ئەو مۆرفیمەش بەناوگری (ی) لە پاشپرتی (ـە) جودا بووەتەوە. ئەمەش وەک ئەوە وایە کە ڕێژەی {ئەو مایەیە} بار کرابێت لە ڕێژەی کاری بوون [مایەکە ــ یە][٤].

### ٣- ڕوخساری (-**تەتە**):

هەندێک جار دوو بڕگەی (تە) ڕیز دەبن لە ڕیزی گوفتاردا، وەک:

[من ناردوومیـ (تە) (تە)وە]

لەم ڕستەیەدا، ئەگەر پاشگری دووپاتکردنەوە (ەوە) نەچەسپابێت، ئەوا دەتوانین بڵێین:

[من ناردوومیت]

یان، هەندێک لە نووسەران دەنگی (ت) لە جێناوی (یت)دا ڕێنووس ناکەن، وەک:

[من ناردوومی]

(٤) لێرەدا، شارەزایی لە بەکارهێنانی کەوانەکاندا پێویستە. خوێنەری ئازیز دەتوانێت جۆری کەوانەکان بەراورد بکات لەگەڵ نموونە سەرەکییەکەدا.



بەڵێ، لەو ڕێژەیەدا چەند نهێنییەک هەیە کە بەرێزمانی دێرین[٥] لێک نادرێنەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی، هێشتا ڕێزمانەکەمان وەک پێویست نەنووسراوەتەوە و ڕێزمانی زمانانی تر دادی نادات. بەم پێیە دەتوانین باری ڕێزمانی ئەو ڕستەیە بەم چەشنە لێک بدەینەوە:

یەکەم: ڕێژەکە لە دەمکاتی ڕابردووی تەواودایە. هەر لەبەرئەوە مۆرفیمی ئێستایی لە ڕێژەکەدایە و دەبێت بۆی بگەڕێین[٦].

دووەم: وەک، ڕێژەکە تێپەڕە، مۆرفیمەکە لە جێی بەرکاردایە[٧] و دەبێت بەجێناوی بەرکار (یت) داپۆشرابێت، یان خپ کرابێت.

سێیەم: ڕەگەزی دووپاتکردنەوە لە ڕێژەکەدا هەیە و ئەو ڕەگەزەش (ەوە) بەبزوێنی (ـە) دەست پێ دەکات کە بڕگەیەکی ناتەواوی هەیە لە چەشنی (OVO)، کە دەبێت بەهەموو نرخێک ناتەواوییەکەی بپۆشرێت.

بەڵێ، لەم ئاستەدا دەتوانین پلە پلە ڕستەکە گۆ بکەین و ڕوو بکەین لە بەشی کۆتایی، کە لەوێدا دوو بڕگەی (تە) ڕیزکراون، وەک:

یەکەم: ئەگەر جێناوی (یت) بەجوانی گۆ بکرێت، ئەوا دەنگی (ت) بێ

٥- ڕێزمانی دیرێن بە (بابەتە گشتگرەکان)ی زمانانی تر نووسراوەتەوە و دادی تایبەتمەندێتی زمانەکەمان نادات. هەر لەبەرئەوە زۆر وردە بابەتی ڕەسەن و ڕێزمانی نابووت کراون.

٦- لە ئاستی ئەم بابەتەدا، ئەو کەسەی مەبەستی بێت کە لە نهێنی مۆرفیمی ئێستایی تێ بگات، دەتوانێت ڕوو بکات لە سەرچاوەی (٥).

٧- لە ڕێژەی تێپەڕدا، مۆرفیمی (ـە) لە جێی (بەرکار) دادەنێت بەڵام لە ڕێژەی تێنەپەڕدا لە جێی (بکەر) دادەنیشێت. بێ گومان، ئەمە تەنها هەر لە ڕانەبردووی کاری (بوون و هەبوون)دا و لە ڕابردووی تەواودا بەگشتی، هەیە.

بایەخ ناکرێت و دەنگی (ت) بەئاشکرا دەردەکەوێت، وەک:

ناردوومی ◄—— ناردووم‍ـ (یت)

دووەم: ئێمە لە هەموو جێیەکدا دەڵێین کە مۆرفیمی ئێستایی لە ڕووبەری (ڕابردووی تەواو)دا هەیە. کەواتە، لەو ڕێژەیەدا مۆرفیمە کە هەیە، بەڵام جێناوی داپۆشەر (یت) دای پۆشیوە و خپی کردووە لە ڕیزەکەدا.

سێیەم: کاتێک کە مۆرفیمی دووپاتکردنەوە گەیشتووەتە سەر زار، بزوێنەکەی بەرایی (ـە) لە دەنگە خپەکەی نێو مۆرفیمی ئێستایی (ـە)[8] خشاوە و ڕای کێشاوەتە سەر زار. لەم هەلومەرجەدا مۆرفیمی ئێستایی (ـە) بەڕوخساری تەواوی (ـەت) بەزەبری بزوێن ڕاکێشراوە دەرباز بووە هەر لەبەرئەوە دەرکەوتووە، وەک:


ناردوومیت + وە ◄—— ناردووم (یت) (ـەت)ەوە

چوارەم: بەپێی خاڵی سێیەم، دوو بڕگەی (تە)، لە چەشنی (CVO) دەرکەوتووە و بەم شێوەیە شیتەڵ دەکرێنەوە[9]:

8- دەنگی کپ لە زمانی کوردیدا، بریتییە لە بابەتێک کە ئێمە هەژاندوومانە و لە ژمارە (١١٦)ی گۆڤاری کارواندا بڵاو کراوەتەوە، ساڵی ١٩٩٧.

9- لەو نەخشەیەدا کەوانە گەورەکان [——]، سنووری بڕگەکان دیاری دەکەن و کەوانە بچووکەکان (ـ)، سنووری ڕەگەز ڕێزمانییەکان دیاری دەکەن. خوێنەری ئازیز دەبێت بەرژدی لە بابەتەکە ورد ببینەوە.






پێنجەم: بەپێی خاڵی پێشوو، هەردوو بڕگەی (تەتە) بەم چەشنە شیتەڵ دەکرێنەوە:

- بڕگەی یەکەم (تە) لە دەنگی (ت) لە جێناوی (یت) و لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) پێک هاتووە. لەم ئاستەدا زەبری بزوێن چەسپاوە و گۆنەکردنی دەنگی (ت) دەبێت بەلاسارییەکی ڕێزمانی.
- بڕگەی دووەم (تە) لە دەنگە کپەکەی مۆرفیمی ئێستایی (ـەت) و لە بزوێنەکەی بەرایی (ـە) لە ڕەگەزی (ەوە)، پێک هاتووە.

شەشەم: زۆر جار بەزاری ناوچەیی و بە(ناڕێزمان) دەویسترێت کە دەنگی (ت) لە جێناوی (یت) گۆ نەکرێت. لەم کردەوەیەدا، وێرانکارییەکی گەورە ڕوو دەدات و ڕێژە ڕێزمانییەکە خاپوور دەبێت، وەک:

[ناردوومییەوە]

بێ گومان، جۆرە گۆکردنی ئاوها هەرچەند تان و پۆی زاری ناوچەیی هەڵبگرێت، بەڵام ئارایشت و تان و پۆی زمان نووسینی هەڵناگرێت، کە یەک زارە و کە زمانێکی ڕێزماندارە.

بەم شێوەیە، دەبینین کە دوو بڕگەی (تە) ڕیز بووە بەرێزمان و زۆر

جاریش ئەو بارەگرانە لەسەر زار لادەچێت، بەخێ کردنی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) بەتەواوی، وەک:

ناردووم (یت) (______)ەوە

بەڵام، ئەم بارە دەبێت بەسەر سێ ڕابردووەکەی تردا بچەسپێت، کە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) لە ڕیزەکەدا نییە، وەک:

من نارد م(یت)ەوە

بەڵێ، ئەگەر بمانەوێت لاساری نەکەین و زمانی ڕێزماندار دڵی نەئێشێت، دەبێت بڵێین، لە کۆی ئەم چوار ڕستەیەدا، ڕستەی یەکەم و سێیەم تەواون و ڕستەی دووەم و چوارەم ناتەواون، وەک[١٠]:

١- من ناردوو (م) (یت) (ـەت) (ەوە) ( √ )
٢- من ناردوو (م) (یت) (--) (ەوە) ( X )
٣- من نارد (م) (یت) (--) (ەوە) ( √ )
٤- من نارد (م) (یت) (ـەت) (ەوە) ( X )

بێ گومان ڕستەی یەکەم لە دەمکاتی ڕابردووی تەواودایە و مۆرفیمی ئێستایی هەیە لە ئارادا و نابێت خێ بکرێت وەک لە ڕستەی دووەمدا کراوە. پاشان ڕستەی سێیەم لە دەمکاتی ڕابردووی نزیکدایە و مۆرفیمی ئێستایی لە ئارادا نییە و نابێت دەربکەریت وەک لە

١٠- لەم نموونانەدا، هاوێرکردن و بژارکردنی بارە ڕێزمانییەکان زۆر زۆر پێویستە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە کێشەی زمانی نووسین دەدوێن. لەم ڕووەوە، نابێت بەپێ خاوسی بکەوینە نێو بابەتەکە و دەبێت لە ڕێزمانی زمانەکە بزانین.



ڕستەی چوارەمدا دەرکەوتووە. بەم پێیە، دەتوانین بڵێین کە دوو برگەی (تە) تەنها و تەنها هەر لە ڕابردووی تەواودا بۆی هەیە، کە دەربکەوێت[١١].

**٤- ڕوخساری (-رەرە):**

لە گشت ڕێژەیەکی فەرمانی ڕاستەوخۆدا کە بەسەر کەسی دووەمی تاکدا درابێت، ناوگرێک دەردەکەوێت لە چەشنی (ر). ئەمەش کاتێک کە ڕێژەکە لە کلکەوە خشابێت لە بزوێنێک، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، وەک:

تۆ بڵێ ← تۆ بڵێ (ر)ەوە[١٢]
تۆ بخەوە ← تۆ بخەوە (ر)ەوە[١٣]
تۆ بچۆ ← تۆ بچۆ (ر)ەوە[١٤]

ڕێزماننووسان کەم و زۆر لەسەر ئەم دەنگە دووان و نەیانتوانیوە

١١- ئەو کەسەی کە مەبەستی هەبێت لەم بابەتەدا تێ بگات، دەبێت لە یەکەم هەنگاودا ڕێزمانی ڕێژی ڕابردووی تەواو و ڕێزمانی مۆرفیمی ئێستایی تێ بگات. جۆرە زانیاری و شارەزایی ئاوها، ڕستەی زمانی نووسین لە خشتبری ڕێزمان دەدات.

١٢- لەم ڕستەیەدا بزوێنی (ـە) ئاوێتە بووە، بەڵام ئەمە ئەوە نابەخشێت کە کلکەکەی نەمابێت. ئەو جۆرە بابەتە زەبری بزوێن دەیدۆزێتەوە.

١٣- لەم ڕستەیەدا، بزوێنەکە (ـە) ماوە بەڵام دەنگی کپی (ر) بێ ژینگەیە و بزوێنی (ـە) لە پاشگری (ەوە)دا ژینگەی بۆ ڕەخساندووە.

١٤- هەمان سەرنج وەک پەراوێزی (١٢) باس کراوە. ئەم جۆرە وردە بابەتانە لە سەرچاوەی (١)، لە لاپەڕەی (١٤٨ - ١٤٩)دا بەجوانی باس کراون.

سەرچاوەی پەیدابوونەکەی دیاری بکەن و هەر ئەنجامەکەیان پیشان داوە. لە لایەکی ترەوە، لە هەندێک ناوچەدا زۆر لەو دەنگە دەکەن کە دەرنەکەوێت، وەک:

تۆ بلّێ (ر)ەوە ← تۆ بلّێوە

تۆ بخەوە (ر)ەوە ← تۆ بخەوە

تۆ بچۆ (ر)ەوە ← تۆ بچۆوە

لەم دەستدرێژییەدا، زمانی ڕێزماندار لەکەدار بووە و چێوەی بڕگەکان خاپوور کراوە. تەنانەت، هەندێک دەنگی تر لەناو براون.

لەم ئاستەدا، ئەگەر بەزمانی ڕێزماندار بدوێین و دەنگی (ر) خپ نەکەین، ئەوا ڕێزی ڕێزمانی جێناوی کەسی دووەمی تاک (ـە) دەگرین کە دەنگێکی خپ لە چەشنی (ر) هەڵدەگرێت. واتە، ڕوخساری ڕەسەنی ئەم مۆرفیمە لە ناخی بیردا بریتییە لە (ـەر). لەم ڕووەوە، ئەگەر ڕوو بکەین لەو کارانەی کە بنجەکانیان بەدەنگی (ر) کۆتایی هاتووە، ئەوا دەتوانین دوو بڕگەی (رە) ڕیز بکەین، وەک:

بنێرە ← بنێـ (رەرە)وە

بشۆرە ← بشۆ (رەرە)وە

بژمێرە ← بژمێـ (رەرە)وە

ببژێرە ← ببژێـ (رەرە)وە

بگرە ← بگـ (رەرە)وە

لەم ڕووەوە، زۆر جار هەڵە دەکەین بەرانبەر بەکاری (گەیشتن)، وەک:





بگە ← بگەوە

بگە ← بگەرەوە

بگە ← بگەرەرەوە[١٥]

بەڵێ، لە ڕستەی یەکەمدا هەڵە هەیە و دەنگی (ر) بەناهەق خپ کراوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا دەرخراوە. لە ڕستەی سێیەمدا، جارێکی تر نارەوایی کراوە دوو جار بڕگەی (رە) نووسراوە. بێ گومان لە بنجی کاری (گەیشتن)دا دەنگی (ر) نییە، تا دوو بڕگەی (رە) ریز بکەین.

لە پاش ئەمە، سەبارەت بەدوو بڕگەی (رە) لەو نموونانەی پێشتردا، دەتوانین ئەم شیتەڵکارییە ئەنجام بدەین[١٦]:

{تۆ (ب) (نێر[ر) (ە] [ر) (ە] وە}

بنجی کاری (ناردن)

جێناوی ڕێژەی فەرمان

پاشگری دووپات کردنەوە

کەواتە، بڕگەی یەکەم (رە) لە دەنگی کۆتایی لە بنجی کاری (ناردن) و لە جێناوی (ـە) پێک هاتووە، بەڵام بڕگەی دووەم (رە) لە دەنگە

١٥- کاری (گەیشتن) کێشەی زۆرە و سەرەڕای ئەوەی کە لە ئەوێدا باس کراوە، دەتوانێت پێشگری (را) وەربگرێت بەڵام لە باری (ئاندن)دا، وەک (ڕاگەیاندن). لە بەرانبەردا دەبینین کە (ڕاگەیشتن) برەوی نییە لە زمانەکەدا.

١٦- هەمان سەرنج کە لە پەڕاوێزی (٩)دا تۆمار کراوە.

خـڕەکـەی نێـو جـێناوی (ـە) و لە بزوێنەکـەی بەرایی لە ڕەگـەزی دووپاتکردنەوەدا پێک هاتووە. واتـە، جێناوی (ـە) لە ڕەسـەندا بریتییە لە (ـەر). هەر لەبەرئەوە لەو جۆرە کارانەدا زۆر ئاسـاییـیە ئەگەر دوو برگەی (رە) بەڕوخساری (رەرە) دەربکەوێت. بەم پێیە مەرجی یەکەمی ئەم کـێشـەیە لەوەدایە کـە بنجی کـارەکـە بەدەنگی (ر)ی سـووک[17] کۆتایی هاتبێت و لە پاشـتردا ڕێژەکە لە باری فەرمـانی ڕاستـەوخۆدا بێت.

### ٥- ڕوخساری (وەوە):

ئەم ڕوخـسـارە کـاتێک پەیدا دەبێت کـە مـۆرفـیـمی دووپاتکردنەوە بخـشـێت لـە دەنگی (و) و لە پلیکانەی کـاردا دووباری شـیـاو هەن. یەکەمیان بریتییە لە نیشانەی ڕابردوو، وەک:

چوو + ەوە ← چو (وەوە)

بوو + ەوە ← بو (وەوە)

دووەمیان بریتییە لە نیشانەی ڕابردووی تەواو، وەک:

کەوتوو + ەوە ← کەوتو (وەوە)

وەستاو + ەوە ← وەستا (وەوە)

---

١٧- بەرانبـەر بەهەبوونی (ر)ی سـووک لە ڕەگی هەندێک کاردا (ڕ)ی قـەڵەو هەیە. بۆ نموونە، لە (کڕین، سڕین، بڕین ... )دا دوو بڕگەی (رە) دروست دەبن بەدوو دەنگی جیاواز، وەک: تۆ بیب(ڕەرە)وە.
لەم جـۆرە نموونـانەدا، کـێشـەکـە جـیـاوازە، چونکە هەردوو بڕگـەکـە پڕ بەپڕ یەکسان نین.



بەهەمـان شـێـوەی جۆری یەکـەم لە ڕابردووی دووریشـدا کـە ڕێژەی (بوو) هـەیە، ڕوخساری (وەوە) هـەر دەتوانێت دروست ببێتەوە، وەک:

چوو بوو + ەوە ← چوو بو (وەوە)

بوو بوو + ەوە ← بوو بو (وەوە)

زۆر جـاریش ئەو جـۆرە بڕگانە لەگەڵ پاشـپرتی ئامـرازی پەیوەندیدا دروست دەبن، وەک:

لە ئارەزو (وەوە)

بە ئارەزو (وەوە)

لە هـەمـوو ئەو نموونـانەدا، دوو باری شـیـاو هەیە بـۆ دەنگی (واو)ی کۆتایی، بەم چەشنە:

یەکـەم: ئەگـەر واوەکە لە باری (نەبزوێن)دا بوو ئەوا هـەر بەنەبزوێنی دەلکێت بەپاشگری (ەوە)وە و بڕگەی (وەوە) پەیدا دەکات، وەک:

وەستاو + ەوە ← وەستا (وەوە)

سووتاو + ەوە ← سووتا (وەوە)

یان وەک:

لە ئاو ەوە ← لە ئا (وەوە)

بە ئاو ەوە ← بە ئا (وەوە)

دووەم: ئـەگـــەر واوەکـــە لـە بـاری (بزوێـن)دا بـوو، ئـەوا توێـژانـێکی نەبزوێن فــڕێ دەدات بۆ ئـەوەی دڵی ئەو بزوێنـە ڕازی بکـات کــە لێی دەخـشـێت. یان دەتوانـین بڵـێین کـە واوە بزوێنەکـە دوو لەت دەبێت بۆ

بزوێنێکی کورتتر چەشنی بزوێنی بزرۆکە، یان لە چەشنی (بۆر)ێکی سووک و بۆ واوێکی (نەبزوێن) بۆ ناوگرایەتی، وەک[18]:

بوو + هوە ⟵ بو (وەوە)

بوو بوو + هوە ⟵ بوو بو (وەوە)

یان وەک:

لە ئارەزوو هوە ⟵ لە ئارەزو (وەوە)

بەڵێ، بەپێی ڕێزمانەکە جاری وا هەیە بوار دەڕەخسێت بۆ ڕیزبوونی سێ بڕگەی (وە)، وەک (وەوەوە). بۆ نموونە، کاری (وەستان) هەیە و کاری (وەستانەوە)یش هەیە و ئەم دوو کارە دەتوانن ناوی بکەری ڕابردوو دروست بکەن، وەک[19]:

وەستان ⟵ وەستاو

وەستانەوە ⟵ وەستاوەوە

پاشان، ئەم دوو ناوە دەتوانن ببن بەبارگەی ئامرازی پەیوەندی پاشپرتدار، وەک:

لە ---- هوە ⟵ لە (وەستاو)هوە


لە ---- هوە ⟵ لە (وەستاوەوە)وە

18- دەبێت بمانبوورن لە دووبارەبوونەوەی نموونەکان، چونکە بابەتەکە زۆر ناسکە و لێکۆڵینەوەکە پێویست بەوە دەکات.

19- دەبێت بمانبوورن کە لێرەدا بەزمانی ڕێزمانێکی ستاندارد دەدوێین و زۆر لە نموونەکان دەکەین کە (تان و پۆ)ی زاری ناوچەیی فەرێ بدەن. بەدەستی خۆمان نییە زمانەکەمان وایە و ئێمە ناتوانین بەپێی پەتی بەسەر بابەتەکەدا بڕۆین.



بەم چەشنە سێ بڕگەی (وە) ڕیز دەبن، کە بەم چەشنە شیتەڵ دەکرێنەوە:




لەو ڕوخسارەدا بڕگەی یەکەم لە نیشانەی ڕابردوو تەواو و لە بزوێنی بەرایی ڕەگەزی (هوە) پێک هاتووە. بڕگەی دووەم بریتییە لە ڕەگەزی (هوە) بەبێ بزوێنی بەرایی (ـە). بڕگەی سێیەم بریتییە لە پاشپرتی (هوە) بەڵام پاش ئەوەی کە بزوێنەکەی بەرایی لەگەڵ بزوێنی دوایی لە بڕگەی ناوەندا، ئاوێتە بووبێت.

## ٦- گفتوگۆیەک لە زمانی نووسیندا

کێشەی ئەو چوار جۆرە بڕگەیەی نێو ئەم نووسینە هەر بەسووک و ئاسان دەگات بەخاکی پیرۆزی زمانی نووسین، بەم چەشنە:

* دووبارەبوونەوەی بڕگەی هاوڕوخسار، وەک (یەیە، تەتە، ڕەرە، وەوە)، خۆی لە خۆیدا ناهەمواریییەک دروست دەکات لە ئاخاوتندا. ئەمەش بەوە چارە دەکرێت کە یەک بڕگەیان گۆ بکریت، وەک:

ناردوومیـ (تەتە)وە ← ناردوومیـ (تە)وە

بینێـ (رەرە)وە ← بینێـ (رە)وە

بەڵێ لەو نموونانەدا، دووبارەبوونەوەی بڕگەکان بریتییە لە بارێکی ڕێزمانی و زمانی ڕێزماندار حەز لەوە دەکات، بەڵام زۆرتر، بەشێوەی یەک بڕگەیی دەگات بەزمانی نووسین[٢٠].

* لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، زۆر جار زۆر لە ڕەگەزێکی ڕێزمانی دەکەین کە ئاودیو ببێت و نەمینێت لە ڕیزەکەدا، وەک:

تۆ بخەو (ەر)ەوە ← تۆ بخەو (———)ەوە

ئەم دەستدرێژییە لە زمانی ڕێزماندار‌دا بەهیچ جۆرێک پەسند نییە. لە ئێرەدا ڕەگەزێکی ڕێزمانی وەک جێناوی کەسی دووەمی تاک لە ڕێژەی فەرماندا، لابراوە. بێ گومان ئەم ڕەگەزە ڕوخسارێکی ڕواڵەتی هەیە لە چەشنی (ـە) و ڕوخسارێکی بیرکارییانەی هەیە لە چەشنی (ـەر) لە ناخی بیردا. لەم ئاستەدا، دەتوانین بڵێین کە جۆرە کردەوەی ئاوها گەورە، دەبێت بەبڕیارێکی باڵا یەکلایی بکرێتەوە.

* زۆر جار ئەوە پەسند نابێت کە هەردوو برگەکە بە یەک برگە کۆ بکرێت، وەک دەگوترێت:

ئەو پیالە (یەیە)

ئەو چو (وەوە)

٢٠– جۆرە کێشەی ئاوها دەبێت بەشێوەیەکی زانستی یەکلایی بکرێتەوە، چونکە ئەگەر کەڵکێکی بەرچاوی هەبێت لەو کردەوەیەدا، لەوانەیە چەندین زیانی شاردراوە هەبێت.



ئەم جۆرە برگانە ئەو پەسند ناکەن نابووت بکرێن هەر لەبەرئەوە بەئارایشتی ڕێزمانی تەواوەوە دەچنە نێو زمانی نووسینەوە.

* بەرانبەر بەخاڵی پێشوو، دەتوانین لە هەندێک وشەدا برگەی (وە) هەڵبگرین، وەک[٢١]:

کراو + ەوە ← کرا (وەوە) ← کرا (وە)

* لە کۆی ئەو خاڵانەدا کە ڕیز کران، دەبینین بابەتەکە زۆر بەگێچەڵە و تەنگژەی گەورە پەیدا دەکات لە زمانی نووسیندا. بۆ نموونە برگە هەیە لا دەبرێت لە بارێکدا، کەچی هەمان برگە لە بارێکی تردا لا نابرێت، یان برگە هەیە هەردوو بارەکە پەسەند دەکات. هەر لەبەرئەوە، دەبێت بڕیاری باڵا بۆ هەر بارێک دەربچێت. ئەمەش یەکەم جار دەبێت بەتەواوی لە لایەن (کۆڕی زانیاری)یەوە هەرس بکرێت، پاشان چارەسەری تایبەتی بۆ هەر بارێک دابنرێت.

تۆ بڵێیت ڕۆژێک لە ڕۆژان دابنیشین و ئەو وردە کێشانە بەڕێزمانێکی ورد و بنەمادار، یەکلایی بکەینەوە. بەمەش لە زمانێکی ئاساییەوە ڕوو بکەین لە زمانێکی ڕێزماندار بۆ (نووسین). لەم ئەرکە پیرۆزەدا، دەبێت ئەوانەی ئەنجامی بدەن لە ئاستە بەرزەکانی زمانەوانی و ڕێزمانی کوردیدا بن نەک لە ئاستی زمانزانیدا بن. بەم پێیە کێشەکان زۆر زۆر فرەسەر و هەمەچەشنەن.

هەر لەبەرئەوە پسپۆڕایەتی و ئاستی زانستی و ئاستی شیتەڵکاری بیرکارییانە زۆر زۆر پێویستە بۆ ئەوانەی کە دەست بۆ ئەم بابەتانە دەبەن. جۆرە بابەتی ئاوها ئاڵۆز، تێکهەڵکێش دەبێت لەگەڵ چەندین

٢١– هەمان پەراوێزی (٢٠).

میکانیزمی ڕێزمانیدا.

لە لایەکی ترەوە، ئەو کێشانە ئەگەر لە لایەن ڕێزماننوسانە وە باس کرابن، بەڵام بەنارێکی لێک دراونەتەوە، بۆ نموونە، نەباسی (دەنگی خپ) کراوە و نەباسی (لەتبوونی نیمچە بزوێن) کراوە. بێ گومان، چارەسەرکردنی ئەو کێشانەبە ئەوە دەست پێ دەکات کە هەموو میکانیزم و دیاردە ڕێزمانییەکان بەجوانی هەرس کرابن لە بیری ئەوانەدا کە دەکەونە کاری نەشتەرگەری هورد لە جەستەی زمانەکەدا.


سەرچاوەکان:

١- د. شێرکۆ بابان، داینامیزمی جێناوی لکاو لە ڕستەسازیدا، هەولێر، ١٩٩٧.

٢- د. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩١.

٣- د. تالیب حوسێن عەلی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٨٩.

٤- د. وریا عومەر ئەمین، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (١٣٨)، بەغدا ١٩٩٦.

٥- د. شێرکۆ بابان، چەند نهێنییەک لە زمانی مۆرفیمی ئێستاییدا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (٦)، هەولێر ١٩٩٨.

٦- ڕەئووف ئەحمەد ئالانی، کێشەیەک لە ڕێزمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٨١.



سەرنج: ئەم نووسینە لە گۆڤاری (مەتین)دا، ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٩٨ لاپەڕە (٤٦-٦٠).




٦

## نموونەیەک لە چاکسازی لە زمانی نووسیندا

### ١- دەستپێک

لە زمانی نووسیندا، دەیان و سەدان کێشەی هەمەجۆر هەیە. یەکێک لەو کێشانە بریتییە لە کەڵەکەبوونی دەنگی (ی) لە ئامرازی بەستندا. بێ گومان، ئەگەر ڕوو بکەین لە زمانی ڕۆژنامەوانی و لە زمانی چاپەمەنی و لە زمانی بێژەران، چەندین نموونە دەستنیشان دەکەین کە چەندین جار ئەو دەنگە دووبارە بووەتەوە، بۆ نموونە لەسەر بەرگی هەموو نامەکانی ماجستێر و دکتۆرا لە زمانی کوردیدا نووسراوە (نامەیەکە مامۆستا پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە). لەم ڕستەیەدا پێنج جار دەنگی (ی) ریز بووە لە کۆتایی وشەکاندا. گومان لەوەدا نییە کە ئەم بارە زۆر لێ کراوە و ئەگەر ڕێ بدرابا بەنووسەرانی نامەکان، بۆ هەمان واتا، چەند ڕیزبوونێکی دیکەیان ڕیز دەکرد. ئێمەش لەم نووسینەدا ڕوو دەکەین لەو کێشەیە و بەوردی و بەهێوری لێی دەدوێین. بەو هیوایەی کە بتوانین وەک پێویست شرۆڤەی بکەین.

* نموونەیەک لە شرۆڤەکاریدا(١):

نامەیەکە

مامۆستا

(١) بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکاری نموونەکە لەسەر باری ستوونی نووسراوە، بۆ ئەوەی بتوانین دووبارەبوونەوەی ڕەگەزی (ی) ژمارەڕێژ بکەین.

پێشکەش

ی (١)

کۆلێج

ی (٢)

ئاداب

ی (٣)

زانکۆ

ی (٤)

سەلاحەدین

ی (٥)

کردووە

لەم نموونەیەدا، پێنج دەنگی نیمچەبزوێنی (ی) ریز کراون لە نێوان وشەکاندا. بێ گومان، جۆرە دەستەواژەی ئاوها زۆر سەخت و دژوار و بێ تان و پۆیە و دەبێت لە ئاستی زمانی نووسیندا[٢] دەست بپارێزین لە ئاستی. لەگەڵ ئەوەدا، دەتوانین و بەوردی و بەهێوری ئەو پێنج دەنگەی (ی) شرۆڤە بکەین وەک:

یەکەم: دەنگی (ی)ی ژمارە (٢) بریتییە لە ئامرازی بار و سەربار لە نێوان وشەی (کۆلێج) و وشەی سەربار (ئاداب)دا، وەک:

| (کۆلێج) | ی | (ئاداب) |
|---|---|---|
| بار | ئامراز | سەربار |

دووەم: بەهەمان شێواز، دەنگی (ی) ژمارە (٤) بریتییە لە ئامرازی بار

(٢) ئەوەش لە یاد نەکەین کە نموونە ماکی شێوەزاری ناوچەیی پێوە دیارە.



و سەربار لە نێو وشەی بار (زانکۆ) وشەی سەربار (سەلاحەدین) وەک:

| (زانکۆ) | ی | (سەلاحەدین) |
|---|---|---|
| بار | ئامراز | سەربار |

سێیەم: بەپێچەوانەی خاڵی یەکەم و دووەم دەنگیی (ی)ی ژمارە (٣) بریتیی نییە لە ئامرازی بار و سەربار لە نێوان هەردوو وشەی (ئاداب) و (زانکۆ)، بەڵام بریتییە لە ئامرازی بار و سەربار لە نێوان هەردوو دەستەواژەی (کۆلێجی ئاداب) و (زانکۆی سەلاحەدین)، بەم چەشنە:

| [(کۆلێج) | ی | (ئاداب)] | (ی) | [(زانکۆ) | ی | (سەلاحەدین)] |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بار | | سەربار | ئامراز | بار | | سەربار |
| بار | | | | سەربار | | |

چوارەم: بەپێی ئەوەی گوترا ئامرازی (ی) ژمارە (٢) و ژمارە (٤) کەوانەی بچووک لە یەک دەدەن و ئامرازی (ی) ژمارە (٣) هەردوو دەستەواژەی ئامرازی (٢) و (٤) دەخاتە نێو کەوانەی گەورە و ئەوسا لە یەکتریان دەدات. وەک:

[ (کۆلێج) (ی) (ئاداب)] ی [(زانکۆ) (ی) (سەلاحەدین)]

کەواتە، ئامرازەکانی نێو ئەم دەستەواژەیە بەم چەشنە دەخرێتە سەرباری پۆلێنکردنی ستوونی:

کۆلێج ئاداب زانکۆ سەلاحەدین

ی ی

ی

پێنجەم: پاشان، ئەو دەستەواژە گەورە و گرانە جارێکی دیکە بەئامرازی (ی) ژمارە (١) دراوە لە پێشگری کارەکە (پێشکەش) وەک:

| پێشکەش | ی | (کۆلێج)ی (ئاداب)ی (زانکۆ)ی (سەلاحەدین) |
|---|---|---|

شەشەم: ئەو دەستەواژە درێژەی کە لە خاڵی چوارەم باس کرا هەر هەمووی بریتییە لە بارگەی پێشگری (پێشکەش) و لە گیرفانی ئەو پێشگرە، کە جێی دەستەواژەی (کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین)ی کردووەتەوە. لەم ئاستەدا، پێشگرە گیرفاندارەکە بووە بە (جێباز) بۆ جێناوی جێگۆڕ[٣] (ی) کە بەژمارە (٥) ناوبراوە، وەک:

| پێشکەش | ی | (کۆلێج)ی (ئاداب)ی (زانکۆ)ی (سەلاحەدین) |
|---|---|---|

## ٢- باری چاکسازی:

لەو دەستەواژە لێکدراوە گرانەدا باری چاکسازی هەیە و نابێت بهێڵین کە زمانی نووسین ڕوو بکات لە (ناڕێزمان). بۆ نموونە، دەتوانین چەند خاڵێک بخەینە ڕوو وەک:

(٣) میکانیزی جێگۆڕکێی پۆلەجێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە زۆربەی ئیشەکانی ئێمەدا باس کراوە، بەتایبەتی لە کتێبی داینامیزمی جێناوی لە ڕستەسازیدا، هەولێر ١٩٩٧.



مامۆستا [پێشکەش (–)]ی کردووە بە[کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین]

یەکەم: گیرفانەکەی پێشگری (پێشکەش) بەتاڵ دەکەینەوە و دەستەواژەی (کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین) دەردەکەین بەم چەشنە:

دووەم: لەو دەستەواژەیەدا، سێ ئامرازی (ی) راگوێز کراون و یەکێک گۆڕاوە بۆ ئامرازی پەیوەندی (بە). بەم پێیە ئامرازی (ی) ژمارە (١) بەوەرچەرخان پەیدا بووە و لە ڕەسەندا بریتییە لە ئامرازی (بە).

سێیەم: باری ڕێزمانی دەستەواژەکە دەرکەوتووە کاتێک کە دەستەواژەی (کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین) بووە بەپاشکۆیەکی بەستراو بەکلکی کاری ڕستەکەوە.

چوارەم: سەرەڕای ئەو چاکسازییە، هێشتا هەنگاوێکی دیکە ماوە، چونکە ئامرازی ژمارە (٣) لە نێوان (ئاداب) و (زانکۆ)دا زۆر ناقۆڵایە. بۆ نموونە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ زمانانی دیکەدا، دەبینین کە ئەو ئامرازە جێگای ئامرازی (لە)ی گرتووەتەوە. واتە، دەستەواژەی (کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین) دەبێت بەم چەشنە بنووسرێت:

کۆلێجی ئاداب (لە) زانکۆی سەلاحەدین

شەشەم: بەم پێیە، ڕستەکە هەر هەمووی ڕاست دەبێتەوە ئەگەر بگوترێت:

مامۆستا پێشکەش (ی) کردووە بە کۆلێج (ی) ئاداب (لە) زانکۆ (ی) سەلاحەدین

### ٣- لەبەر ئەنجامدا

لەو هەڵسوکەوتەدا کە لەم نووسینەدا پیادە کرا، چەند بەرەنجامێک خۆی دەسەپێنێت بەسەر بابەتەکەدا، وەک:

یەکەم: ئەگەر ویسترا ئەلبوومی ڕێزمانەکە بکەینەوە بۆ کێشەی ئەم کارە، دەبینین کە چاوگی ڕێژەکە بریتییە لە (پێشکەشکردن بە). بێ گومان ڕێزگرتن لەم چاوگە نازدارە بەو ڕوخسارە دیاری کراوە، دەبێت بەهۆی چارکردنی نیوەی کێشەکە[٤].

دووەم: بەسەرنجێکی ورد و هێور لە بابەتەکە، دەبینین کە دوو جار دەستدرێژی کراوە لە قەوارەی هەردوو ئامرازی پەیوەندی (بە، لە). بێ گومان ئەگەر ئەم لاسارییە لا ببەین نیوەی دووەمی کێشەکە چارەسەر دەکرێت.

سێیەم: ئەگەر هەردوو نموونەی:

– نامەیەکە مامۆستا پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە.

– نامەیەکە مامۆستا پێشکەشی کردووە بە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

بەراورد بکەین، بەئاشکرا دەبینین کە نموونەی یەکەم تان و پۆی

---

(٤) لە ئەلبوومی کاری (کردن)دا، چاوگی (کردن) و چاوگی (کردن بە...) هەیە، لە پاش وەرگرتنی پێشگری (پێشکەش)، چاوگی (پێشکەش کردن) و چاوگی (پێش کەش کردن بە...) هەن، بێ گومان هەر چاوگێک لە ئەوانە گەردانناماەی خۆی هەیە لە تەرازووی ڕێزماندا. کەواتە، دەبێت ئەو نموونەیە بگەڕێتەوە بۆ گەردانناماەی چاوگی (پێش کەش کردن بە...)، نەک جێیەکی تر و نەک بارێکی نابووت.



زاری ناوچەیی هەڵگرتووە. هەر لەبەرئەوە ئێمە ڕستەی دووەم بە (ڕێزمانی) دەزانین.

لە کۆتاییدا، دەبا هەر هەمووومان نەختێک خۆ هیلاک بکەین و نەختێک برەنجێین بەرستەکانەوە. ئەو ڕستانەی کە دەکەونە سەر پەڕە و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو دەمێننەوە.

سەرچاوە:

١– د. شێرکۆ بابان، بەرەو ڕێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین، هەولێر ٢٠٠٠.

٢– د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٨٢.

٣– مەسعود محەمەد، وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٧٤.

٤– وریا عومەر ئەمین، لێکدانی وشەکان، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١١٨) بەغدا ١٩٨٩.

سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)دا، ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٠، لاپەڕە (٢٠–٢٥).

٧

# ڕامانێک لە ئاستی ناوی واتایی لە زمانی نووسیندا

## ١- دەستپێک:

لە ئاستی ناوی واتاییدا، پەڕپووتییەکی زۆر بەربڵاو هەیە لە زمانی نووسیندا، هەر لەبەرئەوە، دەشێت بایەخێکی تەواوی پێ بدرێت. لە ڕاستیدا، ڕیزێک لە ڕوخساری تێکەڵوپێکەڵ دەکەوێتە بەر پێنووس و هەر هەموومان، وەک چۆن هەڵدەپلێت لەسەر زار، هەر ئاوها تۆماری دەکەین لە نووسیندا. بۆ نموونە (مەردی، مەردێتی، مەردەتی، مەردایەتی) هەر هەموویان ناوی واتایین، بەڵام مەرج نییە یەک پسوولەی ڕێزمانییان هەبێت، یان هەر هەموویان یەک بڕشتی واتایی ببەخشن. لە لایەکی دیکەوە، پۆلێکی تایبەتی هەیە لە چەشنی (ناسکایی، فێنکایی، باریکایی، تەنکایی، بەرزایی، درێژایی... تاد). مامۆستا مسعوود محەمەد ئیشێکی جوانی لەسەر کردووە، بەتایبەتی لە کتێبی (زاراوەسازی پێوانە)دا.[١]

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێزماننووسانی دی، ئەگەر ناوی واتاییان باس کردبێت، تەنیا هەر لە ڕوانگەی زمانانی دیکەوە باسیان کردووە، واتە سەرنجیان نەگەیشتووە بەو مۆرکە تایبەتییانەی کە هەڵی دەگرێت. بێ گومان، جۆرە بابەتی ئاوها گرینگ، پێویست بە لێکۆڵینەوەی زرنگ دەکات، تا بتوانێت بوارە لێڵەکان و ڕەگەزە واتاییەکان لێک بداتەوە. بەڕاستی، ناوی واتایی زۆری پێویستە و ئێمە ویستوومانە نەخشەی

(١) سەرچاوەی ژمارە (١)، کەڵکی ڕاستەوخۆ وەرگیراوە لە ئەم سەرچاوەیە، بەتایبەتی لە کۆپلەی (٧)دا.



ڕێزمانەکەی دابڕێژین و چێوەڕێژی بکەین، لەم نووسینەدا، هەوڵ دەدەین کە جۆرەکانی ناوی واتایی لە یەکتری هاوێر بکەین و هەموو ئەو ڕەگەزە ڕێزمانیانە دیاری بکەین کە ڕۆڵ دەگێڕن لە ڕێزمانەکەیدا. بەو هیوایەی کە بتوانین نەختێک لە ئەو پەڕپووتییە لا ببەین، کە هەر هەموومان، بەبێ ئاگایی، پێ دەنێین لە سنگی وشەی نازداری زمانەکە و زۆر دەستەواژەی نابەجێ ڕیز دەکەین لەسەر لاپەڕەی نووسین.

## ٢- جۆرەکانی ناوی واتایی:

لە نێو ئاخاوتنی کوردیدا، چەند ڕیزێک لە (ناو) هەیە کە سیمای ناوی واتایی هەڵدەگرن، وەک:

**یەکەم:** ناوی واتایی بەیارمەتی بزوێنی (ی)، وەک:

جوان: جوانی، شوان: شوانی، کوێر: کوێری، مەرد: مەردی، تیژ: تیژی، بەرز: بەرزی، زەرد: زەردی، نیان: نیانی...تاد.

**دووەم:** ناوی واتایی بەیارمەتی پاشکۆی (ێتی)، وەک:

جوان: جوانێتی، شوان: شوانێتی، کوێر: کوێرێتی، مەرد: مەردێتی، تیژ: تیژێتی، بەرز: بەرزێتی، زەرد: زەردێتی، نیان: نیانێتی...تاد.

ئەو ناوانەی کە ڕیز کران، زۆر جار بەپاشکۆی (یەتی) یان بەپاشکۆی (ەتی) دەردەکەون، وەک:

جوان: جوانیەتی: جوانەتی، شوان: شوانیەتی: شوانەتی، کوێر: کوێریەتی: کوێرەتی، مەرد: مەردیەتی: مەردەتی، تیژ: تیژیەتی: تیژەتی، بەرز: بەرزیەتی: بەرزەتی، زەرد: زەردیەتی: زەردەتی، نیان: نیانیەتی: نیانەتی...تاد.

**سێیەم:** ناوی واتایی بەیارمەتی پاشکۆی (ایەتی)، وەک:

جوان: جوانایەتی، شوان: شوانایەتی، کوێر: کوێرایەتی، مەرد: مەردایەتی، تیژ: تیژایەتی، بەرز: بەرزایەتی، زەرد: زەردایەتی، نیان: نیانایەتی... تاد.

چوارەم: ناوی واتایی بەیارمەتی پاشکۆی (ایی)، لە ئاستی ئەم جۆرە واتایانەدا نەختێک جادەکە تەسک دەبێتەوە و مەرج نییە لەگەڵ هەموو ئاوەڵناوێکدا برەوەی هەبێت، وەک:

بەرز: بەرزایی، کوێر: کوێرایی، تیژ: تیژایی، ناسک: ناسکایی، ڕەش: ڕەشایی، تاریک: تاریکایی، ڕوون: ڕۆنایی، ڕۆشن: ڕۆشنایی... تاد.

لە ڕاستیدا نموونە زۆرن، بەڵام هەر هەموویان لەو خاڵانەی سەرەوەدا جێیان دەبێتەوە.

### ٣- پاشکۆی ناوی واتایی:

لەم کۆپلەیەدا لە پاشکۆکانی ناوی واتایی دەکۆڵینەوە و پاشکۆکان کەوانەڕێژ دەکەین، وەک:

جۆری یەکەم:

ناسک: ناسکی: ناسک(ی)

جۆری دووەم:

ناسک: ناسکەتی: ناسک(ەتی)



یان: ناسک: ناسکیەتی: ناسک(یەتی)

یان: ناسک: ناسکێتی : ناسک(ێتی)

جۆری سێیەم:

ناسک: ناسکایەتی: ناسک(ایەتی)

جۆری چوارەم:

ناسک: ناسکایی: ناسک(ایی)

لەو چوار جۆرەدا[٢]

تا پێنج دەنگ بۆی هەیە کە ڕیز ببن لە پاشکۆکەی ناوی واتاییدا. وەک:

یەکەم: لە هەموو نموونەکان، نیشانەی ناوی واتایی (ی) بەرجەستەیە بەپاشەنگی وشەکانەوە، واتە ئەم ڕەگەزە، بریتییە لە مۆرکێکی گشتی بۆ ناوی واتایی.

دووەم: لە جۆری یەکەمدا، تەنیا هەر دەنگی (ی) دەرکەوتووە، کەواتە جۆری یەکەم سادەترین و گشتیترین نموونەی ناوی واتاییە.

سێیەم: لە نموونەی سێیەم و چوارەمدا، دەنگی بزوێنی (ا) دەرکەوتووە، وەک (ناسکایەتی، ناسکایی).

چوارەم: لەهەندێک نموونەدا، ڕێژەی کاری (بوون)، مۆرفیمی ئێستایی، بە ڕوخساری (ەت) دەرکەوتووە، لە نموونەکانی جۆری دووەم و لە نموونەکانی جۆری سێیەمدا بەرجەستەیە،

(٢) بێ گومان جۆری تریش بەرگوێ دەکەوێت، بەڵام هەر ئەو چوار جۆرە لە پەرێزی زمانی نووسیندا برەویان هەیە.

وەک (ناسک/ەت/ی) یان (ناسکایـ/ەت/ی). کەواتە کاری (بوون) پەڕیوەتە نێو ڕێزمانی ناوی (واتایی). لەم ئاستەدا، دەتوانین بڵێین کە مۆرکی کاری (بوون) بارگاوییە بەجۆری دووەم و سێیەمەوە.

پێنجەم: لە نموونەکانی جۆری دووەمدا ناوگرێک لە چەشنی (ی) پەیدا بووە و پێویست نییە، چونکە بەهیچ جۆرێک (بزوێن) لە (بزوێن) نەخشاوە، هەر لەبەرئەوە نموونەی (ناسکەتی) بەگەن دەکەین، هەر چەندە نموونەی (ناسکێتی) و هاوتاکانی برەویان پەیدا کردووە و ڕووبەری زمانەکەیان داپۆشیوە.

شەشەم: سەرەڕای ئەو ناوگرەی لە خاڵی پێشوودا باس کرا، ناوگرێکی دی پەیدا بوو بۆ جوداکرنەوەی بزوێنی (ا) و بزوێنی (ـە). بۆ نموونە، ناوگری (ی) بریتییە لە ناوگرێکی دەرەکی و لە پاش دەنگی (ا) پەیدا بووە بۆ جوداکردنەوەی لە بزوێنەکەی پاشی، پاشان دەنگی (ت) پەیدا بووە بۆ ناوگرایەتی ئەم ناوگرە بریتییە لە دەنگی (ت) لە مۆرفیمی ئێستاییدا و بەزەبری بزوێنی (ی) بووژێنراوەتەوە[٣].

حەوتەم: بەپێی ئەوەی گوترا، تەنیا سێ ڕەگەزی ڕێزمانی دەرکەوتووە بەناوی واتاییەوە کە بریتین لە:

* ڕەگەزی (ی)، کە گشتییە بۆ هەموو نموونەکان و بریتییە لە بارگەی دواخانە لە ناوی واتاییدا.
* ڕەگەزی کاری (بوون)، کە بریتییە لە مۆرفیمی ئێستایی

(٣) بروانە بۆ کۆپلەی (٣) لە بابەتی (٥) لە پێشەوە. لە ئەوێدا ڕەگێشەی دەنگی خپی (ت) دەرخراوە.



(ەت)، کە دەکەوێتە نێو خانەی پێش دوایی، واتە پێش ڕەگەزی (ی).

* ڕەگەزی (ا) لە خانەی بەراییدا لە پاش ئاوەڵناوەکە.

هەشتەم: وەک سێ ڕەگەزی ڕێزمانی دەرکەوتووە لە پاشکۆی ناوی واتاییدا، ئەو سێ ڕەگەزە دەتوانن ئەو جۆرە ناوە هەڵبسوورێنن. لەم ئاستەدا، تێکهەڵکێشێک پەیدا دەبێت و چوار جۆر لە ناوی واتایی پەیدا دەبن، وەک:

**جۆری یەکەم:**

[ئاوەڵناو + ڕەگەزی (ی)]

**جۆری دووەم:**

[ئاوەڵناو + مۆرفیمی (ەت) + ڕەگەزی (ی)]

**جۆری سێیەم:**

[ئاوەڵناو + ڕەگەزی (ا) + ڕەگەزی (ی)]

**جۆری چوارەم:**

[ئاوەڵناو + ڕەگەزی (ا) + مۆرفیمی (ەت) + ڕەگەزی (ی)]

**٤- ناوی واتایی گشتی:**

ئەم جۆرە ناوە بە ڕێسایەک دروست دەبێت لە چەشنی:

[ئاوەڵناو + ڕەگەزی ناوی واتای (ی)]

وەک:

ناسک: ناسکی: (ناسک + ی)

جوان: جوانی:  (جوان + ی)

درێژ : درێژی: (درێژ + ی)

پان : پانی : (پان + ی)

خۆش: خۆشی: (خۆش + ی)

ئەم نموونانە، زۆر زۆر سادەن و نموونەی (ناوی واتایی گشتی) پێشان دەدەن، واتە، هیچ ڕەگەزێکی ڕێزمانی پێیانەوە دەرناکەوێت تا واتای گشتییان لاسەنگ بکات. سەبارەت بەدەنگی (ی)، ئەم دەنگە لە (نیمچە بزوێن) دەچێت، بەڵام وا نییە، واتە، دەنگی (ی) لە ناوی واتاییدا خۆی دەگرێت و بەهیچ جۆرێک ناکەوێت بەدیوی (نەبزوێن)دا. بۆ نموونە، ئەگەر ئاوەڵناوەکە بە (بزوێن) کۆتایی هاتبێت، ئەوا ناوگری (ی) داوا دەکات و خۆی ناکات بە (نیمچە بزوێن) وەک (زانا: زانایی، دانا: دانایی، ڕۆشنا: ڕۆشنایی، برا: برایی)(٤).

**٥- ناوی واتایی بەکاری (بوونی ئێستایی)**

ئەم جۆرە بەرێسایەک دروست دەبێت لە چەشنی:

[ئاوەڵناو + مۆرفیمی ئێستایی (ەت) + ڕەگەزی واتایی (ی)]

وەک لە پێشەوە باس کرا، نموونەکانی ئەم جۆرە دەتوانن بە سێ ڕوخسار دەربکەون، وەک:

(٤) ئەم نموونانە بەڕوخسار دەچنەوە سەر جۆری سێیەم (ناسکایی، ڕەشایی، تەنکایی،... تاد)، بەڵام بە واتا لە جۆری یەکەمن.



**ڕوخساری یەکەم:**

ناسکێتی [ناسک + ێت + ی]

**ڕوخساری دووەم:**

ناسکییەتی [ناسک + یەت + ی]

**ڕوخساری سێیەم:**

ناسکەتی [ناسک + ەت + ی]

لە نموونەی دووەمدا، ناوگری (ی) بەناڕەوایی پەڕیوەتەوە، چونکە هەلومەرجی پەیدابوونی لە ڕێزەکەدا نییە. لەم هەڵوێستەدا، ئەگەر دەنگی (ی) لا ببەین، ئەوا ڕوخساری سێیەم (ناسکەتی) پەیدا دەبێت، لە نموونەی یەکەمدا، ناوگری (ی) لەگەڵ بزوێنی (ە) یەکیان گرتووە و بزوێنی (ێ) پەیدا بووە، واتە ڕوخساری مۆرفیمی (ەت)ی گۆڕیوە بۆ (ێت)، کەواتە بزوێنی (ی)، وەک بە ناڕەوایی پەیدا بووە، لاسارییەکی دیکەی کردووە و بزوێنی (ێ) ی پەیدا کردووە. بەم شێوەیە دەبینین کە ڕوخساری (ەتی) لە نموونەی (ناسکەتی)دا، ڕێزمانییە و دەشێت بکرێت بەجێگرەوەی دوو ڕوخسارەکەی تر.

لە لایەکی ترەوە، دەبینین کە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) هەیە و بەزەبری بزوێنی (ی) بەڕوخساری تەواوی (ەت) دەرکەوتووە، ئەم مۆرفیمە کە بریتییە لە ڕێژەی کاری (بوون)، وا لە ناوەکە دەکات کە ببێت بە چاوگێک بۆ [کاری (بوون) لەگەڵ ئاوەڵناوێکدا][٥].

(٥) ئەم بۆچوونە تازەیە و نامۆیە بەو ڕێزمانانەی کە هەیە، چونکە ڕێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) هێشتا نەبووە بەبابەتی ڕێزمانی.

وەک:

ناسکەتی: ناسک + ەت + ی: ناسک (ەتی)

مەردەتی: مەرد + ەت + ی: مەرد (ەتی)

جوانەتی : جوان + ەت + ی: جوان (ەتی)

بەرزەتی : بەرز + ەت + ی: بەرز (ەتی)

لە ڕاستیدا، هەر یەکێک لەم ناوانە بریتییە لە چاوگێک بۆ ڕێژەکانی (بوون)، وەک:

| چاوگ (ئاوەڵناو + بوون) | نموونە بە کەسی ڕێزمانی |
|---|---|
| | من مەرد م |
| | تۆ مەرد یت |
| مەردێتی (مەردەتی) | ئەو مەرد ە |
| | ئێمە مەرد ین |
| | ئێوە مەرد ن |
| | ئەوان مەرد ن |

سەبارەت بەڕوخساری ئەم جۆرە، دەنگی (ی) خۆی چەسپاندووە (مەردەتی) بووە بە (مەردیەتی) یان بە (مەردێتی)[٦]، بەڵام بڕیارێک پێویستە کە یەکێک لەم سێ ڕوخسارە یەکلایی بکاتەوە، ئێمەش

(٦) لەسەر کێشی ڕێژەی ڕابردووی تەواو، کە مۆرفیمی ئێستایی هەڵدەکرێت، وەک (ناردوویەتی) و (ناردووێتی).



ڕوخساری (ەتی) بەڕێزمانی دەزانین، لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆر ناوچەدا هێشتا هەر بەکار دەهێنرێت[٧].

### ٦- ناوی واتایی جێگەیی:

ئەم جۆرە ناوە بەم ڕێسایە پەیدا دەبێت:

[ئاوەڵناو + دەنگی (ا) + ڕەگەزی واتایی (ی)]

لەم ئاستەدا، سنووری ئەم جۆرە ناوە تەسک دەبێتەوە، چونکە ڕامانی ناوی جێگەیی هەڵدەگرێت. بۆ نموونە، لەم ئاوەڵناوانەدا، دەتوانین کێشەکە دیاری بکەین، وەک:

ناسک : ناسکایی : جێگەی (ناسک)

تەخت : تەختایی : جێگەی (تەخت)

بەرز : بەرزایی : جێگەی (بەرز)

تەڕ : تەڕایی : (جێگەی تەڕ)

تاریک : تاریکایی : (جێگەی تاریک)

لەگەڵ ئەوەدا، چەند کێشەیەک هەن کە لەم جۆرە ناوەدا دەردەکەون، وەک:

یەکەم: ئەم جۆرە ناوە تەنیا ئەو ئاوەڵناوە دەگرێتەوە کە سیمای (جێگەیی) هەڵدەگرن و بەرجەستەن لە سروشتدا. بۆ نموونە، ئاوەڵناوی (مەرد) نابێت بە (مەردایی)، چونکە خۆی لە خۆیدا واتاییە.

(٧) بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە، ئەم جۆرە ئاوەڵناوە هێنرایە پێش، چونکە دەبێت بەبنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە جۆری چوارەم (پەیوەندیی نێوان کەسان).

دووەم: ئەم جۆرە ناوە، زۆر جار بەڕوخسار لەگەڵ جۆری یەکەمدا تێکەڵ دەبن، وەک:

زانا : زانایی

مامۆستا : مامۆستایی

دانا : دانایی

لەم نموونانەدا، دەنگی (ا) بریتییە لە بەشێک لە ئاوەڵناوەکان (زانا، مامۆستا، دانا). هەر لەبەرئەوە، دەتوانین بەجوانی جودایان بکەینەوە لەگەڵ جۆری یەکەم (ناوی واتایی گشتی) ڕیزیان بکەین. لە بەرانبەردا، لە نموونەیەکدا، وەک (ڕۆشنایی) لێڵی پەیدا دەبێت، چونکە ئاوەڵناوی (ڕۆشن) هەیە و ئاوەڵناوی (ڕۆشنا)ش هەیە، لەم هەڵوێستەدا، دەشێت لە یەکەم هەنگاودا، ئەو دوو ئاوەڵناوە لە یەکتری جودا بکەینەوە بەڕێزمان.

لە دووەم هەنگاودا، دەتوانین بڵێین (ڕۆشن: ڕۆشنایی) واتای جۆری سێیەم (واتای جێگەیی) دەبەخشێت و (ڕۆشنا: ڕۆشنایی) واتای جۆری یەکەم دەبەخشێت، وەک (ڕۆشن: ڕۆشنی). لەم جۆرە نموونەیەدا، دەنگی (ا) تەمومژ بەرپا دەکات و ڕوخساری ناوە واتاییەکان یەکسان دەکات، بۆ نموونە (ناسکایی) و (مامۆستایی) لەیەک دەچن بەدارشتن، بەڵام لە ئەلبوومی ناوی واتاییدا زۆر لە یەکتری جودا دەبنەوە.

سێیەم: ئەم جۆرە ناوە تەنیا لە بواری ئاوەڵناوی پەتی و سادە دروست دەبن، بۆ نموونە (ناسک) دەبێت بە (ناسکایی)، کەچی (دڵناسک) نابێت بە (دڵناسکایی) یان (دڵتەڕ) نابێت بە



(دڵتەڕایی) یان (سەربەرز) نابێت بە (سەربەرزایی). لە بەرانبەردا، ئەو ئاوەڵناوانە دەتوانن ببن بە (دڵناسکی، دڵناسکەتی، دڵتەڕی، دڵتەڕەتی، سەربەرزی، سەرەبەرزەتی).

چوارەم: ئەم جۆرە ناوە، پردێک بنیاد دەنێن لە نێوان ناوی واتایی و ناوی جێگەیی، واتە (ناوی واتایی جێگەیی) دروست دەکەن. بەواتایەکی دی، جێگەی کاریگەریەتی واتای ئاوەڵناوەکە دیاری دەکەن، بۆ نموونە ناوی (تیژایی) ئەو جێگەیەی چەقۆیەک دیاری دەکات کە کاریگەریەتی ئاوەڵناوی (تیژ) هەڵدەگرێت.

**٧- ناوی واتایی پەیوەندیی نێوان کەسان:**

ئەم جۆرە ناوە بەڕێسایەک پەیدا دەبێت لە چەشنی:

[ئاوەڵناو + دەنگی (ێ) + مۆرفیمی ئێستایی + ڕەگەزی واتایی (ی)]

لە ڕاستیدا، ناوەکانی ئەم جۆرە، هەر هەموویان واتای پەیوەندیی نێوان کەسانی کۆمەڵ دیاری دەکەن، یان ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن کە چەند کەسێک ببەستێت بەیەکترییەوە، وەک:

مەرد : مەردایەتی : پەیوەندیی نێوان کەسانی (مەرد)

کورد : کوردایەتی : پەیوەندیی نێوان کەسانی (کورد)

فەرمانبەر : فەرمانبەرایەتی : پەیوەندیی نێوان کەسانی (فەرمانبەر)

گەنج : گەنجایەتی : پەیوەندیی نێوان کەسانی (گەنج)

خزم : خزمایەتی : پەیوەندیی نێوان کەسانی (خزم)

کەواتە ئەم جۆرە ناوە پەیوەستە بەو پەیوەندییەوە کە لە نێوان (مەرد و مەرد)، یان (کورد و کورد) یان (فەرمانبەر و فەرمانبەر)، یان (گەنج

و گەنج) یان (خزم و خزم)دا بووە بەهاوبەندی. بێ گومان کاتێک کە ئەم پەیوەندییە پتەو بێت دەتوانێت ببێت بەپەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان سەندیکایەتی یان پیشەیی...تاد.

### ٨- **بارێکی تایبەتی:**

لە کۆپلەکانی پێشوودا، چوار جۆر لە ناوی واتایی دیاری کران و لەو چوار جۆرەدا گوترا کە (ئاوەڵناو) بریتییە لە کوانوو و لە بنچینەی ناوی واتایی، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت پۆلینکردنێک پیادە بکرێت لە نێوان ئەو چوار جۆرەدا، بۆ نموونە دوو جۆر لە ناوی واتایی وەک (باریکی، باریکایی) مۆرفیمی ئێستایی هەڵناگرن، بەڵام دوو جۆرەکەی دی (باریکەتی، باریکایەتی) هەڵی دەگرن. لەم پۆلینکردنەدا، ڕێژەی کاری (بوون) کراوە بە ئەندازە و بیروبۆچوونێکی سەیر و نامۆ خراوەتە سەر پەڕەو ڕەنگە بکەوینە بەر ڕەخنە. لەم ئاستەدا، بەڵگەیەک هەیە کە بتوانێت ئەو بۆچوونەی ئێمە پتەو بکات. ئەوەش ئەوەیە کە ئەو دوو جۆرەی کە مۆرفیمی ئێستایی هەڵدەگرن دەتوانن لەگەڵ (ناو)یشدا هەڵبسوورێن، وەک چۆن کاری (بوون) هەڵدەسوورێت. بۆ نموونە، لەگەڵ پاشکۆی (ی) و (ایی)دا ناتوانن بڵێین (چینی) یان (چینایی)، بەڵام دەتوانین لەگەڵ پاشکۆی (ەتی) و (ایەتی)دا، بڵێین (چینەتی) یان (چینایەتی) کەواتە، زەبری مۆرفیمی ئێستایی (ە) دەتوانێت کوانووەکەی لە (ئاوەڵناو)ەوە بگۆڕێت بۆ (ناو) لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر چاوگی (گەشبوون) بریتی بێت لە دایکی ڕیزە ڕێژەیەک لە چەشنی:

من گەش دە بـ(م) : ئێمە گەش دەبـ(ین)
تۆ گەش دە بـ(یت) : ئێوە گەش دە بـ(ن)



ئەو گەش دە بـ(ێت) : ئەوان گەش دە بـ(ن)

ئەوا چاوگی (گەشایەتی) بریتییە لە دایکی ڕیزە ڕێژەیەک لە چەشنی:

من گەش (م) : ئێمە گەش (ین)
تۆ گەش (یت) : ئێوە گەش (ن)
ئەو گەش (ە) : ئەوان گەش(ن)

بێ گومان، ئەگەر بەسەرنجێکی ورد و ژیرانە بڕوانین لە ڕێژەکانی (گەشبوون) و (گەشایەتی)، دەبینین جۆری یەکەم بریتییە لە (بوونی بوونایەتی) و جۆری دووەم بریتییە لە (بوونی ئێستایی). ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی بڵێین کە لە پاشکۆی (ەتی) و (ایەتی)دا ڕێژەی کاری بوون (مۆرفیمی ئێستایی) هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، مۆرفیمی ئێستایی (ە) بەڕوخساری ڕەسەنی (ەت) دەرکەوتووە، چونکە خشێنراوە لە بزوێنی (ی)، کە بریتییە لە ڕەگەزی گشتی بۆ گشت جۆرەکانی (ناوی واتایی).

### ٩- **بەرەنجام و لێکدانەوە:**

* ناوی واتایی لەسەر کوانووی (ئاوەڵناو) دروست دەبێت، کەواتە ئەگەر هەر ناوێکی واتایی پاشکۆکەی فڕێ بدات، ئەوا ئاوەڵناوێک بەجێ دەمێنێت.
* لەبەر ڕووناکیی خاڵی پێشوو، ڕێزمانی (ئاوەڵناو) لە پێشترە و گرینگترە لە ڕێزمانی (ناوی واتایی). کەواتە، لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت ڕێزمانی (ئاوەڵناو) یەکلایی بکەینەوە، تا بتوانین هەنگاوی گرینگ و زرنگ بکەینەوە لە ڕێزمانی ناوی واتاییدا.

* له ناوی واتاییدا، له جۆری دووەم و چوارەم، مۆرفیمی ئێستایی دەرکەوتووە، کەواتە، تێگەیشتن له ڕێزمانی (ناوی واتایی)، دەبێت هەنگاوی دووەم بێت، له پاش تێگەیشتن له ڕێزمانی (بوون) و له نهێنییەکانی مۆرفیمی ئێستایی.
* له نێو دەقی ئەم نووسینەدا، چوار جۆر له ناوی واتایی دیاری کراون و دەتوانین ئەم ناولێنانە پێشنیاز بکەین بۆیان:

**جۆری یەکەم:** ناوی واتایی پەتی، وەک (ناسکی، مەردی)

**جۆری دووەم:** ناوی واتایی له کاری (بوون)، وەک (ناسکەتی، مەردەتی).

**جۆری سێیەم:** ناوی واتایی جێگەیی، وەک (ناسکایی، تەختایی).

**جۆری چوارەم:** ناوی واتایی بۆ (پەیوەندیی کەسان)، وەک (خزمایەتی، کوردایەتی).

* له ئەو چوار جۆرەدا، سیمای (گشتایەتی)، وەک یەک نییەو بەم چەشنەیە:

**جۆری یەکەم:** گشتییە

**جۆری دووەم:** گشتییە

**جۆری سێیەم:** گشتیی نییە و زۆر بەرتەسکە

**جۆری چوارەم:** ئەم جۆرە گشتییە، بەڵام بەرتەسکە.

* ئەوەی گوترا، دەتوانرێت بکرێت بەنەخشەیەک، وەک:

**یەکەم:** ناوی واتاییی گشتی

– ناوی واتایی (بەرزی)
– ناوی چاوگی بوون (بەرزەتی، بەرزێتی)
– ناوی پێوەندییایەتی (بەرزایەتی)



**دووەم:** ناوی واتاییی تایبەتی (بەرزایەتی)، جێگای بەرز

* جۆری یەکەم، ناوی واتاییی پەتی، بێ بەرییە و بێ لایەنە، چی له کاری (بوون) و چی له (ناوی جێگەیی).
* جۆری دووەم، هەرچەندە بە چەند ڕوخسارێک دەربکەوێت، بەڵام بۆن و بەرامەی کاری (بوون) هەڵدەگرێت. ئەم جۆرە ناوە له (ناوی چاوگ) دەچن بۆ ئاوێتەیەک له چەشنی کاری (بوون) و (ئاوەڵناو)ێکی بەرمەبەست.
* جۆری سێیەم، ناوی واتاییی جێگەیی ئەو جێگەیە دادەبڕێت کە ئاوەڵناوەکەی تێدا خەست بووەتەوە. بۆ نموونە (تەختایی) جێگەیەکی تەختە له ڕووبەرێکی فراوانی بەرز و نزمدا، یان (تاریکایی) جێگەیەکی تاریک دیاری دەکات له ڕووبەرێکی ڕۆشنادا.
* جۆری چوارەم، ناوی واتاییی پەیوەندییایەتی. لێرەدا پەیوەندییەک پەیدا دەبێت کە له نێوان چەند ئاوەڵناوی یەکساندا هەیە، وەک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووری، خزمایەتی... تاد.
* له زمانی نووسیندا، پەڕپووتییەکی بەربڵاو هەیە له بەکارهێنان و هاوێرکردنی ناوی واتاییدا. له ڕاستیدا، کوردیزانە پتەوەکان دەزووری ڕەش و سپی له یەکتری جودا دەکەنەوە، بەڵام بەزەبری زمانی شیری.
* له هەر چوار جۆرەکەدا، ئامرازی ناوی واتایی (ی) بەرجەستەیە و بریتییە له بارگەی خانەی دوایی، ئەم ئامرازە باری (نیمچە بزوێنایەتی) پەسند ناکات و هەمیشە وەک (بزوێن) دەمێنێتەوە.
* له هەندێک جێدا، جۆری یەکەم کورت دەهێنێت، بۆ نموونە بۆ (کوڕ)

یان (کچ) ناوترێت (کوڕی) یان (کچی) بەس دەوترێت (کوڕێنی) یان (کچێنی).

* هەرچەند کە ناوی واتایی لەسەر کوانوو و بنچینەی ئاوەڵناو ڕۆبنرێت، بەڵام ئەو دوو جۆرەی کە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) هەڵدەگرن، دەتوانن (ناو) وەربگرن بەڵام لە ڕووبەرێکی بەرتەسکدا.

* لە ئاوەڵگوزارەدا، ناوی واتایی هەیە لە چەشنی (بەجوانی دانیشت، بەمەردی ژیا، بەژیری فێر بوو، بەپیری فێر نابێت). بێ گومان لەم جۆرە دەستەواژەیەدا ناوی واتای پەتی، لە جۆری یەکەم، دەردەکەوێت.

لە کۆتاییدا ڕەنگە بابەتەکە زۆر بەوردی گەڵاڵە نەکرابێت، بەڵام ئەم نووسینە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە سنوور بەزاندنێک و بریتییە لە دەروازەیەک لە دارستانە چڕەکەی (زمانی نووسین)دا. ئێمە لەو باوەڕەداین کە هێشتا وردکاریی تر ماون و زۆر سەرنجی لاوەکی و پێچاوپێچ هەیە، بەڵام لێرەدا، هەر هیچ نەبێت دەتوانین هەندێک لە بیروبۆچونەکان دەرباز بکەین.

سەرچاوە:


١– مەسعوود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە، بەغدا، ١٩٨٨.

٢– د. ئەو ڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەشی یەکەم (ناو)، بەغدا، ١٩٧٩.

٣– د. شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی: ڕێزمانی بوون و هەبوون، هەولێر، ١٩٩٧.

٤– د. شێرکۆ بابان، دەنگی خپ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە ١١٦، هەولێر ١٩٩٦.





٥– لێژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٦– د. محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٧.

8- M .SWAN & F. Houdart. Pratique de l’englais A a Z, HATIER, Paris 1983.



ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری (رامان)دا، ژمارە (٥٧)ی ساڵی ٢٠٠١، لاپەڕە (١٧٣–١٧٦).

۸

# نابووتکردنی ئامرازی پەیوەندی لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا

**١- دەستپێک:**

لەم ڕۆژانەدا کە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی هەمەجۆر دەردەچێت، زمانی ڕۆژنامەگەریش لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا لە پێشکەوتندایە. لە ڕاستیدا، ئەو هەموو چالاکییە ڕۆژنامەگەرییە وای کردووە کە زمانەکە بجووڵێت و هەنگاوی پێشکەوتن و پەرەسەندن بکاتەوە. بێ گومان لە جۆرە پێشکەوتنی ئاوهادا ڕێزمانێک پێویستە کە سیمای یەکخستن و یەکبوون بخاتە نێو زمانەکەوە. واتە، ئەو ڕێزمانە ببێت بە پاڵێوەرێک بۆ دابێژانی زمانەکە و بۆ لابردنی ئەو کەپەک و ئەو کۆزەرەی کە دانابێژرێن. بەداخەوە، لە زمانەکەی ئێمەدا نە هێشتا ڕێزمانەکە بەهوردی و بەزرنگی نووسراوەتەوە و نە هێشتا هەنگاوی دڵسۆزانەی بۆ نراوە. بەواتایەکی دی دەتوانین بڵێین هێشتا هیچ نەکراوە و ئەوەی دەکرێت بریتییە لە ڕەنجی ئەو ڕۆژنامەوانە دڵسۆزانەی کە بەزەبر و بەبڕشتی زمانی شیری، زمانی نووسین دەجووڵێنین و دەیبەن بەرەو زمانێکی پوختە و بەرەو زمانێک، کە لە مۆرکی ئاخاوتنی ناوچەیی بژارە کرابێت. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، کاروانەکە هەر بەردەوامە و ڕۆژانە بەهەنگاوی هێدی و هێواش پێش دەکەوێت، بەڵام ئەگەر ڕێزمانێکی ڕەسەن و دروستی لەگەڵ با، ئەوا هەنگاوی گەورەی دەنا.

سەبارەت بە سەردێری باسەکە، ئێمە تەنها و تەنها هەر (نابووتکردنی ئامرازی پەیوەندی) دەخەینە بەر مەبەست. بێ گومان،



بابەتەکانی نێو ئەم نووسینە کەم و زۆر بڵاو کرانەتەوە و بەڵام بەشێوازێکی جوانتر و ڕەوانتر و ڕێزمانی تر لێیان دەدوێن. بەو هیوایەی کە کەڵکی هەبێت بۆ زمانی ڕۆژنامەوانان. بەتایبەتی، ئەم جۆرە کێشانە هەرچەند زۆر بچووک بن، بەڵام چەندین جار لە لاپەڕەیەکی نووسراودا دووبارە دەبنەوە. کەواتە، ئەم ئاریشەیە وەک وردە درک وایە و دەبێت ڕووبەری زمانەکەی بۆ ڕابماڵین و هەر هەمووی بچنینەوە. ئەمەش لەپێناوی ئەو مەبەستەدا کە زمانی ڕۆژنامەگەری لە ئاستی ڕۆژگاردا بێت.

**٢- ئامرازی پەیوەندی**

لەم نووسینە تەنها چەند ئامرازێک دەخەینە بەر مەبەست. ئەو ئامرازانەی بریتین لە (بە، لە، بۆ) و ئامرازی ئاراستەی کار (ـە)[(١)].

لە ڕاستیدا، تەمومژێکی زۆر هەیە لە ئاستی ڕێزمانی ئەم ئامرازانەدا، چونکە هەر بەزمانی شیری لێیان دەزانین و (زمانی شیری)یش ناوچەییە و بەبیستن فێری دەبین، نەک بە ڕێزمان.

سەبارەت بەڕوخساری ئامرازەکان، ئامرازی (بە) و ئامرازی (لە) ڕوخساری لکاویان هەیە لەگەڵ جێناوی لکاودا، وەک:

بە (ئەو) : پێ (ی)

لە (ئەو) : لێ (ی)

کەچی ئامرازی (بۆ) هەر یەک ڕوخساری هەیە، وەک:

---

(١) لە ئایندەیەکی نزیکدا، ئامرازەکانی پەیوەندی (بە، لە، بۆ) لە بەرگی کتێبێکدا بڵاو دەکەینەوە. لە کتێبی تردا، ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی (ـە) بەجودایی بڵاو دەکەینەوە.

بۆ (ئەو)  :  بۆ (ی)

لە ئاستی ئامرازی (ـە)دا، زۆر جار ڕوخساری لکاوی جێناوەکە ڕەسەنی ئامرازەکە دەردەخات، وەک:

دامە ئەو: دام (پێ)ی

کەواتە، بەهەڵە نووسراوە (دامە ئەو) و دەبا بنووسرابا (دام بە ئەو). ئەمەو لە هەندێک بۆچووندا، وا پێ دەزانرێت کە ڕوخساری لکاوی ئامرازی (ـە) بریتییە لە (ێ)، وەک:

دامە ئەو  :  دام (ێ)

بێ گومان، ئەم بۆچوونە زارەکییانە، هەر هەموویان دەتوێنەوە لە ئاستی ڕێزمان دا، وەک:

دام (بە) ئەو  :  دام (پێ)ی

کەواتە، نووسەری کورد دەبێت ئەوە بزانێت کە ئەم کێشەیە لە ژێر ڕکێفی ئامرازی (بە)دایە و ئامرازی (ـە) بریتییە لە ئامرازێکی نامۆ لە جەستەی ئەو ڕستەیەدا.

## ٣- بارگەی ئامراز و قەوارەی ئامراز

بارگەی هەر ئامرازێکی پەیوەندی بریتییە لە (ناو) و (کۆمەڵەی ناو). کەواتە، بارگەی ئامرازی پەیوەندی لە ژێر ڕکێفی (کۆمەڵەی ناو)دایە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بارگەیە بۆی هەیە بچووک ببێتەوە و ببێت بەجێناوێکی لکاو لە چەشنی (م، ت، ی، مان، تان، یان)، یان درێژ ببێتەوە، بەو مەرجەی کە ڕێزمانی (برگەی ناو) نابووت نەبێت.



سەبارەت بە چێوە، هەر ئامرازێکی پەیوەندی قەوارەی ڕێزمانی خۆی هەیە و ئەو قەوارەیە لە ئامرازی (لە) و (بە)دا سێ خانەی هەیە، وەک:

| ئامراز | بارگە | پاشپرت |
|---|---|---|
| بە | (هەولێر) | دا |
| لە | (هەولێر) | دا |

لە خانەی یەکەمدا، ئامرازەکە دادەنیشێت و لە خانەی ناوەندا بارگەی ئامرازەکە و لە خانەی کۆتاییدا پاشپرتی ئامرازەکە. لە هەندێک باردا، پاشپرتی ئامرازەکە دەگۆڕێت بە (ەوە). لە ئامرازی (بۆ)دا پاشپرت نییە و خانەی کۆتایی بەبۆشی دەمێنێتەوە و لە گوفتاردا دەرناکەوێت.

## ٤- بەکاربردنی ئامرازی (ـە):

لەسەر ئامرازی پەیوەندی (ـە) ئێمەش بابەتی زۆرمان نووسیوە و لە هەموو گۆشە نیگایەکەوە لێی دواوین. بۆ نموونە، لە ڕێزمانی ئەم کەرەستەیەدا چەند ڕاستییەک هەیە، وەک:

یەکەم: ئامرازی (ـە) هەرچەندە بارگەکەی لە کۆمەڵەی ناو بێت، بەڵام خۆی و بارگەکەی دەبن بەپێکهاتەیەکی بنچینەیی لە کۆمەڵەی کاردا. بەواتایەکی دی، ئامرازی (ـە) لە پەرێز کۆمەڵەی کارادایە.

دووەم: ئامرازی (ـە) لە گشت جێیەک (پێکهاتەی ئاراستەیی) دەبەخشێت بە (کار). بەواتایەکی تر، ئامرازی (ـە) تەنها و تەنها واتای ئاراستەداری دەبەخشێت لە ڕووداوی کارەکەدا.

سێیەم: ئامرازی (ـە) وەک ئاکاری ئاراستەداری دەبەخشێت، هەموو جارێک دەلکێت بەپاشەڵی کارەوە و بەهیچ جۆرێک ناکەوێتە پێشی.

چوارەم: لە هەر جێیەکدا ئامرازی (ـە) بەکار هێنرابێت و ئامرازەکەش ڕەسەن بێت، ئاوەڵکارێکی شوێن، وەک (سەر، دەر، ژێر... تاد) پێویستە، بۆ ئەوەی جێکەوتی ڕووداوی کارەکە دیاری بکات.

پێنجەم: ئامرازی (ـە) ئاوەڵگوزارە (ئاوەڵڕستە) دروست ناکات. هەر لەبەرئەوە سیمای بزۆکی و جێگۆڕی پەسند ناکات. بەواتایەکی دیکە، ئامرازی (ـە) بریتییە لە پێکهاتەیەکی بنچینەیی لە قەوارەی (کار)دا و لە ژێر ڕکێفی ڕێزمانی کۆمەڵەی کاردایە، وەک لە خاڵی یەکەمدا باس کرا.

شەشەم: وەک ئامرازی (ـە) تەنیا ئاکاری ئاراستەداری هەڵە دەگرێت (خاڵی دووەم)، زۆرجار دەبێت بەجێگرەوەی ئەو ئامرازانەی دی، کە ئاراستەدارن[٢]. هەر لەبەرئەوە، ڕوخساری ڕێزمانی ڕستەکان نابووت و پەرپووت دەبێت.

بەم چەشنە، دەبینین چەند خاڵێک هەیە کە ئامرازی (ـە) بخاتە نێو چوارچێوەیەک، بۆ ئەوەی جودا بکرێتەوە بەبەراورد لە ئامرازەکانی دی. لە ڕاستیدا، ئامرازی (ـە) هەچەندە بەڕواڵەت ئاژاوەچی بێت، بەڵام بەڕێزمانەکەی زۆر کەڵکدارە و خزمەتێکی زۆر پێشکەش دەکات، چی بەزمانی نووسین و چی بەڕێزمانەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە چەند جێیەکدا، سیمای پەرپووتی پێوە دەردەکەوێت، وەک:

یەکەم: بەپێی خاڵی شەشەم لە سەرەوە، زۆر جار ئامرازی (ـە) دەخرێتە بری ئامرازی (بۆ، بە) وەک:

(٢) ئاراستەداری بە واتای (dative) بەکار هێنراوە.



ڕۆیشتین (بۆ) هەولێر: ڕۆیشتین (ـە) هەولێر

گەیشتین (بە) هەولێر: گەیشتین (ـە) هەولێر

هۆی ئەم دیاردە نالەبارە ئەوەیە کە ئامرازی (بۆ) و ئامرازی (بە) ئاکاری (ئاراستەداری) هەڵدەگرن و ئامرازی (ـە) دەتوانێت جێیان بگرێتەوە[٣]. لە ڕاستیدا، ئەم مێرووله ڕەشە بەنێو زمانی نووسیندا ڕاوێشکە دەکات. تەنانەت، ڕێزماننووسان بێ بەری نین لەم کەتنە و زۆر جار دوو باری پەیدا دەبێت، کە لە جێیەکدا پەیڕەوی دەکەن و (ـە) دەنووسن و لە جێیەکی دیکەدا، بەبێ ئاگایی، پەیڕەوی ناکەن و ئامرازی ڕەسەنی (بە، بۆ) دەنووسن. بێ گومان.

سەبارەت بەنووسینەکانی ئێمە، ئێمە خۆمان دابەستووە و ببڕای ببڕ ناهێڵین ئامرازی (بە) و ئامرازی (بۆ) بەئامرازی (ـە) جێگیر بکرێت. مەگەر بەهەڵەی چاپ، یان هەڵەی ڕاستکردنەوەی کەسانی دی بکەوێتە نێو نووسینەکەمان.

دووەم: بەپێی خاڵی چوارەم لە سەرەوە، زۆر جار و زۆر بەبێ ئاگایی ئاوەڵکاری شوێن (سەر، دەر، بەر، ... هتد) لا دەبرێت و جێگاکەی دەبێت بە کلۆرییەکی ئاشکرا لە جەستەی ڕستەکەدا.
بۆ نموونە دەگوترێت:

خستنە سەر، خستنەبەر

خستنەدەر، خستنە ژێر، خستنە ناو

خستنە پێش... هتد.

(٣) لە شیکاری واتاییدا، ئامرازی (ـە) جیاوازییەکی هوردی هەیە لەگەڵ ئامرازی (بۆ).

لەم چاوگانەدا زۆر جار ناتەباییەکە بەوە دەردەکەوێت کە ئاوەڵکارەکە لا ببرێت وەک:

شیلان پارەکەی خستە گیرفان

لە جیاتی:

شیلان پارەکەی خستە (نێو) گیرفان

بێ گومان لە هەر جێیەکدا کە ئامرازی (ـە) هەبێت، دووباری شیاو پەیدا دەبێت.

**باری یەکەم:** ئەگەر ئامرازی (ـە) ئاوەڵکارێکی پەسند کرد، ئەوا دەتوانین بڵێین ئامرازەکە ڕەسەنە و بەو ئاوەڵکارە ڕوخسارە ڕێزمانییەکەی ڕاست بووەتەوە، وەک:

دارەکە کەوتە زەوی: دارەکە کەوتە (سەر) زەوی

**باری دووەم:** ئەگەر ئامرازی (ـە) ئاوەڵکارێکی پەسند نەکرد، ئەوا بەنارەوا و بەناڕێزمان کراوە بەجێگرەوەی ئامرازی دی، وەک:

تۆ داتە دەستی : تۆ دات (بە) دەستی

تۆ چوویتە ئەوێ : تۆ چوویت (بۆ) ئەوی

بێ گومان ئامرازی (ـە) لە بنەڕەت و بنچینەوە ئاوەڵکارێک دەخاتە گەڕ و ئەگەر ئەو ئاوەڵکارەی پەسند نەکرد، ئەوا لە ڕستەیەکی سواوی ڕۆژانەدا دەرکەوتووە.

**باری سێیەم:** لە هەندێک زاری ناوچەییدا، زۆر لە ئامرازی (ـە)



دەکرێت کە دەرنەکەوێت، یان ڕۆڵی دەنگسازی خۆی نەچەسپێنێت. بۆ نموونە، دەگوترێت:

بیدە دەستم: بیدەرە دەستم

لە نموونەی یەکەمدا، سێ بزوێنی (ـە) لە یەکتری چەسپ کراون کە بریتین لە:

**بزوێنی یەکەم:** ئەم بزوێنە بریتییە لە دەنگی (ـە) لە بنجی کاری (دان)دا کە بریتییە لە (دە).

**بزوێنی دووەم:** بریتییە لە جێناوی ڕێژەی فەرمان بۆ کەسی دووەمی تاک. ئەم جێناوە لە ڕواڵەتدا بریتییە لە (ـە)، بەڵام لە ناخی بیردا دەنگی خپی (ر) هەڵدەگرێت، وەک (ـەر). ئەو دەنگە شەرمنە تەنها و تەنها هەر بەزەبری بزوێن زیندوو دەبێتەوە، وەک لە نموونەی دووەمدا دەرکەوتووە.

**بزوێنی سێیەم:** بریتییە لە ئامرازی پەیوەندی (ـە) کە لەم نووسینەدا جێی مەبەستە.

ئەمەو لە هەندێک زاردا، ئامرازی (ـە) خپ ناکرێت و ئەویش بەجوانی ڕەسەنی جێناوی ڕێژەی فەرمان (ـە) دەردەخات، وەک (بیدەرە دەستم). بەداخەوە، ڕێزمانە هەژارەکەی ئامرازی (ـە) وای کردووە کە زمانی نووسین بلەوتێت بەم کوێرەوەرییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک نووسەر و زمانەوان بە بەرەواژی لە کێشەکە تێگەیشتوون و بەدەستی مەبەست نموونەی کوێرەکی ئامرازی (ـە) ڕیز دەکەن. ئەوەی سەیرە، ئەوان وا دەزانن زمانی نووسین لووس و نیان دەکەن، کەچی پێی نازانن کە زمانی نووسین لە ڕژێمی ڕێزمان دەردەکەن.

**٥- ئامرازی پرسیار (بۆ):**

لە هەندێک جێی دیکەدا، ئەم ئامرازە باس کراوە، بەڵام لە گشت جێیەکدا، نەفرین لەو ڕاستییە کراوە کە ئامرازی (بۆ) بە (ئامرازی پرسیار) بناسرێت.

لە زمانی نووسیندا، ئامرازی (بۆ) وەک (ئامرازی پرسیار) راوێشکە دەکات و ڕەنگە کەسێک نەبێت کە ساتمەیەک بکات لە ئاستی و بیکات بە (بۆچی)، وەک:

نازانم ئێمە [بۆ (–) ] دەژین؟
تۆ [بۆ (–) ] ناڕۆیت بۆ لای ئەوان؟
ئەم ماڵە [بۆ (–) ] وا تێک چووە؟
[بۆ (–) ] ئێمە نەڕۆین؟

لە هەموو ئەو نموونانەدا، کلۆرییەک هەیە و ئەو کلۆرییە بریتییە لە بارگەی ئامرازی (بۆ)، کە تەنیا هەر بەئامرازی پرسیار (چی؟) پڕ دەبێتەوە، بەم چەشنە:

یەکەم: ئەو کەسەی کە بەڕێزمان و بەزمانی شیری زمانەکە بزانێت دەزانێت کە کلۆرییەک هەیە و دەبێت لە زمانی نووسیندا پڕ بکرێتەوە.

دووەم: هەموو کوردیزانێک تێ دەگات کە پڕکردنەوەی ئەو کلۆرییە، بەئامرازی پرسیار (چی). نابێت بە (ناڕێزمان).

سێ یەم: ئەگەر ئامرازی (بۆ) و ئامرازی (چی) بریتی بن لە ئامرازی پرسیار، ئەدی چۆن دوو ئامرازی پرسیار لە یەک ڕستەدا دەبن بە (هاوجێ) بەڕاستەوخۆیی. هەر لەبەرئەوە، لەگەڵ ریزێکی



گەورەدا بۆ ڕێزماننووسان، نابێت ئامرازی (بۆ) لە خشتەی ئامرازەکانی پرسیاردا ڕیز بکرێت و بەپێچەوانەوە دەبێت لە خشتەی ئامرازی پەیوەندیدا خانەی خۆی هەبێت.

**٦- کەرەستەی (بۆیە):**

لە ئەو بابەتەدا کە لە پێشەوە باس کرا، گوترا کە ئامرازی پەیوەندی (بۆ) نابووت کراوە و کراوە بە ئامرازی پرسیار لە جیاتی (بۆچی؟). لەم کەرەستەیەشدا، جارێکی دی ڕوخسارێکی پەڕپووتکراو بەچەشنی (بۆیە) پێشکەش دەکەین. لە ڕاستیدا، ئەم کەرەستەیە وەک ئامرازی پرسیار (بۆ؟) برەوی زۆرە و زۆر کەس بەبێ ئاگایی لە زمانی نووسیندا پیادەی دەکات. بێ گومان، لە جۆرە ڕوخساری ئاوهادا کلۆرییەک هەیە، وەک:

بۆ ............ یـ (ـە)
بۆ ئەوە یـ (ـە)
بۆ ئەو هۆیە یـ (ـە)

لە نموونەی یەکەمدا، کاری (بوون) بەڕاستەوخۆیی دراوە لە ئامرازی پەیوەندی (بۆ) و ئەمەش پەسند نییە. لە نموونەی دووەمدا، کلۆرییەکە بەئامرازێکی ئاماژەی بێ بارگە، لە چەشنی (ئەوە) پڕ کراوەتەوە. لە نموونەی سێیەمدا، ئامرازی ئاماژە (ئەوە) بارگەی (هۆ)ی هەڵگرتووە. لە ڕێزمانی کوردیدا، نموونەی یەکەم ناتەبایە و نموونەی دووەم و نموونەی سێیەم ڕێزمانین. هۆی ئەم ناتەباییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:

یەکەم: وەک لە پێشەوە گوتراوە، ئامرازی پەیوەندی (بۆ) جووت کراوە

لە ڕێژەی کاری (بوون). واتە، مۆرفیمی ئیستایی (ـە) بارکراوە لە ئامرازەکە.

دووەم: ڕێژەی (بۆیە) هەر چەندە گەیشتبێت بەزمانی نووسین، بەڵام کەنەفت و ناتەواوە بەڕێزمان. بۆ نموونە، ناتوانین ڕێژەی ڕابردوو دروست بکەین بڵێین (بۆ بوو)، کەچی دەتوانین بڵێین (بۆ ئەوە بوو).

سێیەم: بارگەی ئامرازی پەیوەندی بریتییە لە (کۆمەڵەی ناو) و لە جۆرە کەرەستەی ئاوهادا، (کۆمەڵەی کار) کراوە بە (بارگە). هەر لەبەرئەوە ناتەبایی دەرکەوتووە(٤).

### ٧- کلۆرکردنی دەنگی (د):

لە ڕوخساری ئامرازەکانی پەیوەندیدا دەنگی دال تەنها و تەنها هەر لە پاشپرتی (دا)دا دەردەکەوێت، وەک ئامرازی (بە – دا) و ئامرازی (لە – دا). یان، لە ڕوخساری لکاوی ئەو ئامرازانەدا، وەک:

بە ـــ دا ———◄ پێ ـ دا
لە ـــ دا ———◄ تێ ـ دا

ئەو چوار ڕوخسارە لە زمانی ڕۆژانە و لە زارای ناوچەییدا لووس کراون و سووک کراون، وەک:

بە منا : پێما
لە ئیمەیا : تێمانا

---

(٤) لە ئاستی ڕێزمانی کەرەستەکانی (بۆیە، لە بۆ،...) هێشتا تەم و مژ ماوە.



یان لەگەڵ کەسی سێیەمدا دەبن بە:

بە ئەوا : پێ یا
لە ئەوا : تێ یا

لەو ڕوخسارە لکاوانەوە زۆر کەرەستەی پەرپووت و داگۆڕاو پەیدا کراون، وەک:

پێی دا : پێ یا، پیایا، پیا
تێی دا : تێ یا، تیایا، تیا

بێ گومان، لە زمانی نووسیندا، کەم و زۆر ئەو چوار ڕوخسارە دەردەکەون و نووسەران و هۆزانڤانان بەهەوەسی خۆیان گوڵبژێریان دەکەن و بەکاریان دەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕێزمانەکەی ئێمەدا و لەبەر نووکی پێنووسی ئێمەدا تەنها هەر ڕوخساری (پێ ـــ دا) ڕوخساری (تێ ـــ دا) ڕێزدارن.

### ٨- گفتوگۆیەک لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا

**یەکەم:** بزاڤی ڕۆژنامەگەری و زمانی نووسین:

زمانی ڕۆژنامەگەری چی نووسراو و چی بیستراو، ڕۆژانە لە جووڵەدایە و وا دەکات کە زمان بجووڵێت و هەنگاو بکاتەوە بەرەو پێشکەوتن. هەر لەبەرئەوە پێویستە کە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان زمانزان و ڕێزمانزان بن، چونکە زمانی ڕۆژنامەگەری بریتییە لەو تاقیگەیەی کە (زمانی نووسین)ی تێدا پوختە دەکرێت. بێ گومان، (لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریدا)، هەموو ڕۆژێک چەندین وشە و زاراوە و

ڕوخسار و دەربڕین پەیدا دەبن، کەچی هەر ئەوانە دەکەونە بەر برەوی بەکارهێنان کە نامۆنین، چی بەزمانی شیری و چی بەڕێزمانی ڕەسەنی کوردی. بەواتایەکی دیکە، بزاڤی ڕۆژنامەگەری بریتییە لەو ئامێرە بلیمەتەی کە زمانی نووسین هەڵدەسووڕێنێت بەرەو بارێکی باشتر و ڕێزمانی تر.

**دووەم:** ڕێزگرتن لە ڕەگەزە ڕێزمانییەکان

لەم نووسینەدا، گوترا کە هەندێک ئامرازی (ـە) دەخرێتە بری ئامرازی (بە) و ئامرازی (بۆ). ئەم گەمەیەش زۆر گەورەیە و زمانی ڕۆژنامەگەری پڕ کردووە لە کوێرەوەری و هەندێک کەس بەبێ ئاگایی زمانەکەیان پێ پەرپووت کردووە. کەواتە، ڕووبەری ئەو نەخۆشییە گەورەتر کراوەتەوە بەدیاردەی ڕێز نەگرتن لە ڕەگەزە ڕێزمانییەکان و بەکارهێنانیان بەچەشنێک کە ڕێزمانی زمانەکە پەسندی نەکات. بێ گومان، لەم گەمەیەدا، (زمانی نووسین) نزیک دەکەنەوە لە زمانی سواوی ڕۆژانە. بەرانبەر بەوە، ڕەنگە ئەم کردەوەیە لە ڕواڵەتەوە جوان بێت، بەڵام لە ناخەوە، بریتییە لە خۆبەستنەوە بەزاری ناوچەیی سواو و لە سستکردنی ئەو زمانی نووسینەی کە هیوای هەموومانە.

**سێیەم:** ڕێزگرتن لە دەنگە بنەڕەتییەکان

لە زمانی نووسیندا هەندێک دەنگ هەیە کە ڕێزیان لێ نەگیراوە و لە زۆر جێدا دەکەونە بەر ڕەشەبای پەرپووتی، وەک دەنگەکانی (د، ه، ت). لە ڕاستیدا، ئەگەر ئێمە زمانێکی ڕێزماندارمان هەبێت، دەبێت چەند ڕێسایەک دابنێین بۆ ڕێزگرتن لەو دەنگانە. لەم نووسینەدا، بەڕاستەوخۆیی، لە ئامرازی پەیوەندیدا کێشەی دەنگی دال هەیە. واتە، دەنگی دال سووک و لووس دەکرێت لە ئاخاوتندا و ئەو دیاردەیە



هەر بەو چەشنە دەگات بەزمانی نووسین. بێ گومان، دەنگی دال لا نابردرێت بەتەواوی، بەڵکوو جێگیر دەکرێت بەدەنگی (دالی کلۆر) یان (هێی سووک)، کە گرافیمی نییە لە زمانی نووسینی ئەمڕۆدا. لە ڕاستیدا، ئەگەر ئەو ئارێشەیە لە زمانی فەرەنسیدا ڕووی بدابا، ئەوا بەدەنگی (h) چار دەکرا. بەداخەوە، لە زمانەکەی ئێمەدا، نە ئەو گرافیمە هەیە و نە ڕێسایەک هەیە، کە بەرگری بکات لە دەنگی بنەڕەتی و بنچینەیی (دال).

**چوارەم:** قەوارەی ڕێزمانی بۆ ئامرازی پەیوەندی

بەداخەوە، لە فێرگەکاندا ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی هەر بە بەراورد لەگەڵ زمانی دیکەدا دەخوێنرێت. واتە، منداڵانی کورد فێر ناکرێن کە ئامرازی پەیوەندی (قەوارەی ڕێزمانی)ی هەیە و لەو قەوارەیەدا، سێ ژێرخانی هەیە وەک (ئامراز، بارگە، پاشپرت). لە ڕاستیدا، ئەگەر ڕێزمانەکە ئاوها بخوێنرابا، ئەوا کێشە دروست نەدەبوو و ژینگەیەکی ڕێزمانی دروست دەبوو بۆ مشتومڕی نووسەران لەسەر کێشەکانی ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی. لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی نووسین مشت و ماڵ دەکرا و ئەو وردە کێشانە یەکلایی دەبوونەوە و دەکەوتنە ژێر ڕکێفی ڕێزمانەوە. بێ گومان ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک بەو ڕێزمانە کۆمەک بکرێت، ئەوا بەزرنگی و بەبلیمەتی لەو گەمەیەدا یاری دەکات.

**پێنجەم:** بارگەی جێگۆڕ

وەک بارگەی ئامرازی پەیوەندی بریتییە لە (کۆمەڵەی ناو) دەتوانرێت بە (جێناوی جودا) جێگیر بکرێت و پاشان بە (جێناوی لکاو) سەودا بکرێت. لەم گەمە ڕێزمانییەدا، پەنا دەبردرێت بۆ پۆلە

جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) کە جێگۆڕن و بازبازێن دەکەن بەسەر پلیکانەی ڕستەدا. لە ڕاستیدا، گەمەی جێگۆڕکێ بەهیچ جۆرێک هەڕەمەکی و بێ ڕێزمان نییە و هیچ بازێک ئەنجام نادرێت، ئەگەر ئەم هەلومەرجانە لە ئارادا نەبن:

یەکەم: بازی جێگۆڕکێی ڕێزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) هەموو کاتێک ڕووکارێکی دیاریکراوی هەیە و بەرەو سەرەتای ڕستەیە.

دووەم: بازی جێگۆڕکێ ئەنجام نادرێت ئەگەر (جێبازێکی ڕێزمانی) بەرجەستە نەبێت کە بازەکەی پێ بگات.

بێ گومان، ئەگەر بازێکی جێگۆڕکێ بەچەواشەیی ئەنجام نەدرێت، یان بازێکی (بێ ڕێزمان) بەزۆر ئەنجام بدرێت، ئەوا زمانەکە دەبزڕکێت و لەنگی و نەنگی بەجوانی دەردەکەون. بۆ نموونە، لە ڕستەیەکدا، وەک:

پارە (–) بۆت دەنێرم

نەنگی هەیە، چونکە لە پاش بەرکارەکە (پارە) جێباز هەیە و جێناوی جێگۆڕی (ت) بەزۆر وەستێراوە. ئەگەر نا، دەبا بگوترابا:

پارە (ت) بۆ (–) دەنێرم

ئەوەی سەیرە و ئەوەی کە پتەوی زمانەکە پێشان دەدات، ئەوەیە کە، ئەگەر ئەو ڕستەیە بکەین بە (ڕابردوو) ئەوا بازنەدانی جێناوی (ت) نابێت بەلەنگی، چونکە جێبازەکەی پاش بەرکار (پارە) زەوت کراوە، وەک:



پارە (م) بۆت نارد (–)

بێ گومان، لەم ڕستەیەدا ئەگەر بەزۆر باز بەجێناوی (ت) بدەین، وەک لە زاری گەرمیاندا دەڕوات، ئەوا لەنگییەک دروست دەبێت کە زمانی نووسین نەفرینی لێ دەکات، وەک:

پارە (ت) (م) بۆ (–) نارد (–)

دەبا خوێنەری ئازیز تێ بگات کە ڕێزمانی زمانەکە چەند پتەوە، چەند ئەستوورە و چەند بنەمادارە. تۆ بڵێیت، هێشتا نەتوانین بڵێین خانەی (بەرکار) جێبازی هەیە و ئەو جێبازە بۆی هەیە بەکەرەستەیەکی هاوڕێزمان، جێناوی (ت)، پڕ ببێتەوە، ئەگەر خاوەنە ڕەسەنەکەی، جێناوی (م)، بەڕێزمان لا چووبێت.

سەرچاوە:

- د. شێرکۆ بابان، بەرەو ڕێزمانی کوردی، بەرەو نووسین، هەولێر ٢٠٠٠.
- د. شێرکۆ بابان، شرۆڤەکاری ڕێزمانی نووسیندا، هەولێر ٢٠٠٠.
- محەمەد زەهاوی، دەنگی (ک) و پیتی هەمزەی نیگاری لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە ١٤٦، بەغدا ٢٠٠٠.
- د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٨٢.
- د. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، ئەڵمانیا ١٩٧٦.
- د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، گیروگرفتی نووسینی فەرمان لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوەنووسانەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق، دەستەی کورد، ژمارە (٩) ساڵی ١٩٨٢.
- د. نەسرین فەخری، کلۆرکردن و قووتدان و جێگۆڕکێ، هەڵگێڕانەوەی دەنگی

(د)، هۆكار و دەوری زمان لە شێواندنی ڕێزمانەكەدا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (١٤٥)، بەغدا ٢٠٠٠.

- QUENELL & D. HOURQUIN, 6000 Verbs Anglias et leurs Composes from et emplois, Collection BESCHERELLE, HATIER, PARIS 1995.

سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو كراوەتەوە لە گۆڤاری (ڕۆژنامەوانی)دا، ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٠)، لاپەڕە (٥٠- ٥٦).



٩

## زمانی ڕۆژنامەگەری و هەڵسووڕاندنی هەواڵ

### ١- دەستپێك:

لە دیمانەیەكدا، ڕۆژی ٢٠٠١/٧/١١ لەگەڵ بەشداربووانی خولی سەندیكای ڕۆژنامەنووسان، بابەتێكمان پێشكەش كرد لەسەر (زمانی ڕۆژنامەگەری). لەو دیمانەیەدا، هەستمان كرد كە بابەتەكە سەرنج ڕادەكێشێت و زۆر لە بەشداربووان حەز دەكەن زیاتر لێی نزیك ببنەوە. ئێمەش لە لای خۆمانەوە بڕیارمان دا بابەتەكە بكەینە نووسینێكی سەربەخۆ و بڵاوی بكەینەوە.(١)

بێ گومان زمانی ڕۆژنامەگەری ئەو زمانە دەگرێتەوە كە دەزگاكانی بڵاوكردنەوە بەكاری دەهێنن، چی بە (نووسین) وەك ڕۆژنامەكان، چی بە (بیستن) وەك رادیۆكان، چی بە (بینین و بیستن) وەك تەلەڤزیۆنەكان... تاد.

بۆ نموونە لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا، ژمارە هەیە و هەیە ڕۆژانەیە، هەیە هەفتانەیە و هەیە مانگانەیە... كەواتە، زمانی ڕۆژنامەگەری بریتییە لەو زمانەی كە ناوبەناوە و خولی هەیە و لە هەموو ژمارەیەكدا نۆژەن دەكرێتەوە.

لە ڕاستیدا، ئەو جۆرە زمانە بریتییە لەو چیكەنەیەی كە ڕۆژانە (زمانی نووسین) هەڵدەسووڕێنێت و هەڵی دەشێلێت، تا بەهێزتر و

(١) لەگەڵ ڕێز و سەلاومدا بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی كە هانیان دام، كە ئەو دیمانەیە بكەم بەم نووسینە، بەتایبەتی كاك (عبدوڵڵا زەنگەنە).

کاریگەرتر و بڕشتدارتر بێت. بەواتایەکی دی، ڕۆژانە ڕۆژنامەنووسان پێویست دەبن بەزمانێکی پتەوتر بۆ ئەوەی بتوانن هەستی خۆیان بەجوانی دەرببڕن. گومان لەوەدا نییە کە لە جۆرە هەڵوێستی ئاوهادا، بیری ڕۆژنامەنووسی دەکەوێتە گەمەو دەیەوێت هەموو ڕووبەری بیر بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی بیرۆچکەکەی گەمارۆ بدات بە (زمان). کەواتە ڕۆژنامەنووسان، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەزگاکەیان ڕۆژانەیە، وەک ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بزاڤی زمانەوانی پەیدا دەکەن و هەموو ڕۆژێک ئەو بزاڤە هەنگاوێک دەبەنە پێشەوە، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژانە ڕووداوی نوێ دەهێتە کایەوە. واتە، ڕۆژنامەنووسان دەبێت زمانی خۆیان بلوێنن و بی سازێنن لەگەڵ کاروانی پێشڤەچوون و پێشکەوتنی جیهاندا، ئەو جیهانەی کە هەردەم لە گۆڕاندایە و کە هەردەم زمانی ڕۆژنامەنووسان پتر دەپژێنێت.

لە ڕاستیدا، ڕۆژنامەنووسی زرنگ لە هەر هەواڵێکدا و لە هەر هەڵوێستێکدا، دەبێت زمانی زیاتر زمانی بپژێت و زاراوەی نوێ دابهێنێت، چونکە ئەوەی کە لە ڕۆژی پێشوودا بەکاری هێناوە لە ڕۆژی داهاتوودا کۆن بووە و پێویستە کاریگەرتر بکرێت.

## ٢- زمانی پاراو و زمانی نووسین:

بێ گومان، زمانپاراوی هیچ واتایەک نابەخشێت ئەگەر بەهرەی ڕێزمانی لێ دەربکەین، چونکە لە هەر شارێکدا و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا زمانی پاراو هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو زمانە دادی زمانی نووسین نادات لەبەر ئەم هۆیانە:

**یەکەم:** ئەو زمانە پاراوە لە بەکارهێنانی زارەکیدا سواوە و پاراو بووە، نەک لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریدا، یان لە بزاڤی ڕێزمان پەروەریدا.



**دووەم:** ئەو زمانە پاراوە مۆرکی ناوچەیی هەڵدەگرێت و لە هەر جێیەکدا ئاواز و چێژێکی خۆی هەیە. واتە، ئەو کەسەی کە داکۆشان لەو زمانە دەکات بەڕاستەوخۆیی و بەبێ ئەوەی پێی بزانێت داکۆشان لە زاری ئەو ناوچەیە دەکات کە خۆی لێی دەزانێت و بەبێ ئەوەی ئاگای لە ناوچەکانی دی بێت.

**سێیەم:** لە زاری ناو بازاڕی هەر شارێکدا، بەبڕشتی زمانی شیری، زمانەکە پاراوتر دەبێت و سووکتر دەبێت. واتە، ئەوانەی کە زمانەکە ئاسانتر دەکەن، بەبێ ئەوەی لە (ڕێزمان) بزانن، ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدەن. کەواتە، لەو جۆرە زمانە لووس و سووک کراوەدا بەهرەی (ڕێزمان) بێ ناز کراوە و تەنها بەهرەی (وزە بەفێڕۆنەدان) نازدار بووە.

**چوارەم:** لە زاری ناوچەییدا، کەم و زۆر هەندێک لە دەنگەکان پەڕپووت کراون و ئاودیو کراون.

بۆ نموونە لە زاری پاراوی هەندێک ناوچەدا، ڕێژەی ڕانەبردوو لە کاری (هاتن) کە بریتییە لە (دەهێت)، بووە بە (یێ) یان (دێ) یان (تێ). بەئاشکرا دیارە سی دەنگ پەڕپووت کراون، کە بریتین لە (د. هـ. ت).

تۆ بڵێیت، ئەم زمانە پاراوییە ڕووی ئەوەی هەبێت کە بگات بەزمانی نووسین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر گەیشت بەزمانی نووسین، ئەوا دەستەواژەیەکی ناوچەیی و بەرتەسک پەیدا دەبێت و ئەو دەستەواژەیە بەفیلتەری ڕێزماندا بەسفتی تێ ناپەڕێت.

### ٣- ئاکارەکانی زمانی ڕۆژنامەگەری:

لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا، زاری ناوچەیی و زاری سواو مەگەر هەر لە نێو کەوانەدا جێیان بۆ بکرێتەوە. لە ڕاستیدا، زمانی ڕۆژنامەگەری دەبێت (گڕ) بێت و (لووس) نەبێت، لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: وەک زمانی ڕۆژنامەگەری بریتییە لەو ڕووبەرە بەرینەی کە (زمانی نووسین)ی تێدا پەروەردە دەکرێت، دەبێت ئەو زمانە بریتی بێت لە ڕژێمێکی یاسادار. واتە، زمانی ڕۆژنامەگەری دەبێت ڕێزماندار بێت و لە هەموو ڕستەیەکدا یاسا و ریسا ڕێزمانییەکان پیادە کرابن.

دووەم: وەک زمانی ڕۆژنامەگەری ڕووبەرێکی گەورە دادەپۆشێت، زاری پاراوی ناوچەیی کورت دەهێنێت. واتە، ڕەنگە ئەو جۆرە زارە هەر لە لای ئاخێوەرانی شیرین بێت و لە لای کەسانی دی وا نەبێت.

سێیەم: لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، جۆرە زاری ئاوها مۆرکی ناوچەگەری و منمنایەتی هەڵدەگرێت و هەر ناوچەیەک زاری خۆی دەچەسپێنێت. واتە رێگا دوورەکان لە یەکتری جودا دەبنەوە لە جیاتی ئەوەی لە یەکتری نزیک ببنەوە.

چوارەم: زمانی نووسین دەبێت سەنگین و ڕەنگین بێت و ئەتیکێت و تەنتەتەی خۆی هەبێت، یان شێواز و ستایلی خۆی هەبێت. بەواتایەکی دی، زمانی نووسین جودا دەبێتەوە لە زمانی ئاخاوتن و ڕوو دەکات لە (یەکبوون) و لە (سەنگینی) و لە (ڕەنگینی).

پێنجەم: لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا ڕژێمی خاڵبەندی خۆی دەچەسپێنێت. واتە، لە نێو دەقی نووسیندا چەند نیشانەیەک دەنووسرێت کە ناخوێنرێتەوە، بەڵام کاریگەرییەکی گەورە



دەبەخشن بەخوێنەری دەقەکە. لە زاری پاراوی ناوچەییدا، چەند وچان و کەلێن و ئاماژەیەک هەیە کە بەئاسانی ناخرێنە بەر ڕژێمی خاڵبەندی، هەر لەبەرئەوە دەبێت ئەو پارچە ئاخاوتنە دەسکاری بکرێت چی بەڕێزمان و چی بەشێوازی نووسین. بێ گومان (ئاخاوتن) دەبیسترێت، بەڵام (نووسین) دەخوێنرێتەوە. لەم هەڵوێستەدا کە دەقی (زارەکی) بکەین بەدەقی (بینراو) دەبێت دەستکارییەکی ئەوتۆ بکەین کە بابەتی هەواڵەکە ون نەبێت.

شەشەم: لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا زۆر جار زمانپاراوی دەمانخاتە سەر ساتمە و هەڵە. بۆ نموونە، لەوانەیە لە جێیەکدا بنووسرێت (گەیشتە هەولێر) و لە جێیەکی تردا، بنووسرێت (گەیشت بە هەولێر) یان لە دێرێکدا بنووسرێت (دەبێتە مامۆستا) و لە دێرێکی پاشتردا بنووسرێت (دەبێت بە مامۆستا). بێ گومان، ئەو جۆرە هەڵە دووسەرانە لەسەر ڕوومەتی لاپەڕەکان راوێشکە دەکەن و زمانپاراوان هەستی پێ ناکەن و ئەگەر هەستی پێ بکەن هەموو نموونەکان یەک دەخەن، بەڵام بەدیوی هەڵەدا. لەم هەڵوێستەدا، ئەگەر (ڕێزمان) بکەوێتە کار، ڕێزی ئامرازی پەیوەندی (بە) دەگرێت و ڕوخساری دەپارێزێت و لە ئەنجامدا سیمای یەکبوون و پێکچوون دەقە نووسراوەکە دادەپۆشێت.

حەوتەم: زمانی پاراو ئەو زمانە نییە کە لە نێو بازاڕدا سووک کرابێت و سوابێت، بەڵکو ئەو زمانەیە کە لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا پاراو بووبێت و بەبرشت بووبێت. بێ گومان ئەو زبرییەی کە ڕێزمان دروستی دەکات لە لایەکەوە دەکەوێتە بەر (هۆگربوون) و (ڕاهاتن) و لە لایەکی دییەوە دەکەوێتە بەر (سووکبوون) و

(نەرمبوون). لەم هەڵوێستەدا، هێڵی سووری ڕێزمانەکە دەبێت بەپێوەریرێک بۆ بەرهەڵستیکردن لە هەر دیاردەیەک کە ڕوو بکات لە (نارێزمان).

هەشتەم: زمانی پاراوی ڕۆژانە، دەتوانرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت بەڵام نابێت هەموو دەقەکە بگرێتەوە. لە ڕاستیدا، دەتوانرێت ئەو زمانە پاک بکرێتەوە و بژار بکرێت لە دیاردەی (سواوی) و لە ئەتیکێتی ناوچەیی. پاشان، ئەو کەرەستانەی کە سواون، بەکلچووکی ڕێزمان ڕاست دەکرێنەوە، یان ئەو ئەتیکێتە ناوچەییە ئەتیکێتی دەزگا ڕۆژنامەگەرییە جێی دەگرێتەوە.

بەم شێوەیە دەبینین کە زمانی ڕۆژنامەگەری ئاکاری تایبەتی خۆی هەیە و ئەوە پەسند ناکات کە ئاکاری زاری ناوچەیی بالادەست بێت تێیدا.

### ٤- متوربەکردن:

لە هەر بابەتێکدا، کە نوێ بێت، یان لە هەر دەقێکدا، کە نووسەرەکەی بخوازێت بیرۆچکەی نوێ بخاتە ڕوو، پەنادەبرێت بۆ وشەی نوێ، بۆ بەدەستەواژەی نوێ و بۆ زاراوەی نوێ. لە جۆرە هەڵوێستی ئەوهادا نووسەرەکە ڕوو دەکات لە متوربەکردنی نووسینەکەی بەدوو ڕێگا:

**ڕێگای یەکەم:** بەخواستنی وشە و دەستەواژە لە زارە ناوچەییەکان.[٢] بێ گومان، ئەمە کردەوەیەکی جوانە و جێی

(٢) بۆ نموونە ڕۆژنامە نووس دەبێت لە یەکەم هەنگاودا زمانپاراو بێت و ئاگای لە زاری ناوچەیی بێت، پاشان لە دووەم هەنگاودا دەبێت ڕێزمانزان بێت و بتوانێت زاراوەکان هاوسەنگ بکات بە(ڕێسا).



سوپاسە، چونکە ئەوەی کە دەخرێتە ڕوو ئەگەر جوان بێت، دەبێت بەگوڵ و ئەگەر لە جێی خۆیدا نەبێت برەو پەیدا ناکات کەواتە، زۆر زۆر جوانە کە لە بیری هەر نووسەرێکدا ئەو بزاڤە بکەوێتە کار، بەتایبەتی کە بزاڤی زاراوە داتاشین و شەرۆنانی لەگەڵ جووت بکرێت.

**ڕێگای دووەم:** بەخواستنی وشە و زاراوە لە زمانەکانی دی. لەم هەڵوێستەدا ئەو زاراوەیە کە دەکەوێتە بەرچاو یەکسەر دەبێت بەتەوەری گفتوگۆ و زۆر کەسی دی هەوڵی ئەوە دەدات کە وشەیەکی کوردی بخاتە شوێنی. لە ڕاستیدا، خستنەڕووی ئەو زاراوانە بەمتوربەکردن لە نێو کەوانەدا، کەڵکێکی گەورە دەبەخشێت بەزمانی ڕۆژنامەگەری. بەتایبەتی ئەگەر پەنا ببرێت بۆ زاراوە جیهانییەکان. چونکە وەک ئەو وشانە جیهانین و هی هەموو میللەتانن، هی ئێمەشن. ئەوەش بەبیر دەخەینەوە کە وەرگێڕانی هەندێک زاراوەی ئاوها ڕەنگە زیانی لە کەڵکی زۆرتر بێت.[٣]

کەواتە، متوربەکردن کەڵکی زۆرە، چونکە ئەوەی دەکرێت بەسەربار دەکەوێتە بەر مەکینەی زمانی ڕۆژنامەگەری و ئەو مەکینەش ئەگەر هەرسی نەکات، ناهێڵێت ببێت بەخۆراکی زمانەکە، ئەو جۆرە متوربەیە تاکە کەس دای دەهێنێت، بەڵام دەزگایەکی چوست و بلیمەت بڕیاری لەسەر دەدات.

(٣) بۆ نموونە لە کۆمپیتەرەوە زاراوەی (کلیک) و لە مۆبایلەوە زاراوەی (نووکە) چەسپاون و جێی خۆیان گرتووە. بێ گومان وەرگێڕانی ئەو دوو زاراوەیە هیچ کەڵکێکی نابێت، چونکە لە پێشتردا چەسپاون.

## ٥- هەڵسوڕاندنی هەواڵ:

مەبەست لە هەڵسوڕاندنی هەواڵ بریتییە لە چۆنیەتی تاوتوێکردن و چۆنیەتی هەڵشێلانی هەواڵ، بەچەشنێک کە بتوانرێت پێشکەش بکرێت، چی بە بیستەر، چی بە خوێنەر، چی بەبینەر. لە ڕاستیدا، لە هەر هەواڵێکدا کرۆکی بابەتەکە بریتییە لە (ڕووداو) و زەمینەی هەواڵەکە بریتییە لە (ئاوەڵگوزارە). بۆ نموونە، ئەگەر ڕووداوێک ڕووی دا، ئەوا چەند پرسیارێکی ئاوەڵگوزارەیی پەیدا دەبێت، وەک:

* ئایا کەی ڕووی دا؟
* ئایا لە کوێ ڕووی دا؟
* ئایا چۆن ڕووی دا؟
* ئایا چەند جار ڕووی دا؟
* ئایا بۆچی ڕووی دا؟
* ........... تاد

ئەم پرسیارانە دەبن بەفەرش لە ژێر ڕووداوەکەدا و ڕووداوەکە دەرازێننەوە. بۆ نموونە، دەتوانین پرسیاری یەکەم و دووەم وەربگرین، پرسیاری یەکەم لە کاتی ڕوودان دەپرسێت و پرسیاری دووەم لە جێی ڕووداوەکە دەپرسێت، بەم چەشنە:

یەکەم: ئەگەر ڕووداوەکە بریتی بێت لە ڕستەی:

(باران باری)،

ئەوا ئەو ڕستەیە دەبێت بە گوڵی هەواڵەکە.

دووەم: ئەگەر کاتی ڕوودانی ئەو ڕووداوە (دوێنێ) بوو، ئەوا ڕستەکە دەبێت بە:



دوێنێ باران باری

سێیەم: ئەگەر جێی ڕوودانی ئەو ڕووداوە بریتی بوو لە (لە هەولێر)، ئەوا ڕستەکە دەبێت بە:

دوێنێ لە هەولێر باران باری

چوارەم: دەتوانین فەرشی کاتی ڕوودانەکە ڕابخەین، وەک:

دوێنێ .........................

پێنجەم: دەتوانین فەرشی جێگەی ڕووداوەکە لەسەر ئەو فەرشە ڕابخەین، وەک:

دوێنێ لە هەولێر ...............

شەشەم: دەتوانین فەرشی ڕووداوەکە لەسەر دوو فەرشەکەی دی ڕابخەین، وەک:

دوێنێ لە هەولێر باران باری

لەسەر ئەم نموونەیەی دوایی، دەردەکەوێت کە چۆن فەرشەکان لەسەر یەکتری ڕاخراون، بەئاشکرا دیارە کە کام فەرش بەرینترە لە ئەوی دی، یان کام فەرش لە ژێرترە.

حەوتەم: دەتوانین بەیاساکانی جەبر کەوانە بەکار بهێنین، وەک:

[دوێنێ {لە هەولێر (باران باری)}]

لەم نموونەیەدا کەوانەی گەورە [.....] و کەوانەی ناوەندی {.....} و کەوانەی بچووک (......) بەکار هێنراون.

هەشتەم: هەموو ئەو نموونانە ئەگەر بەوردی لێک بدرێنەوە بنەمایەک پەیدادەبێت. وەک:

(کاتی ڕووداو، پاشان، جێگای ڕووداو، پاشان، ڕووداوەکە)

ئێستاش، ئەگەر ڕۆژنامەوانان بەم بنەمایە بکەونە گەمە، دەتوانن هەموو ئەو شپرێوی و پەرپووتییە تەتەڵە بکەن کە لە زمانی ڕۆژنامەگەیدا هەیە. لە ئەنجامدا، دەتوانرێت زمانەکە یەک بخرێت لە ئاستی ئەو سێ بابەتەدا کە باس کران.

پاشان، ئەگەر زمانی ڕۆژنامەگەری بپشکنین، دەبینین کە هاوتاکانی ئەم نموونە نارێکانە بۆیان هەیە کە دەربکەون:

دەشێت بگوترێت:

لە هەولێر باران باری دوێنێ

یان:

باران دوێنێ باری لە هەولێر

یان:

باران دوێنێ لە هەولێر باری

یان:

دوێنێ باران لە هەولێر باری

یان:

لە هەولێر دوێنێ باران باری

یان:



لە هەولێر باران دوێنێ باری

یان:

باران لە هەولێر باری دوێنێ...

ئەگەر گەشتێک بکەین بەنێو ڕۆژنامەیەکدا، دەبینین هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە هاوتاکانی هەن. واتە، تێکەڵوپێکەڵی هەموو هەواڵەکان دەگرێتەوە و بابەتەکە چۆن ئامادەبێت لەسەر لێو هەر ئاوهاش تۆمار دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سیمای (یەکخستن) نییە و ڕۆژنامەوانان شێوازی خۆیانیان هەڵنەبژاردووە لە نووسیندا. لەگەڵ ئەوەدا، ئەگەر دەزگایەک شێوازی خۆی هەڵبژارد و بایەخی دا بە (کات) و بە (جێگەی)ی ڕوودانی هەواڵەکان، ئەوا خزمەتێکی گەورە پێشکەش دەکات بەزمانی نووسین.

## ٦- زەمینەکانی ڕووداو لە هەواڵدا:

لە ئەوەدا کە لە پێشەوە باس کرا، دوو زەمینەی ڕووداو سەودا کران، کە بریتی بوون لە (کاتی ڕووداو) و لە (جێگای ڕووداو). لە ڕاستیدا، چەند زەمینەیەکی دی هەیە کە (ڕووداوێکی ڕووت) بکەن بە (هەواڵێکی پۆشتە). بۆ نموونە، ئەگەر ڕووداوێکی ڕووت بەڕستەیەک دەربڕا، ئەوا چەندین پرسیار لە بیری خوێنەردا، یان لە بیری بیستەردا، دەمێنێتەوە. واتە، ئەگەر گوترا:

چەند خانوویەک ڕووخان

ئەوا لەم ڕستەیەدا پرسیارێک پەیدا دەبێت وەک:

یەکەم: وەک لە پێشتردا باس کرا، زەمینەی (کاتی ڕووداو) پێویستە،

وەک:

(دوێنێ) چەند خانوویەک ڕووخان

دووەم: وەک لە پێشتردا باس کرا، زەمینەی (جێگەی ڕووداو) پێویستە، وەک:

(لە هەولێر)، چەند خانوویەک ڕووخان

سێیەم: لەو ڕووداوەدا، هۆی ڕوودانەکە پێویستە چونکە خوێنەر یان بیستەر دەپرسێت:

ئایا بۆچی چەند خانوویەک ڕووخان؟

چوارەم: بە هەمان شێوە، زەمنێکی تر پێویستە بۆ ژمارەی ئەو خانووانە کە رووخاون، وەک:

ئایا چەند خانوو رووخان؟

پێنجەم: بەهەمان شێوە، زەمینەیەکی دی پێویستە بۆ زانینی چۆنیەتی ڕووخانی ئەو خانووانە، وەک:

ئایا بەچی چەند خانوویەک ڕووخان؟

بێ گومان، چەند زەمینەیەکی دی هەیە، بەڵام گرینگ ترین زەمینە کە (ڕووداو) بکات بە (هەواڵ)، بریتییە لە سیانەکەی بەرایی (کاتی ڕووداو، جێگەی ڕووداو، هۆی ڕووداو). خۆزگە ئەم میکانیزمە دەبوو بەکێشەیەک لە گیانی ڕۆژنامەنووساندا و هەر کەسە و دەستڕەنگینی خۆی نیشان دەدا لەو گەمەیەدا، کە لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا پێویستە.



## ٧- بەرەنجام و گفتوگۆ:

* لە گەمەیەکدا، کە ڕۆژنامەنووس بیەوێت (ڕووداو) بکات بە (هەواڵ)، دەبێت زەمینەکانی ڕووداوەکە دیاری بکات وەک (کاتی ڕووداو) و (جێی ڕووداو) و (هۆی ڕووداو) و هی دی.
* ئەو زەمینانەی کە کرۆکی ڕووداوەکە هەڵدەگرن سیمای (پێشایەتی: الأولویە) دەیانگرێتەوە و دەبێت ئەو سیمایە یەک بخرێت. بۆ نموونە، دەتوانین سیمای پێشایەتی بەم چەشنە دابەش بکەین بەسەر ئەو زەمینانەدا کە لە خاڵی سەرەوەدا باس کراون، وەک:

پلەی یەکەم: زەمینەی هۆی ڕووداوەکە.

پلەی دووەم: زەمینەی کاتی ڕووداوەکە.

پلەی سێیەم: زەمینەی هۆی ڕووداوەکە.

* لە زمانی خەڵکیدا ئەو زەمینانە تێکەڵوپێکەڵ دەکرێن، بەڵام ئەو تێکەڵوپێکەڵییە نابێت بگات بەزمانی ڕۆژنامەگەری. واتە، دەبێت بە (ڕیزی پێشایەتی) تۆمار بکرێن.
* ئەوەی لە خاڵێ پێشوودا گوترا، تەنیا هەر هەواڵێک ناگرێتەوە و دەبێت بکرێت بە فیلتەرێک و سەرپاکی نووسینەکەی پێ بپاڵێورێت.
* سەبارەت بەو کەرەستە بیرکارییانەی کە لەم نووسینەدا بەکار هێنراون، وەک (کەوانە، لاکێشە) ئەوانە تەنیا بۆ دەرخستنی کێشە بەکار هێنراون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو گەمەیە هەر لە پەیدابوونەوە لە بیری هەر هەمووماندا هەیە و هەر هەموومان بەو گەمەیە لە هەواڵەکان تێدەگەین.

سەرچاوە:

– د. شێرکۆ بابان، دیمانەیەک لە ٢٠٠١/٧/١١ پێشکەش کرا، بەبەشداربوونی خولی ڕۆژنامەگەری، لە بارگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان.
– مەسعوود محەمەد، بەرەو ڕاستەشەقامی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٧٨.
– شلێر قادر بەرزنجی، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەدین هەولێر ١٩٨٩.

سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری (ڕۆژنامەوانی)دام، ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە (٣٠٣ – ٣٠٧)



د. شێرکۆ بابان (١٠)

## ماکەکانی شێوەزاری گەرمیان لە زمانی نووسیندا

### ١- دەستپێک:

لە ڕووی ڕستەسازییەوە، نەختێک جیاوازی هەیە لە نێوان شێوەزاری گەرمیان و شێوەزاری سلێمانیدا و ئەو جیاوازییە، بەئاشکرا دەردەکەوێت لە ئاخاوتندا.

لە نووسینەکانی ئێمەدا، ئەو دیاردەیە ناوبردراوە (ئەرکگۆڕکێ) و بەدووورودرێژی باس کراوە. ڕەنگدانەوەی ئەم کێشەیە، زۆر جار بەزمانی نووسینەوە دەردەکەوێت و هەندێک جار ڕێزماننووسانیش بەتێکەڵوپێکەڵی نموونەی لێ ڕیز دەکەن. لە زمانی نووسینیدا هەرچەندە کە شێوەی سلێمانی ڕێچکەی ستاندەردی وەرگرتووە و زۆر جار نموونەی گەرمیانی دەکەوێتە نێو نووسینی ئەو کەسانەوە کە وا دەزانن بەشێوەی سلێمانی دەنووسن.

نموونەیەک بۆ ئەم جیاوازییە بریتییە لە ڕستەی (ئەوان هەڵیانیان گرت) کە دوو جێناوی (یان) هەڵدەگرێت. جێناوی یەکەم، لە ڕیزەکەدا بریتییە لە (بەرکار) و جێناوی دووەم بریتییە لە (بکەر). ئەم ڕستەیە و ئەو ڕستانەی کە هەمان پۆلە جێناو دەکەن بە (بکەر) و (بەرکار) لە هەمان کاتدا، ڕەنگە زۆر ئاسایی بن لە بەر گوێی گەرمیانییەک، بەڵام زۆر بەلەنگی دەردەکەن لە لای کەسانێک کە گەرمیانی نەبن. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە لە شێوەزاری نووسیندا. شێوەی سلێمانی چەسپاوە

و لە ئەو شێوەیەشدا دیاردەی (ئەرکگۆڕکێ) پیادە کراوە، بۆ نموونە لە شێوەزاری سلێمانیدا لە جیاتی ئەوەی بگوترێت (ئەوان هەڵیانیان گرت) دەگوترێت: (ئەوان هەڵیان گرتن). واتە، لە شێوەی سلێمانیدا جێناوەکەی (بەرکار) کە بریتییە لە (یان) دەگۆڕدرێت بۆ جێناوی (ن). ئەم دیاردەیەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە (ئەرکگۆڕکێ)، کە بەکۆی گشتی و بەڕیزە جێناوەکانی (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەگۆڕێن بۆ (م، یت، –، ین، ن، ن). ئەو بابەتانەش کە ئەم ئاریشەیە دەیانگرێتەوە بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

**٢- ئەرکگۆڕکێ لە ڕۆڵی (بەرکار)دا:**

زاراوەی (ئەرکگۆڕکێ) لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕیزە جێناوی (م، یت، – ، ین، ن، ن) ئەرکی بنەڕەتیی خۆیان، کە (بکەر)ە، دەیگۆڕنەوە بەئەرکێکی تر، کە (بکەر) نییە و

**یەکەم**: لە دەمکاتی ڕانەبردوودا:

وەک لە دەمکاتی ڕانەبردوودا هیچ جیاوازییەکی سنتاکسی بەدی ناکرێت لە نێوان شێوەزاری کەرکووک و سلێمانیدا و هەر دوو شێوەزارە کە بەم چەشنە هەردوو پۆلە جێناوەکە، دابەش دەکەن بەسەر (بکەر) و (بەرکار) دا:

* ئەرکی (بکەر): پۆلە جێناوی (م، یت، ێت، ین، ن، ن).
* ئەرکی (بەرکار): پۆلە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان)

بەهەمان شێواز لە ڕێژەی فەرماندا، هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت و دابەشبوونی ئەرکی جێناوەکان بەم چەشنەیە:

* ئەرکی (بکەر): جێناوەکانی (ە، ن)



* ئەرکی (بەرکار): جێناوەکانی (م، ی، مان، یان).

بۆ نموونە: ئەگەر گوترا:

تۆ دە(یان) گر(یت)

ئەوا لە هەردوو زارەکەدا جێناوی (یان) بریتییە لە (بەرکار) و جێناوی (یت) بریتییە لە (بکەر).

یان لە ڕێژەی فەرماندا، ئەگەر گوترا:

تۆ ب (یان) گر (ە)

ئەوا لە هەردوو زارەکەدا جێناوی (یان) بریتییە لە (بەرکار) و جێناوی (ە) بریتییە لە (بکەر).[١]

**دووەم**: لە دەمکاتی ڕابردوودا:

لە ڕابردوودا، بەجوانی و بەوردی ئەو نارێکییە سنتاکسییە دەردەکەوێت.

بۆ نموونە لە هەر چوار جۆرەکەی ڕابردوودا گەرمیانییەک دەڵێت:

– ڕابردووی نزیک: ئەوان هەڵ (یان) (یان) گرت.

– ڕابردووی بەردەوام: ئەوان هەڵ (یان) (یان) دەگرت.

– ڕابردووی دوور: ئەوان هەڵ (یان) (یان) گرتبوو.

– ڕابردووی تەواو: ئەوان هەڵ (یان) (یان) گرتووە.

بەرانبەر بە ئەم ڕستانە، لە زمانی نووسیندا دەگۆڕێت:

– ڕابردووی نزیک: ئەوان هەڵ (یان) گرت (ن).

---

(١) بێ گومان ئەرکی جێناوەکان چەسپە لەگەڵ ئەو دابەشکردنەدا کە لە سەرەوە دیاریکراوە.

– ڕابردووی بەردەوام: ئەوان هەڵ (یان) دەگرت (ن).

– ڕابردووی دوور: ئەوان هەڵ (یان) گرتبوو (ن).

– ڕابردووی تەواو: ئەوان هەڵ (یان) گرتوو (ن).

لەو دوو دەستە نموونەیەدا، بەئاشکرا دیارە کە لە زاری گەرمیاندا جێناوی (یان) لە هەمان کاتدا و لە هەمان ڕستەدا لە دوو ئەرکدایە و ئەو دوو ئەرکەش بریتییە: لە (بکەر) و لە (بەرکار). بەڵام لە دەستەی دووەمدا جێناوی (یان) هەر لە ئەرکی (بکەر) دایە و جێناوی (ن)یش لە ئەرکی (بەرکار)دایە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لەو جیاوازییەی کە لە شێوەزاری گەرمیاندا هەیە. بۆ گەمارۆدانی ئەم ئارێشەیە و لەسەر خشتەی (١) بیست و هەشت نموونەی (بەراوردکراو) ڕیز دەکەین، کە دەتوانن گشت ڕووبەری زمانەکە دابپۆشن و ئەو گەمەیە پیشان بدەن کە لە نێوان ئەرکی (بکەر) و ئەرکی (بەرکار) دا هەیە. لەو گەمە سنتاکسییەدا، دابەشبوونی ئەرکی جێناوەکان بەم چەشنەیە:

١– زاری گەرمیان (کەرکووک):

– ئەرکی (بکەر): (م، ت، ی، مان، تان، یان).

– ئەرکی (بەرکار): (م، ت، ی، مان، تان، یان).

٢– زاری (سلێمانی):

– ئەرکی (بکەر): (م، ت، ی، مان، تان، یان).

– ئەرکی (بەرکار): (م، یت، –، ین، ن، ن).

ئێستاش ئەگەر ئەو جیاوازییە بەراورد بکەین، دەبینین کە کێشەکە لە ئەرکی (بەرکار)دایە و لە نێوان هەردوو شێوەزارەکەدا ئەم میکانیزمە ڕووی داوە:



| زاری کەرکووک | ئەرکگۆڕکێ | زاری سلێمانی |
|---|---|---|
| م | ← | م |
| ت | ← | یت |
| ی | ← | – |
| مان | ← | ین |
| تان | ← | ن |
| یان | ← | ن |

کەواتە، لە زاری کەرکووکدا ڕیزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بەکار دەهێنن لە جیاتی ڕیزە جێناوەی (م، یت، –، ین، ن، ن). ئەم دیاردەیەش خۆی لە خۆی بریتییە لە دیاردەی ئەرکگۆڕکێ، چونکە ئەرکێکی تازە دەبەخشێت بەپۆلە جێناوی (م، یت، –، ین، ن، ن).

### ٣- لە تەواوکەری ئامرازی پەیوەندیدا:

**یەکەم:** لە ڕانەبردوودا

لەم هەڵوێستەدا، هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان هەردوو شێوەزارەکەدا و هەردوولا دەڵێن:

شیلان بۆ (م) دەنێرێت

شیلان بۆ (ت) دەنێرێت

شیلان بۆ (ی) دەنێرێت

شیلان بۆ (مان) دەنێرێت

شیلان بۆ (تان) دەنێرێت

شیلان بۆ (یان) دەنێرێت

بەهەمان شێواز لە ڕێژەی فەرماندا، هیچ جیاوازییەک نییە و لە هەردوو شێوەزارەکەدا دەگۆڕێت:

شیلان بۆ (م) بنێرە

شیلان بۆ (ی) بنێرە

شیلان بۆ (مان) بنێرە

شیلان بۆ (یان) بنێرە

**دووەم**: لە ڕابردوودا

لەم دەمکاتەدا جیاوازییەکە دەردەکەوێت.بۆ نموونە لە زاری کەرکووکدا دەگۆڕێت:

شیلان بۆ (م) (ی) نارد

شیلان بۆ (ت) (ی) نارد

شیلان بۆ (ی) (ی) نارد

شیلان بۆ (مان) (ی) نارد

شیلان بۆ (تان) (ی) نارد

شیلان بۆ (یان) (ی) نارد

بەرانبەر بەم نموونانە و لە زمانی نووسیندا دەگۆڕێت:

شیلان بۆ (–) (ی) نارد (م)

شیلان بۆ (–) (ی) نارد (یت)

شیلان بۆ (–) (ی) نارد (–)

شیلان بۆ (–) (ی) نارد (ین)

شیلان بۆ (–) (ی) نارد (ن)



شیلان بۆ (–) (ی) نارد (ن)

بەسەرنجێکی ژیر و زرنگ لە هەردوو دەستە نموونەکە دەردەکەوێت کە لێرەشدا زاری گەرمیان جێناوەکانی (م، ت، ی، مان، تان، یان)ی بەکار هێناوە لە جێی (م، یت، –، ین، ن، ن)، بەواتایەکی دی، لە شێوەزاری گەرمیاندا دیاردەی ئەرکگۆڕکێ نەچەسپاوە و بەڵام چ لە شێوەزاری سلێمانیدا و چ لە زمانی نووسیندا ئەرکگۆڕکێ چەسپاوە و ڕیزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) ئەرکی خۆیان، کە ئەرکی بەرکارە، سپاردووە بەڕیزە جێناوی (م، یت، –، ین، ن، ن).

### ٤- لە تەواوکەری (بەرکار)دا

**یەکەم:** لە ڕانەبردوودا

لە دەمکاتی ڕانەبردوودا و هیچ جیاوازییەکی سنتاکسی لە ئارادا نییە و هەردوو شێوەزارەکە یەکسانن، وەک:

من باوک (ت) دەبینم

بەهەمان شێواز و لە ڕێژەی فەرمانیشدا، هەردوو زارەکە، هیچ جیاوازییەک پیشان نادەن، وەک:

تۆ باوک(م) ببینە

ئێوە باوک (م) ببینن

**دووەم:** لە دەمکاتی ڕابردوودا

لە ئەم دەمکاتەدا کێشە هەیە و زۆر جار باری تێکەڵوپێکەڵی پەیدا دەبێت وەک:

شیلان باوک (م)ی بینی

شیلان باوک (ت)ی بینی

شیلان باوک (ی)ی بینی

شیلان باوک (مان)ی بینی

شیلان باوک (تان)ی بینی

شیلان باوک (یان)ی بینی

لە شێوەزاری سلێمانیدا، ئەو ڕستە گەرمیانییانە بەم چەشنە وەردەسوورێن:

شیلان باوک (–)ی بینی (م)

شیلان باوک (–)ی بینی (یت)

شیلان باوک (–)ی بینی (–)

شیلان باوک (–)ی بینی (ین)

شیلان باوک (–)ی بینی (ن)

شیلان باوک (–)ی بینی (ن)

ئەم نموونانە لە ڕووی تیۆرییەوە پەیدا دەبن؛ بەڵام بەکارهێنانیان زۆر کەمە و زۆرتر شێوە گەرمیانییەکە چەسپاوە. لە ڕاستیدا، هەرچەند ئەم نموونانە زۆر کەم بن؛ بەڵام (میکانیزمی ئەرکگۆڕکێ) لە پەرەسەندندایە بۆ چەسپاندنیان.

**٥- گفتوگۆیەک لە زمانی نووسیندا:**

وەک لە پێشەوە باسکرا، میکانیزمێک پەیدا بووە لە زمانی کوردیدا بۆ گۆڕینی ڕیزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بۆ ڕیزە جێناوی



(م، یت، –، ین، ن، ن). ئەم میکانیزمەش بۆی هەیە لە چەند بابەتێکدا دەربکەوێت کە بریتین لە:

– ئەرکی (بەرکار) لە ڕستەی ڕابردوودا.

–ئەرکی (تەواوکەری ئامرازی پەیوەندی) لە ڕابردوودا.

– ئەرکی (تەواوکەری بەرکار) لە ڕابردوودا.

بێ گومان، لە ئاستی ئەم بابەتەدا کەڵک و زیان هەیە و زۆر جار چێوەی ڕستەکە بەجۆرێک بادەدرێت کە تەمومژی تێدا دەربکەوێت. هەر لەبەرئەوە گفتوگۆیەک پێویستە بۆ جوداکردنەوەی ئەو کەڵک و زیانە وەک:

**یەکەم:** لە ڕووی کەڵکەوە ئەو میکانیزمەی کە ڕیزە جێناوی بەرکار (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەگۆڕێت بۆ(م، یت، –، ین، ن، ن)، کەڵکێکی گەورەی بەخشیوە، چونکە گرێ کوێرەکەی ترازاندووە و ئەرکی بکەر و بەرکاری دابەش کردووە بەسەر دوو پۆلە جێناوی جیاوازدا. بۆ نموونە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خشتەکە، دەبینین کە ڕستە گەرمیانییەکان هەر ڕیزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بەکار دەهێنن چ بۆ ئەرکی (بکەر). و چ بۆ ئەرکی (بەرکار) لە هەمان ڕستەدا بەرانبەر ئەو ڕستانە دەبینین کە ڕستەکانی زاری سلێمانی ئەرکی (بکەر) دەسپێرن بەپۆلە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بەڵام ئەرکی (بەرکار) دەسپێرن بەپۆلە جێناوێکی دی (م، یت، –، ین، ن، ن). هەر لەبەرئەوە ئێمە ئەم ئەرکگۆڕکێیە بەهەنگاوێکی پەرەسەندن دەناسین و ئەو هەنگاوەش لە زاری گەرمیانەوە بەرەو زاری کوێستان چەسپاوە. لە زمانی نووسیندا، ئەو دیاردەیە جێی

خۆی گرتووە و ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندندایە، تەنانەت نووسەرانی کەرکووک و گەرمیانیش دیاردەی (ئەرکگۆڕکێ) پیادە دەکەن لە نووسیندا.

**دووەم:** لە ڕووی زیانەوە بەبۆچوونی ئێمە هەر لەوە بترازێت کە لە خاڵی یەکەمدا باس کرا چەسپاندنی ئەو میکانیزمە لە هەر بابەتێکی دیدا دەبێت بەهۆی زیادەڕۆیی و زۆر ئاڵۆزکردنی ڕستەی زمانەکە. بێ گومان هەر زیادەڕۆییەک یان هەر ئاڵۆزکردنێک، ڕەنگە لە ڕواڵەتەوە و لە زاری ناوچەییدا بەرەو (پوختبوون) بڕوات، بەڵام لە گەمەی ڕێزمانیدا بەرەو (ئاڵۆزبوون) و (پەرتبوون) دەڕوات وەک:

١– کاتێک کە (جێناوی جودا) دەکرێت بە (جێناوی لکاو) ئاڵۆزی پەیدا دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر لەم دوو ڕستەیەدا:

من بۆ تۆ دەنێرم

من بۆ تۆم نارد

جێناوی نەلکاوی (تۆ) بگۆڕین بەجێناوی لکاوی (ت) وەک:

من بۆت دەنێرم

من بۆتم نارد

ئەوا ئاڵۆزی پەیدا نابێت و جێناوە لکاوەکە بەجوانی لە جێی جێناوەکە جوداکە دادەنیشێت، بەڵام ئەگەر میکانیزمەکە بچەسپێت، ئەوا ئاڵۆزی پەیدا دەبێت لە ڕستەی دووەمدا وەک:

من بۆت دەنێرم

من بۆ(–)م نارد(یت)



لە ڕستەی یەکەمدا، هەر جێناوی (تۆ) کراوە بە (ت)، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا جێناوی (تۆ) کراوە بە (ت) و لە پاشتردا جێناوی (ت)یش گۆڕاوە بۆ (یت) و خراوەتە پاش کارەکە.

٢– بەپێی خاڵی پێشوو، دەبێت دوو ڕێزمان فێر ببین و یەکێکیان ئاساییە بۆ ڕستەی (ڕانەبردوو) و ئەوی تریان ئاڵۆزە بۆ ڕستەی (ڕابردوو). ئەم دیاردەیەش وا دەخوازێت کە یەک لا بگرین و لە هەردوو ڕستەکەدا جێناوی (تۆ) بگۆڕین بۆ جێناوی (ت) و ئەو زیادەڕۆییە لا ببەین کە تەنها و تەنها هەر بەسەر ڕستەی ڕابردوودا دەچەسپێت و هیچ کەڵکێک نابەخشێت بەڕێزمانەکە، بێجگە لە ئاڵۆزکردن.[٢]

٣– لە زمانی نووسیندا، هەرچەندە جۆری دووەم چەسپاوە، بەڵام نموونەی جۆری یەکەم هەر هەیە و بابەتەکە بەجوانی یەکلایی نەبووەتەوە. بۆ نموونە دەشێت لە نووسینی نووسەرێکدا هەردوو نموونەی وەک (بۆتم نارد) و (بۆم ناردیت) ببینرێت. تەنانەت زۆر جار مامۆستایان و پسپۆڕانی ڕێزمانی هەردوو جۆرەکە بەڕاست دەناسن لە بەکارهێناندا و چونکە هێشتا لاپەڕەی (میکانیزمی ئەرکگۆڕکێ) بەسپێتی ماوەتەوە.

٤– وەک ئەو میکانیزمە بەسەر ڕستەی ڕابردوودا دەچسپێت بۆی هەیە کە دوو جار بچەسپێت و جارێک بۆ جوداکردنەوەی جێناوی (بەرکار) و جارێکی دی بۆ ئەرکی تەواوکەری ئامرازەکە وەک:

من ئەوانەم بۆ تۆ نارد

ئێستاش ئەگەر بەرکارەکە (ئەوان) بکەین بەجێناوی لکاو دەڵێین:

(٢) مەبەست لە ئێرەدا بریتییە لە زمانی نووسین.

من بۆ تۆ (یان)م نارد (بە گەرمیانی)

من بۆ تۆ (–) م نارد(ن) (بە سلێمانی)

پاشان ئەگەر جێناوی (تۆ) بکەین بە جێناو (ت)، ئەوا دەگوترێت:

من بۆ (ت) (یان)م نارد (بەگەرمیانی)

من بۆ (ت) (–) م نارد(ن) (بەسلێمانی)

پاشان ئەگەر میکانیزمەکە بچەسپێنین بەسەر جێناوی (ت)دا و بێ گۆڕین بە (یت)، ئەوا ئەم ڕستە ئاڵۆزە پەیدا دەبێت:[3]

من بۆ (–) (–) م نارد (ن) (یت).

بەڕاستی ڕەنگە ئەم ڕستە (پوخت و پاراو)ە جوان و نیان بێت لە ئاخاوتنی ناوچەییدا، بەڵام زۆر دژوارە ئەگەر بەگەمەی ڕێزمانی سەودای بکەین.

٥- لە زمانی کوردیدا، زۆر جار ئامرازی پەیوەندی دەکەوێتە پاش کارەکە وەک:

من ناردم بۆ (تۆ): من ناردم بۆ(ت)

لە جۆرە بابەتی ئاوهادا، میکانیزمەکە ناچەسپێت و جارێکی دی دیواری کێشەکە درزی تێ دەکەوێت. بۆ نموونە لە خاڵی (٢) دا گوترا کە دوو ڕێزمان پێویستە بۆ دەمکاتی (ڕانەبردوو)

(٣) لە شێوەزاری شاری سلێمانیدا، ئەم جۆرە پەرەسەندنە لە برەودایە و دەچێتە پێشەوە، بەڵام نەگەیشتووە بەزمانی نووسین.



و(ڕابردوو)، ئەمجارەش دەبێت بڵێین ڕێزمانەکەی ڕستەی ڕابردوو دوو جۆری هەیە بەپێی ئەوەی کە ئامرازەکە (لە پاش ) یان (لە پێش) کارەکە بێت. بێ گومان ئەم جۆرە کێشە ئاڵۆزانە مەگەر دوو ڕێزماننووس لێی تێبگەن و بەیەکەوە گفتوگۆی لەسەر بکەن.

٦- لەو میکانیزمەدا کە جێناوی تەواوکەری بەرکار دەکەوێتە بەر ئەرک گۆڕکێ وەک:

من نامەکەت (ت) (م) برد: نامەکەکان(–) (م) برد (یت)

بابەتەکە زۆر ئاڵۆزە و زۆر کەم دەچەسپێت و بەڵام هیچ بڕشتێکی ئەوتۆی نییە لە زمان نووسیندا، بێ گومان چەسپاندنی ئەم میکانیزمەکە دەبێت بە هۆی خەستبوونەوە و تاریککردنی ڕێزمانی ڕستەکە، بەرادەیەک کە کەس نەتوانێت سەری لێ دەربکات.

٧- لە بەرەنجامدا:

* ئەو جیاوازییە ستتاکسییەی کە لە زاری کەرکووک و گەرمیاندا هەیە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ زاری سلێمانیدا، هەر لە هەندێک بابەتدا دەردەکەوێت کە بریتین لە:

- ئەرکی بەرکار.
- ئەرکی تەواوکەری ئامرازی پەیوەندی.
- ئەرکی تەواوکەری بەرکاری ڕاستەوخۆ.

لەو ڕووبەرانەدا، چەند مەرجێک هەیە بۆ دەرکەوتنی جیاوازییەکە وەک:

١- لە (دەمکاتی ڕابردوو)دا.

٢- لە (ڕستەی تێپەڕ)دا.

٣- لە (بەکارهێنانی جێناوی لکاو)دا.

له زاری کەرکووکدا ئەگەر ئەو سێ مەرجەی سەرەوە بچەسپێت ئەوا ڕیزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) ڕۆڵی بەرکاریش دەبینن وەک ڕۆڵی بکەر.

* له شێوەزاری سلێمانیدا، دیاردەی ئەرکگۆڕکێ پەیدا بووە و ئەرکی (بەرکار) سپێردراوە بەڕیزە جێناوی (م، یت، –، ین، ن، ن) له جیاتی (م، ت، ی، مان، تان، یان). بێ گومان ئەم دیاردەیە کەڵکێکی گەورەی بەخشیوە و جێناوی (بەرکار)ی بە تەواوی دابڕیوە لە جێناوی (بکەر). بە بۆچوونی ئێمە، دیاردەی ئەرکگۆڕکێ له زاری سلێمانیدا وەک هەنگاوێکی پەرەسەندن پەیدا بووە، چونکە کێشەیەکی گەورەی یەکلایی کردووەتەوە. هەر لەبەرئەوە، بەتەواوی بڵاو بووەتەوە و هەموو ڕووبەرەکەی داپۆشیوە. دیاردەی (ئەرکگۆڕکێ) وەک کەڵکی بەخشیوە بۆ جوداکردنەوەی جێناوی (بەرکار) له جێناوی (بکەر) زیادەڕۆیی پەیدا بووە له پیادەکرنیدا و گەیشتووە بەو جێناوانەی کە له ئەرکی (بەرکار)دا نین.

* لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، بەزیادەڕۆیی دیاردەی ئەرکگۆڕکێ گەیشتووە بە (تەواوکەری ئامرازی پەیوەندی) و بە (تەواوکەری بەرکار). بێ گومان ئەم زیادەڕۆییە بریتییە له کاردانەوەی نێگەتیڤانەی ئەو چارەسەرەی کە بۆ جێناوی (بەرکار) پەیدا بووە.

* له ئاستی ئەرکی (بەرکار)دا، ئەگەر ڕستەیەکی گەرمیانی بچێتە ڕیزەکەوە، ئەوا بەنامۆیی دەردەکەوێت. بۆ نموونە، ڕستەی (هەڵتانمان گرت) نامۆیە، بەڵام ڕستەی (هەڵمان گرتن) نامۆ نییە. له ئاستی تەواوکەری ئامرازدا، زۆر ڕستەی گەرمیانیش ڕیز دەبێت، وەک (بۆتم نارد) له جیاتی (بۆم ناردیت) لەگەڵ (ئەوەشدا نموونەکەی یەکەم ڕووی له (کزی)یە و نموونەی دووەم ڕووی له (پتەوی)یە. له ئاستی تەواوکەری بەرکاردا، هێشتا شێوە گەرمیانییەکە پتەوە و خۆی گرتووە



و چونکە ئەو نموونەیەی کە ئەرکگۆڕکێ پیادە دەکات زۆر ئاڵۆز دەبێت.

له زاری گەرمیاندا، دیاردەی ئەرکگۆڕکێ پیادە ناکرێت، بەڵام له زاری سلێمانیدا پیادە دەکرێت. کەواتە دپاردەی (ئەرکگۆڕکێ) بریتییە له ئەو جیاوازییەی کە له نێوان زاری کەرکووک و سلێمانیدا هەیە. له ئاستی زمانی نووسیندا، پێویستە نەهێڵین زیادەڕۆیی بکرێت و نەهێڵین تەشەنەی ئەو بابەتە له سنووری دیاریکراوی (بەرکاری ڕاستەوخۆ) بترازێت، چونکە گەمە ڕێزمانییە کە یەکجار ئاڵۆز دەبێت.

* بۆ دیاریکردنی (دروست) و (نادروست) له ئاستی زمانی نووسیندا، هەر سێ بابەتەکە بۆ هەر شەش کەسە ڕێزمانییە دەکەین، بەخشتەیەک. (خشتەی٢).

سەرچاوە:


١– د. شێرکۆ بابان نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار، دەزگای ئاراس – هەولێر ١٩٩٩.

٢– نووری عەلی ئەمین، ئەرک و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان له ئاخاوتنی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٧.

٣– د. جەمال نەبەز، ڕەخنەی زمانەوانی و لیسی کوێرانە هاویشتن، گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە (٩) تەمووزی ١٩٧٨.

٤– د. ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەشی دووەم جێناو، بەغدا ١٩٨٧.

٥– د. ڕەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠١.

٦– د. شێرکۆ بابان، شێوەزاری گەرمیان بە بەراورد، گۆڤاری (هاواری کەرکووک)، ژمارە (١) هەولێر ,١٩٩٨


سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە له گۆڤاری (نەوشەفەق)دا ژمارە (٤٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، لاپەڕە (١٠٤– ١١٥).

خشتەی (١): خشتەی بەراورد

| رستەی بنجی | | زاری سلێمانی | زاری گەرمیان |
|---|---|---|---|
| ١- تۆ منت | نارد | نارد (ت) (م) | نارد (م) (ت) |
| ٢- ئەو منی | نارد | نارد (–) (م) (ی) | نارد (م) (ی) |
| ٣ـ ئێوە منتان | نارد | نارد (تان) (م) | نارد (م) (تان) |
| ٤- ئەوان منیان | نارد | نارد (یان) (م) | نارد (م) (یان) |
| ٥- من تۆم | نارد | نارد (م) (یت) | نارد (ت) (م) |
| ٦- ئەو تۆی | نارد | نارد (–) (یت) (ی) | نارد (ت) (ی) |
| ٧- ئێمە تۆمان | نارد | نارد (مان) (یت) | نارد (ت) (مان) |
| ٨- ئەوان تۆیان | نارد | نارد (یان) (یت) | نارد (ت) (یان) |
| ٩- من ئەو م | نارد | نارد (م) (–) | نارد (–) (م) |
| ١٠- تۆ ئەو ت | نارد | نارد (ت) (–) | نارد (–) (ت) |
| ١١- ئەو ئەو ی | نارد | نارد (ی) (–) | نارد (–) (ی) |
| ١٢- ئێمە ئەومان | نارد | نارد (مان) (–) | نارد (–) (مان) |
| ١٣- ئێوە ئەو تان | نارد | نارد (تان) (–) | نارد (–) (تان) |
| ١٤- ئەوان ئەو یان | نارد | نارد (یان) (ن) | نارد (–) (یان) |
| ١٥- تۆ ئێمە ت | نارد | نارد (ت) (ین) | نارد (مان) (ت) |
| ١٦- ئەو ئێمە ی | نارد | نارد (–) (ین) (ی) | نارد (مان) (ی) |
| ١٧- ئێوە ئێمە تان | نارد | نارد (تان) (ین) | نارد (مان) (تان) |
| ١٨- ئەوان ئێمە یان | نارد | نارد (تان) (ین) | نارد (مان) (یان) |
| ١٩- من ئێوە م | نارد | نارد (م) (ن) | نارد (تان) (م) |
| ٢٠- ئەو ئێوەی | نارد | نارد (–) (ن) (ی) | نارد (تان) (ی) |
| ٢١- ئێمە ئێوەمان | نارد | نارد (مان) (ن) | نارد (تان) (مان) |
| ٢٢- ئەوان ئێوەیان | نارد | نارد (یان) (ن) | نارد (تان) (یان) |
| ٢٣- من ئەوانم | نارد | نارد (م) (ن) | نارد (یان) (م) |
| ٢٤- تۆ ئەوانت | نارد | نارد (ت) (ن) | نارد (یان) (ت) |
| ٢٥- ئەو ئەوانی | نارد | نارد (–) (ن) (ی) | نارد (یان) (ی) |
| ٢٦- ئێمە ئەوانمان | نارد | نارد (مان) (ن) | نارد (یان) (مان) |
| ٢٧- ئێوە ئەوانتان | نارد | نارد (تام) (ن) | نارد (یان) (تان) |
| ٢٨- ئەوان ئەوانیان | نارد | نارد (یان) (ن) | نارد (یان) (تان) |





خشتەی (٢):

| بابەت | زاری گەرمیان (کەرکووک) | زاری کوێستان (سلێمانی) |
|---|---|---|
| رۆڵی بەرکار (شێوەزاری سلێمانی دروستە). | | ئەوان هەڵ (یان) گرت (م)<br>ئەوان هەڵ (یان) گرت (یت)<br>ئەوان هەڵ (یان) گرت (–)<br>ئەوان هەڵ (یان) گرت (ین)<br>ئەوان هەڵ (یان) گرت (ن)<br>ئەوان هەڵ (یان) گرت (ن) |
| تەواوکەری ئامرازی پەیوەندی (شێوەزاری کەرکووک دروستترە). | ئەوان بۆ (م) (یان) هەڵگرت<br>ئەوان بۆ (ت) (یان) هەڵگرت<br>ئەوان بۆ (ی) (یان) هەڵگرت<br>ئەوان بۆ (مان) (یان) هەڵگرت<br>ئەوان بۆ (تان) (یان) هەڵگرت<br>ئەوان بۆ (یان) (یان) هەڵگرت | |
| تەواوکەری (بەرکار) (شێوەزاری کەرکووک دروست ترە). | ئەوان براکە (م) (یان) ناردبوو<br>ئەوان براکە (ت) (یان) ناردبوو<br>ئەوان براکە (ی) (یان) ناردبوو<br>ئەوان براکە (مان) (یان) ناردبوو<br>ئەوان براکە (تان) (یان) ناردبوو<br>ئەوان براکە (یان) (یان) ناردبوو | |

۱۱

# کاری (بریتی بوون لە....) لە زمانی نووسیندا

## ١- دەستپێک

یەکێک لە سیماکانی زمانی نووسین بریتییە لە بەکارهێنان و ئەرکرێژکردنی هەندێک دەستەواژەی نوێ، ئەوەش بۆ ئەوەی لادانێک، لە زمانی نێو کۆلان بهێننە کایەوە.[١]

بەداخەوە، زمانی نووسین هەرچەندە زۆر هەنگاوی بەرەو (پوختەبوون بەرێزمان) ناوە بەڵام هێشتا وەک پێویست خزمەت نەکراوە. هێشتا دەستەواژەی سواو و بێ ئارایشت برەویان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دەستەواژەی ڕەنگین و ڕەسەن هەیە کە کەم و زۆر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەکەونە بەرچاو. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە زمانەکە لە ڕووی ڕێزمانەوە بێ خزمەتە. یەکێک لەو دەستەواژانە بریتییە لە (بریتی بوون لە...).

لە ڕاستیدا، بەبرشتی زمانی شیری هەر هەموومان دەتوانین بەکاری بهێنین، بەڵام لە ڕووی ڕێزمانەوە بەتەواوی ئاشنا نین لە بەکارهێنانی. هەر لەبەرئەوە، هەندێک جار لە نووسیندا بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە چەندین جێی تردا، کە پێویستە بەکار بهێنرێت فەرامۆش دەکرێت. لەم نووسینەدا، دەستەواژەی (بریتی بوون لە...) دەخەینە بەر پشکنین، بەو هیوایەی بتوانین نەختێک لەو تەمە بڕەوێنینەوە کە ڕێزمانی ئەم دەستەواژەیەی داپۆشیوە.

---

(١) مەبەست لە زمانی ئاخاوتنی ناوچەییە کە زۆر جار بەزمانی (لا کۆلان) دەناسرێت.



## ٢- بچینە و بنەڕەتی (بریتی لە...)

گومان لەوەدا نییە کە دەستەواژەی (بریتی لە...) بریتییە لە یەکێک لە ڕوخسارەکانی کاری (بوون). لە زمانی کوردیشدا دوو جۆر (بوون) هەیە وەک:

یەکەم: بوونی بوونایەتی وەک:

من جوان دەبم: ئێمە جوان دەبین
تۆ جوان دەبیت: ئێوە جوان دەبن
ئەو جوان دەبێت: ئەوان جوان دەبن

دووەم: بوونی ئێستایی وەک:

من جوان(م): ئێمە جوان(ین)
تۆ جوان(یت): ئێوە جوان(ن)
ئەو جوان(ە): ئەوان جوان(ن)

لەم ئاستەدا، ئەگەر کاری (بریتی لە...) بەراورد بکەین بەو دوو جۆری (کاری بوون)، بەئاشکرا و بەڕوونی دەبینین کە دەچێتەوە سەر جۆری دووەم (بوونی ئێستایی)، چونکە دەگوترێت:

من بریتی (م) لە.... : ئێمە بریتین لە....
تۆ بریتی (یت) لە.... : ئێوە بریتی (ن) لە...
ئەو بریتی یە (ـە).... : ئەوان بریتی (ن) لە....

بەسەرنجێکی ورد و زرنگ، دەردەکەوێت کە هەردوو کارەکە (بوونی ئێستایی) و (بریتی لە...) لەگەڵ سێتە جێناوی (م، یت، ـە، ین، ن، ن)

سەودا کراون. لە بەرانبەردا، کاری (بوونی بوونایەتی) بەسێتە جێناوی (م، یت، ێت، ین، ن، ن) سەودا کراوە. هەر بۆ بەراورد ئەگەر سەرنج بدەین لە هەردوو سێتە جێناوەکە دەبینین لە کەسی سێیەمی تاکدا جیاوازیان هەیە. ئەو جێناوە، لە سێتەکەی (بوونی ئێستایی)دا بریتییە لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، بەڵام لە سێتەکەی (بوونی بوونایەتی)دا بریتییە لە (ێت). واتە، لەگەڵ کاری (بریتی لە...) بریتییە لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) وەک:

ئەم ئیشە بریتی یە (ـە) لە ئەرکی ئێمە

کەواتە، بەکورتی و بەکوردی دەستەواژەی (بریتی لە...) لەگەڵ (بوونی ئێستایی)دا وەردەسوورێت. بەواتایەکی دی، ئەم دەستەواژەیە بریتییە لە دارِشتەیەکی کاری (بوونی ئێستایی).(٢)

### ٣- دەستەواژەی (بریتی لە...) لە زمانی نووسیندا

لە زمانی نووسیندا، دەستەواژەی (بریتی لە...) بریتییە لە ئارایشتکەرێکی بەکار و کاریگەر بۆ جوانکردن و پوختەکرن. لە لایەکی ترەوە، کاری (بریتی لە...) دەبێت بەئەتیکێتێکی جوان بۆ بەرزکردنەوەی شکۆی (زمانی نووسین) و جوداکردنەوەی لە زمانی میللی. بۆ نموونە، سەیری هەر تێکستێک بکەیت، دەبینیت کە پڕە لە دەستەواژەی (ڕێژ و پەڕپووت)، وەک:

ئەم ئیشە ئەرکی ئێمەی دڵسۆزی گەل و نیشتمانە

(٢) هەندێک جار دەگوترێت (ئەم ئیشە بریتی دەبێت لە...). لە ئەم جۆرە نموونەیەدا، دەمکاتی ئایندەی کاری (بوونی ئێستایی) بەکار هێنراوە، نەک کاری (بوونی بوونایەتی)، کە هەردوو ڕێژەکە لەیەکتر دەچن.



بەرانبەر بەم نموونەیە، دەبینین کە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) کەوتووەتە پاشەوە، بەڵام دەشێت بگوترێت:

ئەم ئیشە بریتی یـ (ـە) لە ئەرکی (ئێمەی دڵسۆزی گەل و نیشتمان)

ئێستاش، ئەگەر ئەو شێوازە نووسینە بەراورد بکەین، دەبینین لە جۆری دووەمدا، دەستەواژەی (بریتییە لە...)، ڕستەکەی ئارایشت کردووە و ئەو پرێستیژەی داوە پێی کە شایستەی ئەوە بێت لە زمانی نووسیندا بەکار بهێنرێت.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەم دەستەواژەیە ئەگەر بەوردی بەکار بهێنرێت، ئەوا بەشێک لە زمانی نووسین قاڵ دەکرێت لەو خەوشانەی کە لە دەرگای (ناڕێزمان)ەوە تێی کەوتووە.

### ٤- بارگەی کاری (بریتی لە...)

بارگەی کاری (بریتی لە...) بریتییە لەو دەستەواژەیەی کە ئامرازی پێوەندی (لە) هەڵی دەگرێت، وەک:

ئەم ئەرکە بریتییە لە (ئەرکی تۆ)

لێرەدا، دەستەواژەی (ئەرکی تۆ) بریتییە لە بارگەی (بریتی لە...).

لە زمانی کوردیدا، ئەو بارگەیە بریتییە لە (ناو) یان لە (کۆمەڵەی ناو). بەواتایەکی دی، ئەو بارگەیە بریتییە نییە لە (کۆمەڵەی کار)، یان لە (ئاوەڵناو). بێ گومان، ئەوەی لە ڕێزمانی کۆمەڵەی کاردا هەیە لەو بارگەیەدا جێی دەبێتەوە.(٣)

(٣) واتای کاری (بریتی لە...) ڕوودەکات لە پێکهاتەی بکەری ڕستەکە لە بارگەکەی ئامرازی (لە...)دا.

## ٥- بنیاد و چێوەی (بریتی لە...)

لە ڕووی بنیـادی ڕێزمـانیـیـەوە، چێـوەی کـاری (بریتـی لە...) لە چوار مژاری ڕێزمانی پێک هاتووە، وەک:

بریتی | یـ(ە) | لە | ئەرکی تۆ

- ئەرکی تۆ ← بارگەی ئامرازی (لە)
- لە ← ئامرازی پێوەندی (لە)
- یـ(ە) ← ڕێژەی کاری (بوونی ئێستایی)
- بریتی ← پێکهاتەی بنەڕەت لە کاری (بریتی بوون لە...

لەو چوار پێکهاتەیەدا چەند ئاکارێک هەیە، وەک:

پێکهاتەی یەکەم: بریتییە لە وشەی (بریتی)، کە نەگۆڕە.

پێکهاتەی دووەم: بریتییە لە گشت ئەو ڕێژانەی کە گەرداننامەی کاری (بوونی ئێستایی) پێک دەهێنن.

پێکهاتەی سێیەم: لە ئامرازی پێوەندی (لە) کە نەگۆڕە.

پێکهـاتەی چوارەم: بـریتـیـیـە لە بارگـەی ئـامـرازی (لە) لەم بارگـەیەدا ڕێزمانی (کۆمەڵەی ناو) جێی خۆی دەکاتەوە.

## ٦- پوختەکاری

* دەستـەواژەی (بریتی لە...) لە زمـانـی نووسـیـندا، زۆر بێ نازە و زۆر کـەم بەکـار دەهێنرێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەو دەسـتـەواژەیە زمـانـی نووسـین بەرز دەکـاتەوە، چـی لە ڕووی ئەتـیکێـتـەوە و چـی لە ڕووی



ئارایشتی ڕێزمانییەوە.

* دەسـتــەواژەی (بریتی لە...) بریتـیـیـە لە یەکـێـک لە ڕوخـسـارە داڕێژراوەکـانی کـاری (بوونی ئێـسـتـایی). بەواتایەکی دی، ئەم دەستەواژەیە بریتییە لە داڕشتەیەکی کاری (بوونی ئێستایی)، بۆ دەرخستنی پێکهاتەی (بکەری ڕستەکە).
* دەسـتـەواژەی (بـریتی لە...)، لە چوار پێکـهـاتـەی ڕێزمـانی دروست بووە. یەکەمـیـان بـریتـییە لە وشـەی (بریتی)، دووەمـیـان بـریتـیـیە لە ڕێژەی کاری (بوونی ئێستایی)، سێیەمیان لە ئامرازی پێوەندی (لە) و چوارەمیان بریتییە لە بارگەی ئامرازی (لە).
* بارگەی دەستەواژەی (بـریتی لە...) بریتییە لە بـارگەی ئامـرازەکەی پێـوەندی (لە). وەک ئەم ئامرازە لـەگەڵ کۆمەڵەی ناودا دەردەکەوێت، دەسـتــەواژەی (بریتـی لـە...)یش هـەر لەگــەڵ (کــۆمــەڵەی ناو)دا دەگوزەرێت.
* لە بانێـژەی ئەم نووسـینەوە، پێـشنیـاز دەکەین کـە ڕێزمـانی کـاری (بریتی لە...) ڕەچاو بکرێت لە ئـاستی زمـانی نووسیندا، تا لە زمـانی میللییەوە بچێتە سەر ڕێچکەی زمانی ڕێزماندار.
* وەک حـەشـارگـەیەکی ڕێزمـانی کـوردی، ئـامـرازی پێـوەنـدی (لە) لە کـاری (بریتی لە...)دا، ناشـێت بخـرێتـە سـەر شـێـوەی لکاوی (لێ). جــۆرە دیاردەی ئاوهـا زۆر دەگــمــەن و نـووتەکــە، چونکە گــشت ئامرازێکی (لە) بۆی هەیە بکرێت بە(لێ).

لە کـۆتاییـدا، بەهیـوایـن خـزمـەتێکی بچـووکمـان پێـشکەش کـردبێت بەکاری (بریتی لە....) و بەزمانی نووسین.

سەرچاوە:
١- د. شێرکۆ بابان، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی ڕێزمانی بوون و هەبوون، هەولێر، ١٩٩٧.
٢- د. نەسرین فەخری، وەستانێک لە ئاستی هەردوو فەرمانی (بوون) و (هەبوون) و (هە) و (هی)دا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق، دەستەی کورد، بەرگی (٢٣-٢٤)، بەغدا، ١٩٩٢.

سەرنج: ئەم نووسینە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری (ڕامان)دا، ژمارە (١٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، لاپەڕە (١٤٣ - ١٤٥).



١٢

## پوختەی ڕاسپاردەکان

لە دوو توێی ئەم کتێبەدا، چەند خاڵێک هەن، کە دەشێت بکرێن بەڕاسپاردە، بۆ ئەوەی لە ئاستی زمانی نووسیندا کەڵک ببەخشن، وەک:

- پاراستنی دەنگی (ت) لە هەردوو جێناوی لکاوی (یت) و (ێت)دا و بەرجەستەکردنیان بەڕێنووس لە زمانی نووسیندا.
- پاراستنی کەرەستەی (ب)، لە نموونەیەکدا وەک (تۆ هەڵ بگرە) و بەرجەستەکردنی بەڕێنووس. ئەم ڕەگەزە تەنها هەر بەنیشانەی (نەرێ) بۆی هەیە ئاوێتە ببێت و لە ڕیزەکەدا ونبێت.
- ئامرازی پەیوەندی (ـە) لە پەرێزی ڕێزمانی کاردایە و بەس. لە ڕێزمانی کاردا، ئەو ئامرازە ئەرکی ڕاگوێزی دەبینێت، بۆ ڕاگوازتنی (ڕووداوی کار) بۆ سەر پێگەیەکی ئاوەڵکاری.
- دەبێت و دەشێت هێڵێکی سوور بکێشین لە نێوان ڕێزمانی ئامرازی (ـە) و ڕێزمانی ئامرازەکانی تر وەک (بە، لە، بۆ). لە ئاستی ئەو هێڵەدا، دەبێت ڕەش و سپی لە یەکتری جودا بکەینەوە و نەهێڵین ئامرازی (ـە) ببێت بە(جێگرەوە) بۆ ئامرازەکانی تر و دەبێت هەر لە پەرێزی خۆیدا دەربکەوێت، وەک لە خاڵی پێشوودا دیاری کرا.
- لە ئاستی ڕێنووسدا، نابێت و ناشێت دەنگی (ک) لە کەرەستەی (ێک)دا فەرامۆش بکەین. ئەم کەرەستەیە بریتییە لە ڕەگەزێکی ڕێزمانی گرنگ، دەشێت وەک چۆن بەواتا و بەڕامان بەرجەستەیە،

هەر ئاوهاش بەڕوخساری تەواوی ڕێنووسکراو بەرجەستە بکرێت.

– هەندێک کاری زمانەکە هەیە کە بەئاخاوتنی ناوچەیی پەرپووت کراون. بۆ نموونە، کاری (هاوێشتن) و (هاتن) ئەو جۆرە کێشەیان هەیە. لە ئاستی زمانی نووسیندا، دەبێت ئەم دوو کارە ئارایشت بکرێنەوە بەڕێزمان.

– هەرچەندە لە زمانی نووسیندا چەسپاوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە دەنگی (ژ) لە کاری (هاوێژتن) و هاوتاکانیدا بەدەنگی (ش) ڕێنووس بکرێت. لە ڕاستیدا، ئەلەفۆنی (ش) نرخی ئەوەی نییە کە جێی فۆنیمی (ژ) بگرێتەوە، چونکە ڕێنووسی زمانی کوردی فۆنیمییە، نەک ئەلەفۆنی. بەهەمان شێواز، لەگەڵ ئەوەدا نین کە دەنگی (ز) لە کاری (گازتن) و هاوتاکانیدا بەئەلەفۆنی (س) ڕێنووس بکرێت.

– لە ئاستی زمانی نووسیندا، دەبێت دان بنرێت بەئەو ڕاستییەدا کە دەنگی خپ (Silent) هەیە لە دوو کەرەستەدا. یەکەمیان بریتییە لە دەنگی (ت) لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە)دا و دووەمیان بریتییە لە دەنگی (ر) لە جێناوی ڕێژەی فەرمانی ڕاستەوخۆدا (ـە). ئەو دوو دەنگە خپە تەنها و تەنها هەر بە(زەبری بزوێن) دەبووژێنەوە و بێ (زەبری بزوێن) وندا دەبنەوە. ئەم ڕاستییە زەق و ئاشکرایە کۆتایی دەهێنێت بەهەندێک کێشەی ڕێنووس کە زۆر بەنابەجێیی لێکدراونەتەوە و بنەمای ڕێزمانییان نییە.

– لە ئاستی زمانی نووسیندا، دەبێت دان بەئەو ڕاستییەدا بنێین کە سێتە جێناوی (م، یت، ـە، ین، ن، ن) بارگاوین بەمۆرفیمی ئێستایی (ـە). ئەم ڕاستییە ڕێزمانییە و ئەو ڕاستییە ڕێزمانییەی کە لە خاڵی



پێشوودا باس کرا، دەبن بەبنەمایەکی ڕێزمانی بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی بابەتە ئارێشەدارەکان.

– لە ئاستی زمانی نووسیندا، ناشێت و نابێت ئامرازی بەستن (ی) کەڵەکە بکەین و بەبێ ئاگا ئامرازی (ی) بخەینە جێی ئامرازی پەیوەندی. لە بابەتی (٦)دا، نموونەیەک پێشکەش کراوە و، لە ئەو نموونەیەدا ئامرازی (ی) جارێک خراوەتە جێی ئامرازی پەیوەندی (بە) و جارێکی تر خراوەتە جێی ئامرازی پەیوەندی (لە).

– لە ئاستی زمانی نووسیندا، ناشێت (پێشگری واتاگۆڕ) بار بکەین بەکۆمەڵەی ناو. ئەم زێدەڕۆیییە ڕێزمانی زمانی نووسین دەشێوێنێت، وەک:

* زمانی ئاخاوتن:
  – پێشکەشی (ئێوەی بەڕێز)ی کردووە.
  – ڕەوانەی (شاری هەولێر)ی کردووە.

* زمانی نووسین:
  – پێشکەشی کردووە بە(ئێوەی بەڕێز).
  – ڕەوانەی کردووە بۆ (شاری هەولێر).

وەک لە خاڵی پێشوودا باس کرا، ئامرازی بەستن (ی) خراوەتە بری ئامرازەکانی (بە) و (بۆ). بەواتایەکی تر، دەبێت ڕێز بگرین، چی لە قەوارەی ئامرازی بەستن (ی) و چی لە قەوارەی ئامرازەکانی پەیوەندی.

– لە زمانی نووسیندا، دەبێت بایەخ بدەین بەجۆرەکانی (ناوی واتایی) و دەبێت هەر جۆرێکیان بەپێی ئەرکی ڕێزمانی خۆی بەکار

بهێنرێت، وەک  لە دەروازەی (٧) بەهوردی باس کراوە.

– لە پەرێزی زمانی نووسیندا، زمانپاراوی هیچ کەڵکێک نابەخشێت، ئەگەر پشتگیری نەکرێت بەرێساکانی ڕێزمان. واتە، مەرجی (پەرێزپاکی) لە زمانی نووسیندا، بریتییە لە ڕێزگرتن لە دەنگە بنەڕەتییەکان، لە قەوارەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان و لە دەستەواژە ڕێسادارەکان.

لە ڕاستیدا، زمانپاراوی بریتییە لە (مادەی خاو) لە بەردەست ئەوانەدا، کە بە(ڕێزمان) کۆمەک کراون، نەک ئەوانەی کە زمانپاراون، بەڵام لە ڕێزمان نازانن.

– لە ئاستی زمانی ڕۆژنامەگەریدا، دەبێت ڕۆژنامەنووسان کۆمەک بکرێن بەزەمینەکانی (هەواڵ). ئەو زەمینانەی کەرەستەی (ڕووداوێکی ڕووت) دەکات بەرستەی (هەواڵێکی پۆشتەکراو) بەئاوەڵگوزارەی کات، شوێن، هۆ... تاد. ئەم بابەتە لە دەروازەی (٩)دا بەهوردی باس کراوە.

– لە ئاستی ڕستەسازیدا، هەندێک زێدەڕۆیی هەیە و ڕاستکردنەوەی ئەو زێدەڕۆییانە لەسەر خشتەی (٢) لە دەروازەی (١٠)، بەهوردی باس کراوە. بەبۆچوونی ئێمە، نابێت تەواوکەری ئامرازی پەیوەندی و جێناوی خاوەنێتی لە تەواوکەری بەرکاردا بکەونە بەر (ئەرکگۆڕکێ)، چونکە ڕستەکان دەکەونە بەر (ڕەنجاندن) بەزاری ناوچەیی.

– دەستەواژەی کاری بوونی ئێستایی (بریتی لە.....) بریتییە لە کەرەستەیەکی بەکار لە ئەتیکێت و لە دەستڕەنگینی لە زمانی نووسیندا. ئەم کەرەستەیە، سروشت و پێکهاتەی (بکەر) دەردەخات،



بەبارگەی ئامرازی (لە...). لە جۆری هەلومەرجی ئاوهادا، دەشێت بەدەستێکی وەستایانە، هەندێک لە ڕێژەکانی کاری بوونی ئێستایی بخەینە نێو خشبڕی (بریتی لە....).

لە کۆتاییدا، داوا لە خوێنەری ئازیز دەکەین کە ڕوو بکات لە بابەتەکانی نێو کتێبەکە، بەپێی ناوەڕۆکەکەی، تا بتوانێت بەهوردی تێ بگات لە ڕەگ و ڕیشەی ئەو ڕاسپاردە و بەرەنجامانە و تا بتوانێت بەجوانی لە کێشەکان نزیک ببێتەوە.

# ناوەڕۆک


گـوتەیەک ........ 5
١- پێنج پێشـنیاز بۆ زمانی ڕۆژنامـەگەری ........ 7
٢- کێشـەی کاری (هاوێشـتن) لە زمـانی نووسـیندا ........ 30
٣- ئامـرازی پەیوەندی (لـە) لە زمانی نووسـیندا ........ 39
٤- کێشـەی جێناوی کەسـی دووەمی تاک لە زمانی نووسینـدا ........ 51
٥- بڕگەی دووبارە لە زمـانی نووسـیندا ........ 71
٦- نموونەیەک لە چاکسازی لـە زمانی نووسیندا ........ 90
٧- ڕامانێک لە ئاستی ناوی واتایی لە زمانی نووسیندا ........ 97
٨- نابووتکردنی ئامـرازی پەیوەندی لە زمانی ڕۆژنامـەگەریدا ........ 115
٩- زمانی ڕۆژنامـەوانی هەڵسوڕاندنی هەواڵ ........ 132
١٠- ماکەکانی شێوەزاری گەرمیان لە زمانی نووسیندا ........ 146
١١- کاری (بـریتی بوون لە...) لە زمانی نووسـیندا ........ 163
١٢- پوختەکاری ڕاسپاردەکان ........ 170